

زەواجی موتعە لەنێوان یەکگرتووی ئیسلامیو ئەحمەد میرەدا 9

# کۆ سیخورە؟ 14


دەستوور

رۆژنامەیەکی سیاسی گشتییە، هەفتانە کۆمپانیای سولی تێلیگراف دەریدەکات

٤٠

چوارشەممە

٢٠١٠/٧/١٤

(٢٠) لاپەڕە

نرخ (١٠٠٠) دینارە

www.destur.net


## بەبێ ئاگاداری وەزارەتی پێشمەرگە

# پارتی مەشق بە ١٣٠٠ چەکداری بارزانی دەکات



تایبەت بەدەستوور

بەبێ ئاگاداری وەزارەتی پێشمەرگە، ١٣٠٠ چەکدار کەهەموویان دانیشتووی گوندەکانی دەڤەری بارزانو بۆ فێرگەی سەربازی بنەسڵاوە گواستراونەتەوە، ئێستا لەوێ مەشقیان پێدەکرێت، وەزارەتی پێشمەرگەش بێئاگایی خۆی لەوە رادەگەیەنێت.

بەپێی زانیارییەکانی رۆژنامەی دەستوور، ١٣٠٠ چەکدار کەهەر هەموویان بارزانینو دانیشتووی گوندەکانی دەڤەری بارزانن، لە ٢٠١٠/٦/٢٦ هێنراونەتە فێرگەی سەربازی بنەسڵاوە (قەزای دەشتی هەولێر) بۆ مەشقکردنو ئێستاش دەستبەکاربوون.

سەرچاوەیەکی ئاگادار لەو مەشقە، بەدەستووری وت "ئەو مەشقە دوو مانگ دەخایەنێت، هەموو رۆژێک مەشقیان هەیە، تەنها پێنجشەممەو هەینی مۆڵەتیان دەدرێتێ، تا سەردانیماڵەوە بکەن".

جەبار یاوەر وتەبێژی فەرمی هێزەکانی پاراستنی هەرێم، لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور بێئاگایی خۆیو وەزارەتەکەی لەوە دەربڕی، وتی "وەکو وەزارەتی پێشمەرگە بەهیچ شێوەیەک ئاگامان لەوە نییە کەئێوە دەیڵێن، خۆتان بزانن چییە؟ بچن سۆراغی بکەن".

یاوەر وتی "سوێندەدەخۆم بەهەر پیرۆزییەک هەیە کەئاگام لێی نییە، ئێستا دەیبیستم".

مەشقکردن بەو ١٣٠٠ چەکدارە لەکاتێکدایە کەسەرۆکایەتی هەرێمو حکومەتو وەزارەتی پێشمەرگەش بانگەشەی یەکگرتنەوەو رێکخستنەوەی هێزی پێشمەرگە دەکەن، لەچوارچێوەی ٤ لیوادا کەهەمووی لەژێر رکیفی وەزارەتی پێشمەرگەدایە.

سەرچاوەکە گومانی خۆی لەوە نیشاندا کەئەو ١٣٠٠ چەکدارەوە مەشقپێکردنیان بۆ ئەوەبێت کەپارتی هەوڵی خۆی بدات بۆ ئەوەی زۆرترین چەکداری لەچوار لیواکەدا هەبێت.

سەرچاوەکە وتی "دوورنییە بۆ ئەوەبێت کەجگە لەپێشمەرگەکانی پارتی، بارزانییەکان لەو چوار لیوایەدا بالادەستبن".

# بیرۆکەی دروستبوونی حیزبێکی ئیسلامی شکستیهێنا

مەعاز فەرحان

بیرۆکەی دروستبوونی حیزبێکی ئیسلامی لەکوردستان شکستدەهێنێتو ئەو کەسایەتیو لایەنانەی ئەو هەوڵەیاندەدا، لەئێستادا کۆتاییان بەهەوڵەکانیان هێناوە، بەڵام چاودێران وای بۆ دەچن کەدوورنییە ئەگەر کۆنگرەی کۆمەڵی ئیسلامی کێشەی تێبکەوێت، ئەو بیرۆکەیە سەربگرێت.

بەپێی ئەو زانیارییانەی دەست رۆژنامەی دەستوور کەوتوون، چەند کەسایەتییەکی ئیسلامی لەناو بزووتنەوەو کۆمەڵو چەند کەسێکی بێلایەن، دەیانەوێت حیزبێکی ئیسلامی "مۆدێرن"، درووستبکەن.

دەستوور لەسەرچاوەیەکی ئاگادار لەو رووداوەوە زانیاری ئەوەی دەستکەوتووە، کەهەریەکە لەموشیر گەلاڵی ئەندامی کۆنگرەی کۆمەڵو محەممەدی رازی لەمەکتەبی زانایانی کۆمەڵو موسڵیح کە کەسێکی نزیکە لەعەلی باپیری کۆمەڵی ئیسلامیو شوان هەورامی ئەندامی دەستلەکارکێشاوەی ناوەندی راگەیاندنی کۆمەڵ، لەگەڵ هەریەکە لەمحەمەد بازیانیو سەرباز خۆشناو لەبزووتنەوەو جەمال ئەشرەف قارەمانیو چەند کەسێکی دیکەدا، بەنیازبوون حیزبێکی ئیسلامی دروستبکەن.

زانیاری زیاتر لەلاپەڕە (٥)دا بخوێنەرەوە



لقینو یەکگرتوو و چەند شتێکی تریش... 8

# ژمارەی ئەندامانی کۆنگرەی کۆمەڵ تادێت زیاتردەبێت

دەستوور

سەرچاوەیەکی نزیک لەلیژنەی ئامادەکاری کۆنگرەی دووەمی کۆمەڵی ئیسلامی، رایگەیاند تادێت ژمارەی ئەندامانی کۆنگرە زیاتردەبێت، کە تائێستا ژمارەی ئەندامانی زیادکراوی کۆنگرە گەیشتووەتە ٤٠٠ کەس.

ئەو سەرچاوەیە کەنەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، لەلێدوانێکیدا بەدەستووری وت "ژمارەی ئەندامانی زیادکراوی کۆنگرەی کۆمەڵ نزکبووەتەوە لە ٤٠٠ ئەندام، کە لەلایەن ئەو کەسانەوە هێنراون، مەترسی ئەوە هەیە، دەرنەچنەوە".

بریارە سبەی پێنجشەممە، کۆمەڵی ئیسلامی دووەمین کۆنگرەی خۆی ببەستێتو لەئێستاوە کێشەو ناکۆکی لەنێوان ئەندامانی کۆنگرەدا دروستبووە.

# حیزبی کۆمۆنیست: یەکێتی بەفەرمانی ئێران پەلاماریداین

پ. دەستوور

سکرتێری حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی دەڵێت، پەلامارەکەی ساڵی ٢٠٠٠ی یەکێتی بۆ سەر بنکەو بارەگاو سەرکردەکانی حیزبەکەیو کوشتنی ٥ کادیریان، بەفەرمانی کۆماری ئیسلامی ئێران بووە.

دوای ١٠ ساڵ بەسەر ئەو رووداوەدا، حیزبی کۆمۆنیست داوادەکات یەکێتی دان بەهەڵەی خۆیدا بنێتو قەرەبووی حیزبەکەو خانەوادەی کوژراوەکان بکاتەوە، لەگەڵ دانانان بەئازادی سیاسی بێمەرج لەهەرێمدا.

عوسمانی حاجی مارف سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان، لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور وتی " قەتلوعامەکە بەفەرمانی ئێران بووە، وەک بەڵگەیەکیش رۆژنامەی (کەیهان)ی زمانحاڵی کۆماری ئیسلامی ئێران لەژمارەی رۆژی ٢٠٠٠/٨/١دا، سوپاسنامەی بەرپرسانی باڵای ئێرانی بڵاوکردەوە کەبۆ جەلال تاڵەبانیان ناردووە، لەسەر جێبەجێکردنی بەڵێنەکانیو لێدانو کوشتنو دەستگیرکردنی کۆمۆنیستەکان لەسلێمانی".

عوسمانی حاجی مارف دەڵێت ئەوان تاڵەبانیو نەوشیروان بەتۆمەتباری سەرەکی ئەو پەلامارە دەزانن، وتی "هەرکاتێک زانیمان دادگا سەربەخۆ دەبێتو دەتوانێت بانگێشتیان بکات، ئەوا سکاڵایان لەسەر تۆماردەکەین".

راپۆرتێک لەلاپەڕە (١٤)دا دەخوێنیتەوە

## ئەرشیفەکانی بریندارانی چەکی کیمیایی دەگەڕێنرێنەوە بۆ کوردستان 3

## بەناوبانگترین هاوینەهەواری سلێمانی، پشتگوێدەخرێت 7

www.arsivakurdi.org

# هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەدو ڕەفعەت عەبدوڵڵاو ئاسۆ ئەڵمانی لەپۆستەکانیاندا دەستبەکارنەبوون

محەمەد نەجیب

تائێستا هەریەکە لەهێرۆ ئیبراهیم ئەحمەدو ڕەفعەت عەبدوڵڵاو ئاسۆ ئەڵمانی لەپۆستەکانیاندا دەستبەکارنەبوون، کەدەبوو هێرۆ ئیبراهیم و ڕەفعەت عەبدوڵڵا وەکو سەرپەرشتیاری مەڵبەندەکانی سلێمانیو کەرکوکو ئاسۆ ئەڵمانیش وەکو بەرپرسی مەکتەبی چاودێریو پشکنین دەستبەکاربوونایە. دوای بەستنی گونگرەی سێی یەکێتی، بڕیاری چەند گۆڕانکارییەک درا، لەوانە گۆڕینی چەند بەرپرسێکی مەڵبەندەکانو دانانی سەرپەرشتیاری مەڵبەندەکان، لەلایەن ئەندامانی مەکتەبی سیاسییەوە، بەڵام تائێستا ئەو گۆڕانکارییانە نەکراون. ئاسۆ ئەڵمانی ئەندامی یەدەکی مەکتەبی سیاسی یەکێتی، وتی ”ئەنجامنەدانی ئەو گۆڕانکارییانە هیچ خەلەلێک نییە، تەنها پەیوەندی بەجێبەجێ نەبوونی بەرنامەکەیەوە هەی“.

## چنار سەعدوڵڵا ساڵێکە موچەی کەسوکاری شەهیدێکی بڕیوە

ئاوارە جاف

بەبڕیارێکی چنار سەعدوڵڵا وەزیری پێشووی کاروباری شەهیدانو ئەنفالکراوەکان، موچەی شەهیدێکی سەرلقی پارتی دەبڕدرێت، بەبێئەوەی تائێستا هۆکاری بڕینی ئەو موچەیە بزانرێت. کەسوکارەکەشی گومانی ئەوەدەکەن بەهۆی ڕەخنەگرتنی کوڕی ئەو شەهیدەوەبێت لەنووسینەکانیدا.

بەپێی فەرمانێکی وەزاری بەژمارە ٧٠٨٧ لەڕێکەوتی ٢٠٠٩/٨/١٦ کەناو و واژووی وەزیری پێشووی کاروباری شەهیدانو ئەنفالکراوەکان چنار سەعد عەبدوڵڵای لەسەرەو ئاماژە بەڕاگرتنی موچەی شەهیدی سەرلق (ئەحمەد محەمەد عەبدالمحەمەد) دەکات. بەبێئەوەی هۆکارەکەی لەنووسراوەکەدا ئاماژە پێبکرێت.

سنور عەبدولکەریم خێزانی شەهید بەدەستووری وت ”ماوەی ١٠ مانگە موچەی هاوسەرەکەم ڕاگیراوە، بێ هیچ هۆکارێک، لەکاتێکدا هاوسەرەکەم شەهیدی سەرلقی پارتی بووە، کەچی موچەکەشی پێ ڕەوانابینن“.

سنور دەڵێت هەرچەندە لەماوەی ئەو ١٠ مانگەدا، بەردەوام لەهەوڵدابوون بۆ زانینی هۆکاری بڕینی موچەی هاوسەرەکەی، بەڵام بێئەنجام بووە.

وتی ”گومانمان لەوە هەیە، بەهۆی ئەوەوە موچەکەی بڕدرابێت کە چەندجارێک کوڕەکەم لەڕۆژنامەکان بەگلییەوە دەینووسی لەسەر وەزیر، بەگومانین لەوەی کە لەداخی ئەو نووسینانە موچەکەی بڕیبێت“.

ئەو خێزانە شەهیدە لەدرێژەی قسەکانیدا ئاماژەی بۆئەوەشکرد کە لەماوەی ئەم ١٠ مانگەدا، هەوڵی بینینی مەسعود بارزانیان داوە، بەڵام بێسوود بووە.

# مەکتەبی بارزانی کار بۆ چۆڵکردنی گوندێکی نزیک سەری ڕەش دەکات

تایبەت بەدەستوور

مەکتەبی تایبەتی مەسعود بارزانی لەڕێگەی لقی بیستو چواری سەفینەوە کار بۆ چۆڵکردنی گوندێکی نزیک سەری ڕەش دەکات، بۆ ئەو مەبەستەش دانیشتووانی گوندەکە ئاگاداردەکەنەوە.

مەکتەبی تایبەتی مەسعود بارزانی دانیشتووانی گوندی قیرژە ئاگاداردەکاتەوە کەبەهۆی نزیکی ئەو دێیە لەسەری ڕەشەوە، گوندەکەیان چۆڵبکەنو لەشوێنێکیتر خانوویان بۆ دروستدەکەن، دانیشتووانی گوندەکەش جێبەجێکردنی ئەو کارە بەڕاگواستن دەزانن.

سەرچاوەیەک لەگوندی قیرژەی بناری چیای سەفین بەدەستووری ڕاگەیاند کەهەفتەیەک پێش ئێستا دانیشتووانی ئەو گوندە لەلایەن لقی بیستو چواری سەفینی پارتی بانگهێشتکراونو داوایانلێکراوە دێیەکەیان چۆڵبکەنو لەسەر حیسابی مەکتەبی سەرۆکیش لەشوێنێکیتر خانوویان بۆ دروستدەکرێتەوە.

ئەو سەرچاوەیە کەنەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە وتی ”لەو کۆبوونەوەیەدا داوامان لێکرا، کەبەهۆی نزیکی ئەو دێیە لەسەری ڕەشەوەو لەبەر باری گرنگیو باری ئەمنی سەری ڕەش، ئەو ماڵانەی دێی قیرژە بچن دێیەکەیان بگوازنەوە بۆ سەر ڕێگای قەراسنجو ساردکە، بەڵام ئێمە تائێستا ناڕازین لەو گواستنەوەیە، ئەگەر بەهێزیش بێت، ئەوە هیچ دەسەڵاتێکمان نییە“.

بەوتەی ئەو سەرچاوەیە، گوندی قیرژە سێ تا پێنج کیلۆمەتر لەسەری ڕەش دوورە، بەڵام ئەو شوێنەی کەبۆیان دەستنیشانکراوە، نزیکەی ٤٥ کیلۆمەتر دوورترە.

بەپێی زانیارییەکانی دەستوور لەوکۆبوونەوەیەدا خەڵکی گوندەکە بە بەرپرسی لقیان وتووە، ئەگەر گوندەکەیان بگوازنەوە، دووردەکەونەوەو بازگە دادەنێنو ناتوانن بچنە سەر ڕەزو باخەکانیان، بەڵام بەرپرسی لق لەوەڵامدا وتوویەتی ئەو قسانە مەکەن، ئەوە زەوی هەرێمی کوردستانە، هەمووی موڵکی سەرۆکە. دانیشتووانی ئەو گوندە ئەوکردارە بەڕاگواستن دادەنێنو ئەو سەرچاوەیە وتی ”لەزۆر دێی تری ئەو ناوچەیە، هەر خانەوادەیەک ئەگەر پارتی نەبێت، ڕێگەی پێنادرێت کەخانووەکانیان نۆژەنبکەنەوە“.

# ئەرشیفەکانی بریندارانی چەکی کیمیایی دەگەڕێنرێنەوە بۆ کوردستان

زانا ئەحمەد لەهەڵەبجە

سەرۆکی کۆمەڵەی قوربانیانی هەڵەبجە ڕایگەیاند، ئێران تەواوی ئەو دۆکۆمێنتانەی کەتایبەتە بەبریندارانی چەکی کیمیایی، دەگەڕێنێتەوە بۆ کۆمەڵەی قوربانیانی هەڵەبجەو بۆ ئەم مەبەستەش بڕیارە بەمنزیکانە وەفدێک سەردانی وڵاتی ئێران بکات.

لوقمان عەبدولقادر سەرۆکی کۆمەڵەی قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجە لەلێدوانێکیدا بەدەستووری وت ”لەدواهەمین سەردانماندا، بەفەرمی داوامان لەبەرپرسانی کۆماری ئیسلامی ئێران کردووە، بۆ گێڕانەوەی ئەو ئەرشیفو دۆکۆمێنتانەی کەتایبەتە بەبریندارانی چەکی کیمیایی، بۆئەوەی ئەوانیش لای خۆیان ئەرشیفی بکەن، بەرپرسانی ئێرانیش بەڵێنیانداوە کەهەر دۆکۆمێنتێکی سەردەمی کیمیاباران کەلایان بێت، بیگەڕیننەوە بۆیان“. عەبدولقادر ئەوەشی ڕاگەیاند لەپاش وەرگرتنەوەی ئەو داتایانە، هەوڵدەدەن بانکێکی زانیاری تایبەت بەبریندارانی چەکی کیمیایی دروستبکەن.

ئەو وتی ”ئێمە تائێستاش زۆر هەژارین لەزانیاری تەواو لەسەر ئەو بریندارانەی کە لەکاتی کارەساتی هەڵەبجەدا براونەتە نەخۆشخانەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران، بەڵام ئەوان خاوەنی زۆرترین ئەرشیفی سەردەمی کیمیابارانن، بۆیە هەرچی هەوڵی خۆمان هەیە دەیخەینەگەڕ لەپێناو گێڕانەوەی ئەو زانیارییانەی کەتایبەتە بەبریندارانی چەکی کیمیایی“.

وەزارەتی شەهیدانیش بەڵێنی هاوکاری بەو کۆمەڵەیە داوەو بڕیارە لەماوەی داهاتوودا بۆ ئەو مەبەستە سەردانی وڵاتی ئێران بکەن.

# دوو ئاسایشی پارتی بەتۆمەتی دزینی مریشك دەستگیردەکرێن

ئاوارە جاف

لەقەزای کەلار دوو کارمەندی ئاسایشی سەر بەپارتی، بەتۆمەتی دزینی مریشک دەستگیردەکرێن، بەڵام بەرپرسی ئاسایشی پارتی دەڵێت دوای ئەوەی دەرکەوت کەئەوان ئەو کارەیان ئەنجامنەداوە، بۆیە ئازادمانکردوون.

لەچەند شەوی ڕابردوودا دوکانێکی مریشکفرۆش لەقەزای کەلار دەبڕدرێتو دواتر دوو کارمەندی ئاسایش بەتۆمەتی بڕینی ئەو دوکانە دەستگیردەکرێن.

سەرچاوەیەکی ئاگادار لەو ڕووداوە بەدەستووری وت ”لەچەند شەوی ڕابردوودا لەکاتژمێر ٢:٠٠ دوکانێکی مریشکفرۆش، مریشکەکانی دەدزرێت، لەکاتێکدا دوکانەکە لەنزیک بارەگای ئاسایشی پارتی بووە، لەدوایدا دەرکەوت کەدوو ئاسایش ئەو کارەیان ئەنجامداوە، دواتر بیانووی ئەوەیان هێناوەتەوە کە لەترسی سەگ مریشکەکانیان هەڵگرتووەو زۆریش داوایان لەخاوەنی دوکانەکە کردووە، کەئەو کارە بپۆشرێت، بەو هۆیەوە خاوەن دوکانەکەش سکاڵای تۆمارنەکردووە“.

میرۆ محەمەد بەرپرسی ئاسایشی پارتی لەکەلار ئەو هەواڵە بەناڕاست دەزانێتو وتی ”ئاسایش ئەرکی پاراستنی وڵاتە، نەک دزی بکات، ئەو ئاسایشانە مریشکەکانیان پاراستووە لەدوکانەکە دەرچووبوون، هەڵیانگرت تا خاوەنی دوکانەکە هاتبوو“.

میرۆ وتی ”ئێمە ئاسایشەکانمان دەستگیرکرد، بەڵام دواتر بۆماندەرکەوت کەئەوان مریشکەکانیان پاراستووە، ئازادمانکردن“.

# بۆ ساڵی نوێی خوێندن، چەند کۆلێژێك لەزانکۆی سلێمانی تێکەڵدەکرێن

مەعاز فەرحان

پرۆژەیەک بۆ تێکەڵکردنی چەند کۆلێژێک دەخرێتە بەردەم سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی، بەڵام تائێستا ئەو پرۆژەیە نەخراوەتە بواری جێبەجێکردنەوە، بەجێبەجێکردنی ئەو پرۆژەیە، ژمارەی کۆلێژەکانی زانکۆی سلێمانی بەڕێژەیەکی زۆر کەمدەکرێنەوە.

د. فاروق عەبدولکەریم یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆی سلێمانی بۆ کاروباری کارگێڕی، ئاماژە بەوەدەدات کەپرۆژەیەک بۆ تێکەڵکردنی چەند بەشو کۆلێژێکو کردنیان بەیەک کۆلێژی گەورە لەبەردەم سەرۆکایەتی زانکۆدایە، بەڵام تا ئێستا نەخراوەتە بواری جێبەجێکردنەوە.

د. فاروق بەدەستووری وت ”بۆ ئەوەمانە ئەو کۆلێژانە بکرێنە کۆلێژی گەورەتر، لەوانە کۆلێژی هونەرو یاساو کۆلێژی کارگێڕیو ئابووری لەگەڵ کۆلێژی زانستەمرۆڤایەتییەکاندا تێکەڵدەکرێن، هەروەها کۆلێژە پزیشکییەکان، واتە دەرمانسازیو ددانو پزیشکی گشتی تێکەڵدەکرێن، تەواوی بەشە ئەندازیارییەکانیش دەکرێنە کۆلێژێکی گەورە“.

د. فاروق دەڵێت تائێستا ئەو پرۆژەیە نەخراوەتە بواری جێبەجێکردنەوەو وتی ”پێویستی بەتاوتوێکردن هەیە“.

# زانکۆو پەیمانگاکان تەنها توانای وەرگرتنی ئەو خوێندکارانەی هەیە کە لەخولی یەکەمدا دەرچوون

عەلی بانیشاری لەهەولێر

وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی ڕایدەگەیەنێت کەئەمساڵ تەنها ٢٠ هەزار خوێندکار لەزانکۆو پەیمانگاکان وەردەگیرێن، بەو پێیەش بێت زانکۆو پەیمانگاکانی کوردستان، تەنها لەتوانایاندایە ئەو ڕێژەیە وەربگرن کە لەخولی یەکەمدا دەرچوون.

د. دلاوەر عەلادین وەزیرەی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی ماوەیەکە لەسەر ماڵپەڕی فەرمی وەزارەت ئەوەی بڵاوکردووەتەوە کەزانکۆو پەیمانگاکان تەنها توانای وەرگرتنی ئەو خوێندکارانەی هەیە کە لەخولی یەکەمدا دەرچوون.

بەپێی ئامارەکانی وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێم لەئەزموونە گشتییەکان لەکۆی ٧٦٤٣٣ قوتابی لەهەردوو بەشی وێژەییو زانستی پۆلی ١٢ ئامادەیی بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠٠٩-٢٠١٠ تەنها ٢٢٤٥٤ قوتابی لەکۆرسی یەکەمدا دەرچوون، بەو پێیەش زانکۆو پەیمانگاکان لەتوانایاندایە تەنها ئەو ڕێژەیە وەربگرن.

عەزیمە نەجمەدین لەلیژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵا لەپەرلەمانی کوردستان دەڵێت، دەبێت حکومەت نەهێڵێت قوتابیان تووشی مەرگی وەرنەگرتن ببنەوە، وتی ”لیژنەی پەروەردەی پەرلەمانیش ئاگاداری وەزارەتی کردووەتەوە لەحاڵەتی لەو جۆرەدا، چونکە ئەم گرفتە بەیەکێک لەگرفتە گەورەکانی بواری پەروەردە دادەنرێت لەکوردستاندا“.

لەلایەکی ترەوە، ئیسماعیل بەرزنجی وتەبێژی ڕاگەیاندنی وەزارەتی پەروەردە لەلێدوانێکیدا بەدەستووری ڕاگەیاند ”بەدەیان بەرنامەمان داناوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو گرفتەو هیوادەخوازین قوتابیان بۆ داواکردنی مافی خۆیان، دووبارە سەرشەقامەکان نەگرنەوە“.

www.arsivakurd.org

# ناوی زلو دێی وێران!

## خەڵکی گەرمیان بەدەست ئیدارەیەکی سستەوە گیریانخواردووە

فەرمان خێڵانی

خەڵکی گەرمیان جارێکیتر حکومەت لەناکارایی ئیدارەی گەرمیان ئاگادارکەنەوە، هۆشیاریی ئەوەش دەدەن گەر بڕیاری کاراکردنی ئیدارەکەیان جێبەجێ نەکرێت، ئەوا خۆپیشاندان دەکەن.
ساڵی ٢٠٠٨ لەژێر فشاری ڕێکخراوە مەدەنییەکانی گەرمیاندا، نێچیرڤان بارزانی بڕیاری کاراکردنی ئیدارەی گەرمیانی ئیمزاکرد، بەڵام هێشتا بڕیارەکە کاری پێنەکراوە، چالاکوانێکی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنیش، دەڵێت پارتی هۆکاری ڕاگرتنی بڕیارەکەیە.
دوای ڕاپەڕین بۆ قەزا دابڕاوەکانی کەرکوک، پارێزگای کەرکوک لەدەربەندیخان پێکهێنرا، بەڵام دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس هەڵوەشێنرایەوە، بەو هۆیەشەوە ئەو قەزایانە توشی بۆشایی ئیداری بوونەتەوە.
لەئێستادا هەریەک لەڕێکخراوەکانی کۆمەڵەی پەیامی گەرمیان، گروپی گەنجانی بوێرو گروپی بەگژداچوونەوەی گەندەڵی، لەکەلاری ناوەندی گەرمیان، داوادەکەن کەئیدارەی گەرمیان یان کارا بکرێت، یان هەڵبوەشێنرێتەوە.
عەدنان قوربانی ئەندامی کارای کۆمەڵەی پەیامی گەرمیان لەلێدوانێکیدا بۆ دەستوور وتی «ئێمە هەر سێ گروپو کۆمەڵەکە داوادەکەین ئیدارەی گەرمیان کارابکرێتو بودجەی بۆ دابینبکرێت، وەک پارێزگا مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت یان ئیدارەی گەرمیان هەڵبوەشێننەوە».
قوربانی دەڵێت کەپارتی ئیدارەیەکیان دروستکردووە، لەبەرامبەر ئیدارەی گەرمیاندا، وتی «پارتی کەزانیان ئێمە هەڵوێستمان هەیەو داوای باشترکردنی ئیدارەکەمان دەکەین، ئەوانیش ئیدارەی سۆرانیان قوتکردەوە لەبەرامبەر ئیدارەی گەرمیاندا، بۆ نمونە ئێمە چەند ساڵە داوای زانکۆ دەکەین، کەچی پێش ئەوەی بەردی بناغەی زانکۆی گەرمیان دابنرێت، زانکۆی سۆرانیان کردەوە لەئیدارەی سۆرانو باس لەوەش دەکەن کەدەیکەن بەپارێزگا، ئەگینا بۆچی کەمتەرخەمیانکرد لەکاراکردنی ئیدارەی گەرمیاندا؟»».
قوربانی وتی «چەند کەسێک هەن لەناو ئەنجومەنی وەزیراندا کە کارئاسانی ناکەن بۆ جێبەجێکردنی بڕیاری کاراکردنی ئیدارەکە».
ئەو سێ کۆمەڵەیە ماوەی دوو هەفتەیان مۆڵەت بۆ حکومەت داناوە، بڕیاری کاراکردنی ئیدارەی گەرمیان جێبەجێ بکات، ئەگەر نا، بڕیاریانداوە دوو خۆپیشاندان لەقەزاکانی کەلارو کفری بکەن، بۆ ئەم مەبەستەش وەزارەتی ناوخۆو بەرپرسانی ئیدارەی گەرمیانیان ئاگادارکردووەتەوە.
بەپێی بڕیارەکەی ساڵی ٢٠٠٨ی ئەنجومەنی وەزیران کەسەرۆکی حکومەت ئیمزای کردووە، بڕیاردراوە ئیدارەی گەرمیان لەو سنوورەی کەبۆی دیاریکراوە وەک پارێزگاکانی تری هەرێم، مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، لەڕووی یاسایی و کارگێڕییەوەو مەرکەزەکەشی شاری کەلار دەبێت.
ئیدارەکە بۆی هەیە وەک هەر پارێزگایەکیتر نووسراو ڕاستەوخۆ ئاڕاستەی وەزارەتەکان بکاتو پەیوەندی ڕاستەوخۆی هەبێت بەوەزارەتی ناوخۆوە. بەپێی بڕیارەکە بودجەی ئیدارەکە جیادەکرێتەوە لەبودجەی پارێزگای سلێمانی، کەسەرپەرشتیاری ئیدارەکە سەلاحیاتی خەرجکردنی بودجەکەی هەبێت بەپێی یاسا.
هەروەها فەرمانگەکانی تەندروستیو پەروەردەو ئاسایشو هاتوچۆ لەسنووری ئەو ئیدارەیەدا یەکبخرێنەوە کەبەشێوەیەکی کاتی لکێنرا بو و بەپارێزگای سلێمانیەوە.
ئەوکات بڕیاردرا لیژنەیەک دروستبکرێت بۆ جێبەجێکردنی ئەو بڕیارەکە کە لەهەریەکە لەمحەمەد قەرەداخی سکرتێری ئەنجومەنی وەزیران، دڵشاد عوسمان جێگری وەزیری هەرێم بۆ کاروباری دارایی، جەلال شێخە بەڕێوەبەری گشتی دیوانی وەزارەتی ناوخۆ، عەبدوڵڵا ئەنوەر قائیمقامی کەلار، کوردستان مەدحەت ئەندامی لیژنەی پارێزگای سلێمانیو نوێنەرێکی پارێزگاری سلێمانی، بەڵام هێشتا بڕیارەکە جێبەجێ نەکراوە.
شێخ عەبدوڵڵا ئەنوەر جێگری سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیانو ئەندامی ئەو لیژنەیە لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور وتی «ناتوانرێت گەرمیان بکرێت بەپارێزگا، لەبەرئەوەی ئێمە لەسنووری ماددەی ١٤٠داینو سەر بەکەرکوکین، سەرکردایەتی کورد دەیانەوێت لەکاتی ریفراندۆمی کەرکوکدا بەدەنگی ئێمە کەرکوک بخەنەوە سەر هەرێم، ئەوکاتە چارەنووسی ئیدارەی گەرمیان یەکلاییدەبێتەوە».
شێخ عەبدوڵڵا ئەنوەر وتی «لەبڕیارەکەدا ئەوەی کەماوە جێبەجێبکرێت، مەسەلەی بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکەیە، تەنها پەروەردەو تەندروستی گەڕاونەتەوە بۆ سەر ئیدارەی گەرمیان، ئاسایشو هاتوچۆ سەر بەسلێمانین».
خاڵێکی بەهێزی ڕێگرتن لە بەپارێزگابوونی گەرمیان، مەسەلەی مادەی ١٤٠ە، بەڵام نە ئەوەتا سەرکردایەتی کورد، ئەو قەزایانە بگێڕنەوە بۆ سەر کەرکوک. نە ئەوەتا ئیدارەکە چالاکبکەن.



# هەولێرو دهۆك چوار ئەوەندەی سلێمانی پڕۆژەی وەرزشیان بۆ دەكرێت

## بۆ پڕۆژەی وەرزشی، هەولێرو دهۆك، ٥٢ ملیار، سلێمانی تەنها ١٠ ملیاری بۆ دابینكراوە

هیوا قادر

هەریەکە لەهەولێرو دهۆک نزیکەی دوو ئەوەندەو نیوی سلێمانی بودجە بۆ پڕۆژەی وەرزشی سەرفکراوە، لەکاتێکدا پارێزگای سلێمانی بەهۆی بوونی ئیدارەی گەرمیانەوە لەڕووی ڕووبەرو ژمارەی دانیشتووانەوە لەهەردوو پارێزگاکە گەورەترە.
دڵشاد حەمە ئاغا بەڕێوەبەری وەرزشو لاوانی سلێمانی لەلێدوانێکیدا بۆ دەستوور، ئاشکرایدەکات کەپڕۆژەکانی (٢٠١٠)ی حکومەتی هەرێم لەبواری وەرزشدا جیاوازییەکی زۆری تێدایە بۆ پارێزگاکانی هەرێم، پارێزگای سلێمانی بە بەراورد بەپارێزگاکانی هەولێرو دهۆک زۆر کەمترە.
دڵشاد حەمە ئاغا سەبارەت بەجۆری پڕۆژەکانو بودجەی پڕۆژەکان، ڕایگەیاند کە لەپارێزگای هەولێر بەگوژمەی (٢٦, ٣٨٠, ٠٠٠, ٠٠٠) بیستو شەش ملیارو سێسەدو هەشتا ملیۆن دینار، پڕۆژەکانی دروستکردنی (بینای ناوەندی وەرزشو لاوان (٥) دانە لە (چۆمان، مێرگەسوور، ڕەواندز)، دروستکردنی هۆڵی داخراوی وەرزشی، هۆڵی پێشبڕکێی تایکواندۆو کاراتێو دروستکردنی مەلەوانگەی داخراو، دروستکردنی بینای کۆمەڵگای وەرزشی، دروستکردنی چەند یاریگایەکی تارتان).
لەپارێزگای دهۆکیش بەگوژمەی (٢٦, ٩١٠, ٠٠٠, ٠٠٠) بیستو شەش ملیارو نۆسەدو دە ملیۆن دینار، پڕۆژەکانی دروستکردنی (بینای ناوەندی وەرزشو لاوان (٦) دانە، لە (شیلادزێ، قەسرۆک، مانکێش، خانکێ)، دروستکردنی هۆڵی داخراوی وەرزشی، هۆڵی پێشبڕکێی تایکواندۆو کاراتێ، دروستکردنی مەلەوانگەی داخراو، دروستکردنی بینای یانەی وەرزشی نمونەیی (٤) دانە، دروستکردنی چەند یاریگایەکی تارتانو دروستکردنی هۆڵی پێشبڕکێی جومناستیک)، بەڵام لەپارێزگای سلێمانی تەنها بەگوژمەی (١٠, ٧٠٠, ٠٠٠, ٠٠٠) دە ملیارو حەوت سەد ملیۆن دینار، پڕۆژەکانی دروستکردنی (یاریگایەکی گەورە لەناحیەی سورداش، دروستکردنی یاریگایەکی گەورە لەدۆڵی جافایەتی، دروستکردنی چەند یاریگایەکی تارتان).
دڵشاد حەمە ئاغا ئاماژەی بەوەشدا، ئەو بودجەیەی سلێمانی نزیکەی یەک لەسەر سێ بودجەکانی هەولێرو دهۆکە، لەگەڵ ئەوەی سلێمانی لەڕووی دانیشتووانو بودجەشەوە دەبێت لەو دوو پارێزگایەی زیاتر بەر بکەوێت.

### حکومەتی هەرێمی کوردستان
### وەزارەتی داد

ژمارە : ت
دادنووسی سلێمانی/ دووەم — بەروار : ٦ / ٧ /٢٠١٠

ئاگاداری و بڵاوکردنەوە

تۆمارکردنی ئامێری کارگەی فڕنی ( ئاوپەر ) بۆ دروستکردنی نانی ئێرانی/ پڕۆژەی بچوک
بەگوێرەی داواکاری لەلایەن بەڕێز/ عوسمان علی محمد/ کارێزەوشک لەڕۆژی ( ٦ / ٧ / ٢٠١٠ ) کەتیایدا داوایکردووە ئەم ئامێرانەی خوارەوە بەناویەوە بۆ تۆمار بکەین .
جا هەرکەس پەیوەندی هەیە پێیانەوە، بابێتە لامان و بەڵگەنامەی ڕەسمی بهێنێت تاماوەی (١٥) ڕۆژ لەبڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریەوە لەڕۆژنامەدا تاوەکو کارەکەڕابگرین و بەپێچەوانەوە ئێمە ناچار ئەبین کە ئەوئامێرانە تۆمار بکەین بەناویانەوە بەگوێرەی یاسای تۆمارکردنی ئامێر ژمارە (٢٥) ساڵی (١٩٥٢) و بروانامەی تۆمارکردنی دەدرێتێ.

دادنووسی سلێمانی / دووەم

ئامێرەکان

١- ئامێری فڕنی دوار ئێرانی - کارەبایی و گازی - ٢ برنر بێ ژمارە .
٢- عجان- ٨٠ کغم- ئێرانی- بێ ژمارە / کارەبایی
٣ – ئامێری پانکەرەوەی گونک- ئێرانی- بێ ژمارە کارەبایی

# بەڕێوەبەرایەتی خانووبەرەی میری گەرمیان: قەرزەكانمان داوەتەوە

وەڵامێک بۆ بابەتی (فەرمانگەکانی گەرمیان گوێیان لەقەرزەکانی حکومەت خەواندووە) کە (دەشتی ئەنوەر) لەژمارە ٣٨ ی ڕۆژی چوارشەممە ٣٠-٦-٢٠١٠ ی ڕۆژنامەی (دەستوور) دا بڵاوکراوەتەوە .
پێش دەستپێکردنی باسەکەمان دەبێت ئەوە بڵێین کە ئەم وەڵامە لەلایەن (بەڕێوەبەرایەتی خانووبەرەی میری گەرمیان) نووسراوە، چونکە ئێمە وەک دەشتی ئەنوەر لەخۆمانەوە باس لەفەرمانگەکانیتر ناکەینو پاساوی ئەوەیان بۆ ناهێنینەوە کەبڵێین ئەو فەرمانگانە قەرزار نین، بەڵکو تەنها بە بەڵگەوە دەیسەلمێنین کەبەڕێوەبەرایەتییەکەمان هیچ بڕە پارەیەک قەرزار نییە، کەهەر وەک دەبوو دەشتی ئەنوەریش ئاوەها بە بەڵگەوە ئەو بابەتەی بڵاوبکردایەتەوە.
دواتر با بێینە سەر ئەوەی کە پرسیارێک لەدەشتی ئەنوەر بکەین، کەئەویش ئەوەیە:
کاک دەشتی ئایا تۆ باش بابەتەکەی خۆت خوێندووەتەوە تا بزانیت چیت نووسیوە؟ ئێوە لەسەرەتای بابەتەکەتاندا ئاماژەتان بەنووسراوێکی ژمارە ٢٢ ی دیوانی چاودێریو دارایی سلێمانی کردووە کە ٢٦-١-٢٠٠٩ دا ئاڕاستەی گەنجینەی گەرمیان کراوە؟ باشە وەک تۆ دەڵێیت ساڵو نیوێک بەسەر ئەو نووسراوەدا تێپەڕیوە، ئایا بەڕای تۆ ئەم هەموو فەرمانگەی کە تۆ ناوتبردوون لەماوەی ئەو ساڵو نیوەدا، یەکێکیان وەڵامی ئەو نووسراوەی نەداوەتەوە بەوەی کەقەرزەکانی بداتەوە.
دواتریش گومانمان لەوە هەیە، کەئێوە تەنها ژمارەی نووسراوەکەی چاودێری داراییتان لابێت، نەک ناوی فەرمانگەکانو بڕی قەرزەکانیشیان، چونکە بڕی ئەو قەرزانەی کە ئێوە نووسیوتانە، هەمان ئەو بڕە پارانەیە دەقاودەق کە لەهەندێک گۆڤاری تردا بڵاوکراوەتەوە کەپێمان باش نییە ناوی ئەو گۆڤارانە بهێنین .
دەبوایە تۆ پێش بابەتەکەتو پێش هەموو شتێک سەردانی هەموو فەرمانگەکانت بکردایەو بتزانیایە ئایا لەماوەی ئەم ساڵو نیوەدا، چەند بەڕێوەبەرێتی قەرزەکانیان داوەتەوە.
پاشان هەندێک لەو قەرزانەی تۆ باست کردووە، قەرزی عەقارو هاوسەرگیرییەو بەمانگانە دەدرێتەوە.
لەکۆتایشدا دەڵێین ئێمە ئەستۆپاکی گەنجینەی گەرمیانمان هەیە بۆ ساڵی ٢٠٠٨و ٢٠٠٩ کەهاوپێچ لەگەڵ ئەم نووسراوەدا بڵاویدەکەینەوە بۆ ئەوەی کەهەموو هاووڵاتییان بزانن کەئێوە بەبێ بەدواداچوون ئەو بابەتان بڵاوکردووەتەوە.

www.arsivakurd.org

# بیرۆکەی دروستبوونی حیزبێکی ئیسلامی شکستیهێنا

## پەشیمانبوونەوەی محەمەد بازیانی لەدەستلەکارکێشانەوەکەی، هۆکارێکی فەشەلهێنانی ئەو حیزبە بوو

مەعاز فەرحان

بیرۆکەی دروستبوونی حیزبێکی ئیسلامی جیاواز لەسێ حیزبە ئیسلامییەکەیتر، لەکوردستان فەشەلدەهێنێتو ئەو کەسایەتیو لایەنانەی ئەو هەوڵەیاندەدا، لەئێستادا کۆتاییان بەهەوڵەکانیان هێناوە، بەڵام چاودێران وای بۆ دەچن کەدوورنییە ئەگەر کۆنگرەی کۆمەڵی ئیسلامی کێشەی تێبکەوێت، ئەو بیرۆکەیە سەربگرێت.

بەپێی ئەو زانیارییانەی دەست ڕۆژنامەی دەستوور کەوتوون، چەند کەسایەتییەکی ئیسلامی لەناو بزووتنەوەو کۆمەڵو چەند کەسێکی بێلایەن، دەیانەوێت حیزبێکی ئیسلامی «مۆدێرن»، دروستبکەن.

دەستوور لەسەرچاوەیەکی ئاگادار لەو ڕووداوەوە زانیاری ئەوەی دەستکەوتووە، کەهەریەکە لەموشیر گەلاڵی ئەندامی کۆنگرەی کۆمەڵو محەمەدی ڕازی لەمەکتەبی زانایانی کۆمەڵو موسڵیح کە کەسێکی نزیکە لەعەلی باپیری کۆمەڵی ئیسلامیو شوان هەورامی ئەندامی دەستلەکارکێشاوەی ناوەندی ڕاگەیاندنی کۆمەڵ، لەگەڵ هەریەکە لەمحەمەد بازیانیو سەرباز خۆشناو لەبزووتنەوەو جەمال ئەشرەف قارەمانیو چەند کەسێکی دیکەدا، بەنیازبوون حیزبێکی ئیسلامی دروستبکەن.

ئەو سەرچاوەیە ئاماژەی بەوەشدا کەشێخ محەمەد بەرزنجی پێشەوای کۆمەڵی ئیسلامی پێشتر لەگەڵ ئەوانەدا بووە، بەڵام ئێستا هەڵوێستی ڕوون نییە.

بەپێی ئەو زانیارییانەی دەست ڕۆژنامەی دەستوور کەوتووە، دوو هۆکار بوونەتە هۆی ڕاگرتنی دروستبوونی ئەو حیزبە ئیسلامییە، ئەوانیش بەشێکی پەیوەندی بەکۆنگرەی کۆمەڵی ئیسلامییەوە هەیە، چونکە ئەوانەی لەناو کۆمەڵدا خۆیان بەمافخوراو دەزانن، چاوەڕوانی ئەو کۆنگرەیە دەکەن، لەحاڵەتی بێبەشکردنیان ڕەنگە جارێکیتر ئەو بیرۆکەیە سەرهەڵبداتەوە، بەشەکەی تری پەیوەندی بەپەشیمانبوونەوەی محەمەد بازیانییەوە هەیە لەدەستلەکارکێشانەوەکەی لەبزووتنەوەی ئیسلامی.

د. محەمەد بازیانی نایشارێتەوە کەبیرۆکەی دروستبوونی حیزبێکی ئیسلامی نوێ، ڕەنگە لەبۆچوونی زۆرێک لەخەڵکانی ئیسلامیدا بووبێت.

ئەو وتی «ئەو بیرۆکەیە بۆ ئەوەیە ئەو کەموکورتییەی لەناو سێ حیزبە ئیسلامییەکەدا هەیە، پڕبکرێتەوە، بەڵام بەبۆچوونی ئێمە چاکسازی باشترە لەوەی کەحیزبیتر زیادبکرێت».

بازیانی لەبارەی دەستلەکارکێشانەوەکەی وتی «کادیرانی بزووتنەوە داوایانکرد کە من لەخزمەتیاندابم، بۆیە منیش نەمتوانی داواکاکەیان ڕەتبکەمەوە».

چاودێرێکی سیاسی ئیسلامی کەنەیویست ناوی ئاشکرابکرێت، ڕایگەیاند ئەگەر محەمەد بازیانی دەستی لەکاربکێشایەتەوە، ئەوا حیزبە ئیسلامییەکە لەم ماوەیەدا دروستدەبوو، وتیشی «هەرچەندە ئێستاش ئەگەرێکی زۆر هەیە، کەحیزبێکی ئیسلامی دروستببێت، چونکە بارودۆخی کۆمەڵو بزووتنەوە زۆر باش نییە».

محەمەد بازیانی جەختلەوەدەکاتەوە ئەگەر ئەرکو فەرمانەکان لەناو بزووتنەوەدا جێبەجێ نەبن، ئاساییە کەبچێتەدەرەوەو لەدەرەوەی ئەواندا کاربکەیتو وتی «لەدەرەوەی بزووتنەوەشبم هیچ بەدوور نازانرێت کە لەداهاتوودا کاری سیاسی بکەم، ئەگەر ئەم لایەنە ئیسلامییەی ئێستا لەناویدا کاردەکەم، نەتوانێت ئەرکو فەرمانەکان جێبەجێبکات، ئەوا لەدەرەوەی ئەو ئیشبکەم».

بازیانی دەڵێت ئاساییە لەحیزبێک بچێتەدەرەوە کەتموحت تێدا بەدینەیەتو لەگەڵ لایەنێکی تردا کاربکەیتو وتی «ئەوە لەکاری سیاسیو لایەنی ئیسلامیشەوە دروستە».

شوان هەورامی، کەماوەیەک لەمەوبەر وازی لەکۆمەڵی ئیسلامی هێنا، بەپێی زانیارییەکانی دەستوور، لەگەڵ ئەو سیاسیو کەسایەتیانەدایە کەبیرۆکەی حیزبێکی تریان گەڵاڵەکردووە.

هەورامی بەدەستووری وت دروستبوونی حیزبێکی ئیسلامی ڕاست نییە، بەڵام مەرج نییە وازهێنانم لەکۆمەڵی ئیسلامی ببێتە هۆی دوورکەوتنەوەم لەکاری سیاسی».

سەرچاوەیەکی باڵا لەیەکێک لەحیزبە ئیسلامییەکان، وتی «ئەوانەی ناو کۆمەڵ بڕیاریاندا کەکۆنگرەی ئەمجارەی کۆمەڵ دوا وێستگەیان بێت، ئەگەر هاتوو گۆڕانکارییەکانی ناوکۆنگرە بەدڵی ئەوان نەبێت، ئەوا هەڵوێست وەردەگرن».

---

# کوژراوەکانی پەکەکە لەلایەن تورکیاوە شێوێنراون

## بەرپرسێکی پەکەکە: دەوڵەتی تورک لەگەڵ ئەورووپاو ئیسرائیلو ئەمریکا، پیلانگێڕی دژی پەکەکە دەبەست

فەرمان چۆمانیو محەمەد عەلی

بەرپرسانی پەکەکە ڕایدەگەیەنن کەلاشەی کوژراوەکانیان لەلایەن سوپای تورکیاوە دەشێوێنرێتو دەڵێن تا سوپا هێرشبکات ئەوانیش وەڵامیان دەبێت، سوپای تورکیاش ڕایدەگەیەنێت کەکاتی لەڕیشەدەرهێنانی پەکەکەیە.

ماوەی زیاتر لەمانگێکە هێرشی سوپای تورکیا بۆ سەر پەکەکە بەردەوامەو بەرپرسانی سوپای تورکیاش ڕایدەگەیەنن کەهێرشەکانیان چڕتردەکەنەوەو بەردەوامدەبن لەهێرشەکانیان، پەکەکەش ئامادەنییە ئاگربەست درێژبکاتەوە.

**سوپای تورکیا: قۆناغەکە هەستیارە**

ژەنەڕاڵ ئیلکەر باشبوغ سەرۆک ئەرکانی سوپای تورکیا، چەند ڕۆژێک لەمەوبەر ڕایگەیاند کەئەو قۆناغەی لەبەردەمیاندایە لەڕووی ئۆپەراسیۆنو چالاکییەکانەوە قۆناغێکی هەستیارە.

ئەو ژەنەڕاڵە داواشی لەهێزە ئەمنییەکانی وڵاتەکەی کرد، لەئامادەباشی تەواودابنو وتی «بەتایبەت لەشارەکانی ڕۆژئاوای تورکیا، چونکە ئەو شارانە هەستیارترن».

ئەو فەرماندە سەربازییە، پەکەکەی بەڕێکخراوێکی خاوەن شانس وەسفکردو پێی وابوو «لەوکاتەی کەکاتی ئەوە هاتووە ئەو ڕێکخراوە لەڕیشەوەدەربهێنرێت، حاڵەتێک دێتە پێشەوە کەهەموو شتەکان لەبەرژەوەندی پەکەکەدا دەشکێتەوە».

**پەکەکە: ئاگربەست درێژ ناکەینەوە**

ئەحمەد دەنیز ئەندامی کۆنسەی کۆما جڤاکێن کوردستان، لەلێدوانێکیدا بۆ دەستوور، ڕایگەیاند ئاگربەست درێژناکەینەوە تا سوپای تورکیا بەردەوامبێت لەهێرشەکانی.

ئەحمەد دەنیز وتی «بڕیاری ئێمە ئەوەیە، ئەگەر دەوڵەتی تورکیا هێرشەکانی نەوەستێنێ، هەنگاو بۆ چارەسەرکردنی کێشە کورد نەهاوێت، ئاگربەست دەشکێنینو شەڕی بەرگریکردن لەخۆمان دەکەین».

دەنیز باسیلەوەشکرد کەئەوان چالاکییان وەستاندبوو، بەڵام هێرشی گەورەیان لەسەربوو، دەڵێت تورکیا سیاسەتمەدارو ڕۆشنبیرو منداڵی کوردی دەستگیردەکرد، گەنجی کوردی لەزانکۆ دەکوشتو دەستیان دەخستە ناو ناموسی کوردان، کچی تەمەن حەوت ساڵان لەلایەن نوێنەری ئاکەپەو دەوڵەت دەڕفێنران، هەڵوێستی دیموکراتیکی گەلی کورد بەتوندی تێکدەشکێنراو هێرش بەتوندی دەکرایە سەر گەریلا، لەو هێرشانە نزیکەی ١٥٠ گەریلا شەهیدکران، دووبارە دەوڵەتی تورک لەگەڵ ئەورووپاو ئیسرائیلو ئەمریکا پیلانگێڕی دژی پەکەکە دەبەست.

ئەو وتی «ئەوان هێرشیان دەکرد نەوەک ئێمە، بەڵکو ئێمە بەرگریمان کردووە، خۆ ناشکرێت بەرگری لەخۆمان نەکەین».

ئەو بەرپرسەی پەکەکە ئاماژەی بەوەدا کەدەوڵەتی تورکیا نایەتەپێشەوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کوردو وتی «ئەوان ناسنامەی کورد قبووڵناکەنو ئامادەنیین بۆ چارەسەرکردن، بەئاشکرایی بێویژدانییەک هەیە لەدژی کوردو پەکەکە، بۆچی ئەو ناهەقیانە نابینرێن».

**لاشەی ١٢ کوژراوی پەکەکە شێوێنراوە**

هەفتەی ڕابردوو ١٢ کوژراوی پەکەکە، کەکوڕو کچی تێدابوو، دەکەوێتە دەستی سوپای تورکیاوەو دواتر لاشەکانیان دەشێوێنرێت.



لاشەی ١٢ کوژراومان شێوێنراوە، کچو کوڕی تێدایە

ئەحمەد دەنیز وتی «چاویان دەرهێناونو لوتیان بڕیون، ئەی ئەو نامرۆڤییەی بەرامبەر بەکورد دەکرێت، بۆ کەس قبووڵی ناکات».

**بەدەپە داوای ڕاگرتنی ئەو خوێنە دەکات کەدەڕژێت**

سەلاحەدین دەمیرتاش هاوسەرۆکی پارتی ئاشتیو دیموکراسی (بەدەپە) بانگەوازی ڕاگرتنی شەڕ دەکاتو ڕایدەگەیەنێت کەڕۆژی پێشبڕکێکردن لەسەر مەرگو ئازارەکان نییە.

دەمیرتاش ڕەخنەی لەحکومەت گرتو ڕایگەیاند «باشترین ڕێگەچارە ئەوەیە هەردوولا چ سوپاو چ پەکەکە ئاگربەست ڕابگەیەنن».

**پەکەکە دەڵێت: ڕەخنەکان تەنها دژی ئێمەیە**

بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پەکەکە دەنیز وتی «یەک سەرباز دەکوژرێت دنیا هەڵدەستێ، هێرش لەسەر کوردان هەیەو چەندین کورد دەکوژرێنو لاشەیان دەشێوێنرێ، کەس ئەوە نابینێ، دەوڵەتی تورک هەرگیز ڕەخنەی لێناگیرێت، ئێمە بەرگریمانکردووە هێرشمان لەسەرەو ئەگەر هێرش نەبونایە بڕیاری یەکلایەنەی ئاگربەستی ئێمە بەردەوامدەبوو».

هەروەها ئاماژەی بەوەدا کەتورک سیاسەتی دژی هەموو کوردەو ناسنامەو ئیرادەی کورد قبووڵناکاتو وەک نەتەوە ناڕوانێتە کورد.

دەنیز وتی «لەهەر شوێنێک پێشکەوتنی کورد دروستبێت، ئەو دوژمنایەتی دەکات، ئەو دوژمنایەتیەی ئەمڕۆی تورک لەئەنجامی کارو خەباتی ئێمە نییە، بەڵکو سیاسەتی خۆیەتی، بۆ نمونە ماددەی ١٤٠ جێبەجێ نەکرا، خۆ پەکەکە ئاستەنگ نەبوو، پێویستە ئەوە بزانرێت کەموسڵو کەرکوک لەخەونی ئەتاتورکدا بوون».

**سوپای تورک لەتۆپباران بەردەوامە**

ماڵپەڕی فورات بڵاویکردووەتەوە کەسوپای تورکیا بەشێوەیەکی بەردەوامو ئاماژەشی بەوەداوە کەچەندین ناوچەی تۆپباران کردووە کەدەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی پەکەکەوە.

www.arsivakurd.org



گوماندەکرێت سەدان کەس بەبێ بەڵگە بکرێنە زیندانی سیاسی

# کێشەکانی شەڕی ناوخۆ نابڕێنەوە

## زیندانییە سیاسییەکانی شەڕی ناوخۆ، لەڕێگەی حیزبەوە قەرەبوودەکرێنەوە

فەرمان خێلآنی

قەرەبووکردنەوەی زیندانییە سیاسییەکانی شەڕێ ناوخۆ لەڕێگەی حیزبەوە، نیگەرانی بەشێک لەو زیندانیانەی لێکەوتووەتەوە، گومانی ئەوەش دەکرێت سەدان کەس بەبێ بەڵگە بکرێنە زیندانی سیاسی.

ساڵی پار کۆمکاری زیندانییە سیاسییەکانی کوردستان لەنووسراوێکدا داوای قەرەبووی زیندانییە سیاسیەکانی شەڕی ناوخۆ لەیەکێتیو پارتی کرد. ئەوانیش تائێستا سەرقاڵی کۆکردنەوەی زانیارین لەسەر زیندانییە سیاسیەکانی شەڕی ناوخۆ لەڕێگەی ناوەندە حیزبییەکانی خۆیانەوە، بەمەبەستی قەرەبووکردنەوەیان.

یەکێتی لەمانگی هەشتی ٢٠٠٩دا دەستەی داکۆکیکردن لەزیندانیانی سیاسی شەڕی ناوخۆ دروستکردووە، کەبۆ هەر قەزایەکی ژێر دەسەڵاتی خۆی کارگێڕێکی بۆ دیاریکردووە، سەرۆکی دەستەکەش عەبدوڵڵای حاجی سەعیدە.

پارتیش لەڕێگەی ئۆرگانە حیزبییەکانی خۆیەوە، دەستیکردووە بەکۆکردنەوەی ئەوکەسانەی زیندانی سیاسی بوون لای یەکێتی.

بەشێک لەو زیندانیانە ئێستا لەناو بزووتنەوەی گۆڕاندان، داوادەکەن کەئەو قەرەبووکردنەوەیە لەڕێگەی حکومەتەوە بکرێت، نەک لەڕێگەی ناوەندە حیزبییەکانی یەکێتیو پارتییەوە.

سابیر عەزیز یەکێکە لەزیندانییە سیاسیەکانی پارتی لەکاتی شەڕی ناوخۆ، لای یەکێتی زیندانی کراوە، ئێستا لەناو بزووتنەوەی گۆڕاندا کاردەکات، دەڵێت ئەو ٨ مانگ لەساڵی ١٩٩٥ زیندانی کراوە، لەزیندانی دەزگای هەواڵگری زانیاری یەکێتی لەمەعەسکەر سەلامی سلێمانی، دواتر بەواسیتەی کۆسرەت ڕەسوڵ ئازادکراوە.

سابیر باس لەوە دەکات کاتێک لیژنەکانی خاچی سوور سەردانی زیندانەکەی کردووە، ئەوانیان چاوبەستدەکردو دەیانگواستنەوە بۆ شوێنێکیتر تا لیژنەکە نەیانبینن.

سابیر جارێکیتر لە ١٩٩٦/١/٧ دەستگیردەکرێتەوە، دوای ئەوەی لیژنەی خاچی سور دەیبینن، لە ١٩٩٦/٢/٨ ئازاددەکرێت. وتی «ئێستاش نووسراوی خاچی سووری نێودەوڵەتیم هەیە».

سابیر داوادەکات قەرەبووکردنەوەی زیندانە سیاسییەکان لەڕێگەی پارتیو یەکێتیەوە نەبێت، بەڵکو حکومەت بەو کارە هەستێت، وتی «بەهیچ شێوەیەک ئامادەنیم، بڕۆینە ناوەندە حیزبییەکانی یەکێتیو پارتییەوە بەمەبەستی قەرەبووکردنەوەمان مامەڵە بکەین».

سابیر گومانی ئەوەشی هەیە، یەکێتیو پارتی بۆ مەبەستیتر دەیان کەس بکەنە زیندانی سیاسی، دەڵێت لەدەربەندیخاندا پارتی ٥ زیندانی سیاسی هەبووە لەکاتی شەڕی ناوخۆ، کەچی ئێستا سەدان فۆرمیان پڕکردووەتەوە. وتی «خەڵکیان کردووەتە زیندانی سیاسی شەڕی ناوخۆ، کە ٢ کاتژمێر لەئاسایشەوە بانگکراوە، یان سنورداشکراوەتەوە، یەکێتیش بەهەمان شێوە».

سابیر دەڵێت «مەترسی ئەم شێواندنەش لەوەدایە کەئەگەر داوایەکی یاسایی نێودەوڵەتی تۆماربکەین، ئەوکات کەیسەکە نابەینەوە، لەبەرئەوەی کەیسی ئەو کەسانەش کەزیندانی سیاسی نەبوونو کراون بەزیندانی سیاسی، دەبرێتە ناو دادگاییەکەوە، ئەوکات کەیسەکە دەشێوێنێتو دادگا ڕەتیدەکاتەوە کەزیندانی سیاسی هەبووبێت لەشەڕی ناوخۆدا، لەکاتێکدا هەبووەو ئازار دراوینو زیندانی کراوین».

پەیمان عیزەدین ئەندامی لیژنەی مافی مرۆڤ لەپەرلەمانی کوردستان، دەڵێت نابێت لەڕێگەی حیزبەوە ئەو مامەڵانە بۆ زیندانیانی سیاسی شەڕی ناوخۆ پڕبکرێنەوە، بەڵکو دەبێت لەڕێگەی کۆمکاری زیندانییە سیاسییەکانی هەرێمەوە ئەو ئیشوکارانە بەڕێبخرێن.

پەیمان وتی «ئێمە بەدواداچوون بۆ ئەو مەسەلەیە دەکەین، چارەسەرێک بۆ ئەو زیندانییە سیاسییانەی خۆمان دەدۆزینەوە کەپێشترو لەشەڕی ناوخۆدا بەهۆی یەکێتیو پارتیەوە لەلای یەکتری زیندانی کراونو ئەشکەنجەدراون».

حاکم بێستون بەرپرسی ناوچەی دەربەندیخانی پارتی، لەلێدوانێکیدا دەڵێت تائێستا لەکەلارو کەرکوک ١٠٠ فۆرمیان بۆ زیندانیانی سیاسی پارتی لەشەڕی ناوخۆ، کەدانیشتووی دەربەندیخان بوون، پڕکردووەتەوە.

حاکم بێستون وتی «فۆرمەکانمان تەسلیمکردووەتەوە، ئێستا هیچ شتێکی نوێ نییە لەسەر ئەو مەسەلەیەو هێشتا هیچ هەنگاوێکی جیدی نەنراوە بۆ قەرەبووکردنەوەیان».

عەبدولی حاجی عەزیز کارگێری دەستەی داکۆکیکردن لەزیندانیانی سیاسی شەڕی ناوخۆ، دەڵێت تەنها دەربەندیخان، تا ئێستا ١٣٠ فۆرمی بۆ زیندانیانی سیاسی شەڕی ناوخۆ کەسەر بەیەکێتی بوون، پڕکردووەتەوە.

عەبدولی حاجی عەزیز وتی «بەپێی ڕێنماییو زانیاریەکان کە بەئێمەیان داوە، لەشێوازی پڕکردنەوەی فۆرمەکەدا هەڵەماننەکردووە، بەڵام ئیتر نازانم دواتر خەڵکێک بکرێتە زیندانی سیاسی شەڕی ناوخۆ کە ٣ مانگ کەمتر زیندانی کرابێت، ئەوەیان نازانم».

ئەحمەد مام ڕەسوڵ بەڕێوەبەری کاروباری زیندانییە سیاسییەکانی هەرێم، دەڵێت یەکێتیو پارتی داوایان لەسەرۆکی حکومەت کردووە، کەحکومەت ئەو قەرەبووکردنەوەیە بکات، ئەویش ڕەزامەندی دەربڕیوە، وتی «ڕەنگە قەرەبوویان بکەنەوە».

# داوادەکرێت کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دژی ئێران هانبدرێت

## «لەسەر بەکارهێنانی چەکی قەدەغەکراو، دەبێت سکالا لەدژی کۆماری ئیسلامی تۆماربکرێت»

هیوا سەلیمی

داوادەکرێت میدیاکانو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، زیاتر فشار دروستبکەن تا کۆماری ئیسلامی ئێران، ناچاربکرێت تۆپبارانەکان رابگرێت، کە بەهۆیەوە زیانی گیانیو مادی بەهەرێمی کوردستان گەیشتووە.

شێرزدا حسێن چالاکوانی بواری ژینگەپارێزی لەلێداوانێکدا بۆ دەستوور دەڵێت ڕاگەیاندنی کوردی پێویستە قسەی زۆرتر، بابەتیانەتر، وردترو زانستیانەتر لەسەر ئەم تۆپبارانە بکات، چونکە ئەم بابەتە یەکێکە لەو بابەتانەی کەدژی یاسایە، دژی مافی مرۆڤو دژی جەستەی مرۆڤە.»

لەبەشێک لەهەواڵەکانی پەیوەندیدار بەزیانەکانی تۆپبارانەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ سەر خەڵکی ناوچە سنووریەکان، چەندین لایەنی ئەم زیانانە خراوەتەڕوو. بۆ نمونە، لەئەنجامی تۆپبارانەکانی حکومەتی ئێران لەناوچە سنوورییەکانی دەڤەری باڵەکایەتیو پشدەر لەیەک ساڵی رابردوودا، زیاتر لە ٥٠٠ پوورە هەنگی ئەو ناوچانە بەماددە کیمیاوییەکانو پاشماوەی ژەهری تۆپبارانەکان لەناوچوون. هەروەها کەرتی کشتوکاڵی ناوچەکانی بناری قەندیل بەهۆی ئەم بارودۆخە، خەریکە پەکی دەکەوێ.

لەلایەکیترەوە هەواڵێکی جێگەی سەرنج لەمبارەوە بڵاوکراوەتەوە، لەم هەواڵەدا هاتووە کەبەڕێوەبەری شارەدێی وەرتێ لەلێدوانێکدا بۆ ئاژانسی پەیامنێر، باسی لەئەنجامی پشکنینیە پزشکییەکان لەسەر خەڵکی ناوچەکە دەکاو ناوبراو بەم هەواڵنێرییەی ڕاگەیاندووە کە ٤٥ حاڵەتی ئازارە جەستەییەکانو لەوانە نووسانی دەنگ، خورانی چاو لەلای ئەوان تۆمارکراوە. ئەمەش بۆ چەشنی مادەکانی بەکارهاتوو لەبۆمبەکان دەگەڕێتەوەو بەپێی هەموو ڕێککەوتنە جیهانییەکان، ئەم بابەتە تاوانی دژی مرۆڤایەتییە.

دکتۆر هیدایەتووڵڵا مەتین پسپۆڕو یاساناسی ناسراوی ئێرانی، لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور دەڵێت بەبڕوای ئەو ئەگەر ئەو حاڵەتانە ڕاست بێو بابەتی لەو شێوە بوونی هەبێ، پێویستە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی لەهەرێمی کوردستاندا، هەروەها حکومەتی هەرێمی کوردستانو عێراق سکاڵا لەدژی کۆماری ئیسلامی لەناوەندە جیهانییەکان بەرزبکەنەوە، وتی «بێگومان وەڵامی شیاو بەم مەسەلە دەدرێتەوە. لەبەرئەوەی کە بەکارهێنانی ئەم جۆرە چەکانە بەشێوەیەکی ڕەها قەدەغەکراوەو سزای قورس بۆ بەکارهێنەرانی ئەم چەکانە دەستنیشانکراوە.»

شێرزاد حسێن دەڵێت زیانەکانی تۆپباران بێشومارن، وتی «لەلایەنی دەروونی، خەڵکی ئێمە لەسەر سنوورەکانو بگرە ناوەوەی کوردستانیش، لەحاڵەتێکی شپرزەیی، بێ تاقەتیو لەحاڵەتێکی نائاسایدایە، چونکە تۆپبارانکردن بەمانای بارینی بۆمب، واتە بارینی ئاگر بۆسەر جەستەی مرۆڤەکانو جەستەی خاکەکەیەتی. لایەنی دووەم لایەنی جەستەییە، ئێمە دوو جەستەمان هەیە کەلێرە تووشی زیانی گەورە هاتووە، یەکەم جەستەی مرۆڤەکانو دووەم جەستەی خاکەکەمانە. بۆ جەستەی خاکەکەی ئێمە کەتووشی سووتانێکی زۆر بووە، ئەمەش ژینگەیەک یاخود بڵێین ژیانە لێرە سووتاوەو مردن لێرە زۆرتر دەبێت. واتە سووتاندن مانای ئەوەیە ئێمە تووشی حاڵەتێک بووین بۆ دروستکردنی ڕێژەیەک، پانتاییەک یاخود بڵێین زیاتر لەمردن. ئەم ژینگە پیسەی کەدروستدەبێت، زەرەر بەئابووری ئێمە، زەرەر بەژینگەی ئێمەو تەنانەت زەرەر بەجوانی ئێمەش دەگەیەنێت.»

# خێری بازرگانەکان، تینویەتی حکومەت ناشکێنێت

## هاووڵاتیان بەدروستکردنی مزگەوتو نەخۆشخانەو قوتابخانە هاوکاریی حکومەت دەکەن

مەعازو محەمەد لەسلێمانی

کەسایەتییە دەوڵەمەندو بازرگانەکان بەدروستکردنی مزگەوتو قوتابخانەو بنکەی تەندروستی، خێرو چاکە بەرامبەر خەڵکو حکومەت دەکەن، هەندێکیشیان تەواوی موڵکەکانیان دەدەنە حکومەت.

بەپێی بەدواداچوونێکی دەستوور بۆ ئەو موڵکو خانوانەی لەلایەن هاووڵاتیانەوە بەخشراون، بەوەزارەتەکانی ئەوقافو کاروباری ئیسلامیو وەزارەتی پەروەردەو وەزارەتی تەندروستی، ئەوکەسانەی کە لەسەر ئەرکی خۆیان قوتابخانەو مزگەوتو بنکەی تەندروستیان دروستکردووە، دەردەکەوێت وەزارەتی ئەوقاف زۆرترینو پەروەردەو تەندروستی کەمترین هاوکاری کراون لەلایەن هاووڵاتیانەوە.

بەرپرسانی وەزارەتەکانی پەروەردەو تەندروستی دەڵێن، پێویستیان بەبینای زیاتر هەیە بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری پێویست بەخەڵک، لەبەرئەوەی حکومەت ناتوانێت هەمووی دابینبکات، بۆیە دەڵێن بازرگانەکان وەک پێویست هاوکاریان نەکردوون.

ئەو بازرگانانەی کەقوتابخانەو بنکەی تەندروستیان دروستکردووە، بەپەنجەی دەست دەژمێردرێن، بەڵام بەدەیان بینای حکومەتیش لەلایەن حیزبەکانەوە داگیرکراوە.

بەپێی بەدواداچوونەکەی دەستوور لەماوەی ١٨ مانگدا لە٢٠٠٩ بۆ ٢٠١٠ پانزە کەس لەسەر حیسابی خۆیان مزگەوتیان بۆ ئەوقاف کردووەتەوە، پەروەردە شەش قوتابخانەو وەزارەتی تەندروسیش هەگبەکەیان بەتاڵە لەم هاوکاریکردنانەدا.

حسێن ماوەتی خاوەنی پێشانگای ئۆتۆمبێلی جوتیار لەسلێمانی، تائێستا مزگەوتێکو هۆڵێکی پرسەی دروستکردووە، دەڵێت «مزگەوتێکم لەقەرەداغ دروستکردووە، خەڵکی ئەوێ مزگەوتیان نەبوو، پێویستیان پێی بوو، هەروەها لەماوەت هۆڵێکی پرسەم دروستکردووە، خەڵکی ماوەت لەکاتی پرسەدا هیچ شوێنێکیان نەبوو، منیش لەبەرخاتری خودا ئەو هۆڵە پرسەیەم بۆ دروستکردن».

ماوەتی داواکارە لەدەوڵەمەندەکان هاوکاری هاووڵاتیان بکەن، دەڵێت «بەڕاستی شوێنی زۆر هەیە کەپێویستیان بەمزگەوتو قوتابخانەو بنکەی تەندروستی هەیە، بەتایبەت گوندەکان، کارێکی چاکە بۆ هەردوو دونیا».

ماوەتی وتی «هەرچییەک لەتوانامدا بێت لەپێناو خزمەتکردنی وڵاتەکەمدا ئامادەم بیکەم».

هەندێک کەسایەتی هەن لەکوردستاندا بەو جۆرە کارانە هەڵدەستنوماڵی خۆیان دەبەخشن بەوەزارەتەکان، هەندێکیش وەسیەتدەکەن کەدوای مردنیان، موڵکەکانیان ببەخشرێت بەوەزارەتێک بۆ ئەوەی بکرێت بەپرۆژەی خزمەتگوزاری.

بەپێی زانیارییەکانی دەستوور جەلالی سام ئاغا سەرۆکی دیوانی چاودێری دارایی سلێمانی کە پلەی وەزیری هەیە، ئەو کاتەی کەبریکاری وەزارەتی دارایی و ئابوری بووە لەئیدارەی سلێمانی، خانویەکی لەسەرچنار بەخشیوە بەوەزارەتی تەندروستی، کەنرخەکەی حەوت سەدو پەنجا «٧٥٠» هەزار دۆلار بووە، لەساڵی ٢٠٠١ لەسەر وەزارەتی تەندروستی تۆماریکردووە.

هەروەها پارچە زەوییەکی بەخشیوە بەدیوانی چاودێری دارایی، کە فرۆشراوە بە«٦٠»هەزار دۆلار، پارەکەی لەبانقدا دادەنرێتو سوودی ئەو بڕە پارەیە ساڵانە وەک پاداشتو دەستخۆشانە دەدرێت بەسێ فەرمانبەری دیوان کەکارەکانیان بەرێکوپێکی بەڕێوەدەبەن، لەگەڵ سێ خانمی چالاکی ناودیوان.

جەلالی سام ئاغا بەباشی نازانێت کارەکانی ئەو لەراگەیاندنەکاندا بڵاوبکرێنەوە، بەدەستووری وت «رازی نەبووم لەڕاگەیاندندا بڵاوبکرێنەوە، کاتی خۆی د. بەرهەم کەسەرۆکی حکومەت ئیدارەی سلێمانی بوو، لەگەڵ د. یادگار رەوف کەوەزیری تەندروستی بوو، پێیانوتم با لەڕاگەیاندنەکاندا ئەم خانوانەی تۆ بڵاوبکرێنەوە، بەڵام من ئامادەنەبووم».

جەلالی سام ئاغا وتیشی «تەنها ئەو خانوەو پارچە زەوییەم هەیە کە بەخشیومە، لەهیچ شوێنێکی تر یەک شت نییە کە بەناوی منەوە بێت».

جەلالی سام ئاغا پێیوایە خێرو بەخشین، دەبێت هەموو کەس لەخۆیەوە فێربێت نەک لەخەڵکی ترەوە، سام ئاغا بەدەستووری وت «من لەکەسەوە فێری ئەوە نەبووم کەماڵی خۆم ببەخشم تاخەڵک لەمنەوە فێربێت، هەرکەسێک دەیەوێت ماڵی ببەخشێت، پێویست ناکات چاولەخەڵکیتر بکات، دەبێت خۆی ئەوهەستەی لادروستببێت کەخەڵکی پێویستیان بەیارمەتی ئەوە».

بەهۆی ئەوەی زۆرینەی دانیشتووانی کوردستان موسڵمانن، بۆیە هاووڵاتیان زیاتر مزگەوت دروستدەکەن. بەپێی ئامارێکی موڵکەکانی ئەوقاف لەماوەی ١٨ مانگدا لە٢٠٠٩ بۆ ٢٠١٠ پانزە کەس لەسەر حسابی خۆیان مزگەوتیان بۆ ئەوقاف کردووەتەوە.

شێخ ناجیح بەڕێوەبەری موڵکەکانی ئەوقافی سلێمانی سەبارەت بەوەقفی کەسی لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور دەڵێت کەوەقف (بەخشینی موڵک) لەسەرچاوە ئاینییەکەیەوە جۆرێکە لەخێر، لەساڵانی سەدەی رابردوودا تا پەنجاکانیش، وەقف بەشێوەیەکی زۆر هەبووە، بەڵام لەوکاتەوە کەئەوقاف لەدیوانەوە بووەتە وەزارەتو پارەی مامۆستاو پێداویستییەکانی تری ئەوقافی دابینکردەوە، وردەوردە بەرەوە کەمبوونەوە رۆیشتووە.

شێخ ناجیح وتی «ئێستا حکومەت زەوی دابیندەکاتو خەڵکیش مزگەوت دەکاتەوە، بۆیە ئێستا ئەوقاف چەندین موڵکی وەقفی گەورەی هەیە کەساڵانە داهاتێکی زۆر بۆ ئەوقاف دەستدەخات، ئەو داهاتەش ناچێتە خەزێنەی دەوڵەتەوە، بەڵکو ئەو پارەیە کۆدەکرێتەوەو لەپرۆژەی خێریدا سەرفدەکرێت».

فەتاح عەزیز بەڕێوەبەری بیناسازی لەبەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی سلێمانی، دەڵێت ئەو هاووڵاتیانەی کەبەخشین (تەبەرۆع) دەکەن بۆ پەروەردە زۆر کەمن، تەنها چەند حاڵەتێکی لەو شێوەیە هەیە، لەچەمچەماڵ عەشرەتی زەنگەنە بنەماڵەی کەریم ئاغای هەمەوەندی قوتابخانەیەکی شەش پۆلی دروستکردووە، لەسلێمانیش کەسێک قوتابخانەیەکی شەش پۆلی دروستکردووە، هەروەها جەمالی حاجی عەلیش لەگەڕەکی شەکرەکە قوتابخانەیەکی شەش پۆلی دروستکردووە، فریای کوڕی حاجی محەمەدی بامۆکی قوتابخانەی زەرگەتەی نۆژەنکردووەتەوە، لەهەڵەبجەی شەهیدیش چەند نۆژەنکردنەوەیەکیان کردووە، لەبامۆکیش قوتابخانەیەکیان دروستکردووە.

بەرپرسانی پەروەردە پێیانوایە دروستکردنی قوتابخانە لەمزگەوت پێویستترە، بەهۆی ئەوەی ئێستا قەرەباڵغی پۆلەکان، ئاستی زانستی قوتابخانەکانی دابەزاندووەو زیانی بۆ داهاتووی وڵات هەیە.

فەتاح عەزیز دەڵێت «تێناگەم خەڵک بۆ حەزدەکات مزگەوت بکاتەوە، بەڵام بیر لەوە ناکاتەوە قوتابخانەیەک دروستبکات، کەئەویش شوێنێکی پیرۆزە، پێویستە بۆ پێشکەوتنی وڵات».

بەڵام وەزارەتی تەندروستی لەساڵی رابردوودا هیچ بنکەیەکی تەندروستی بۆ دروستنەکراوە، هەروەها هیچ کەسێکیش موڵکەکانی وەقف نەکردووە لەسەر ئەو وەزارەتە.

عەبدوڵڵای حاجی لایەق لەبەشی یاسای تەندروستی سلێمانی دەڵێت هیچ کەسێک هێشتا بەڕەسمی موڵکی وەقف نەکردووە، وتی «هەشبێت، ئەوا تەنها وەسیەتنامەیەو هێشتا نەخراوەتە سەر وەزارەت بەڕەسمی، بۆیە زۆرجار ئەگەر کەسێک بیەوێت موڵکەکانی خۆی ببەخشێت بەوەزارەتێک یان هەرلایەنێک، ئەوا دەبێت عەریزەیەک بداتو بڕواتە بەشی یاسایی ئەو شوێنە بۆ ئەوەی موڵکەکانی وەقف بکات».



ئەو خانوەی کەجەلالی سام ئاغا بە بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی سلێمانی بەخشیووە

فۆتۆ: معاز فەرحان

# بەناوبانگترین هاوینەهەواری سلێمانی، پشتگوێدەخرێت

## ئەحمەدئاوا ... پەناگەیەکی ئارامو هاوینەهەوارێکی بێ خزمەت

محەمەد حەمەنەجیب

ئەو رۆژەی خێزانەکەی شەیدا شەریعەتی بڕیاریاندا لەئێرانەوە بێنە کوردستانو سەردانی هاوینەهەواری ئەحمەدئاوا بکەن، یەکێک بوو لەرۆژە خۆشەکان بۆ شەیدا شەریعەتی، چونکە ناوبانگی ئەو هاوینەهەوارەیان زۆر بیستبوو، بەڵام هەر کەدەگەنە ئەحمەدئاوا، شەیدا لەهاتنەکەی پەشیماندەبێتەوە.

شەیدا شەریعەتی، تەمەن ٣٤ ساڵەو تەنورەو بلوزێکی رەشی لەبەردابوو، لەچکەکەشی لەنیوەی ناوچاوانیدا بەستبوو، وتی «ئاواتەخوازبووم ئەم هاوینەهەوارە ببینم، چونکە زۆر باسی ئێرەیان بۆ کردبووم، بەڵام خۆزگە نەهاتمایە».

شەیدا وتی «ئێرە رێگاوبانەکەی زۆرناخۆشەو جێگەی مەترسیشە، شوێنی حەوانەوەشی بۆ گەشتیاران لێنییە».

بەناوبانگترینو یەکێک لەخۆشترین هاوینەهەوارەکانی پارێزگای سلێمانی، لەئێستادا بەلای گەشتیارانەوە بێ خزمەتگوزاریترین هاوینەهەواری ئەو ناوچەیەیە، هاوینەهەوارەکە جگە لەنەبوونی شوێنی حەوانەوە، رێگاوبانێکی قیرتاونەکراو و ناخۆشی هەیەو خزمەتگوزارییەکەشی بەپێی پێویست نییە.

هاوینەهەواری ئەحمەدئاوا ساڵانە گەشتیارێکی زۆری ناوخۆیو دەرەکی رووی تێدەکەن، بەڵام لەرووی خزمەتگوزارییەوە بەدەست چەندین کێشەی وەکو نەبوونی رێگاوبانو شوێنی حەوانەوەو پاکو خاوێنییەوە دەناڵێنێت.

قادر جەلال، تەمەن ٥٥ساڵ، کە لەتاو ئارەقو ماندووبوندا بەردەوام ئاوی دەکرد بەدەموچاویداو ماندوبوونێکی زۆری پێوە دیار بوو. دەڵێت ئەحمەدئاوا شوێنێکی زۆر دێرینەو خۆشە، بەڵام بەپێی پیویست خزمەتنەکراوە.

لەئەحمەد ئاوا ئەگەر گەشتیارێک بیەوێت بگاتە سەرچاوەی ئاوەکە، ئەوا زۆر ماندوو دەبێت، چونکە رێگای چوون بۆ سەرچاوەی ئاوەکە نارەحەتە.

قادر جەلال کە بەکاتژمێرێکو ١٥ خولەک گەیشتبووە سەرچاوەی ئاوەکە، وتی «ئەم سەرچاوەیە ئەگەر لەهەر وڵاتێکی تری دونیادا بوایە، ئەوا گەورەترین سەرمایەی ئابووری لێدەهاتە بەرهەمو سەدان خێزان لێرە کاریان دەکردو سوودیان لێوەردەگرت، بەڵام شوێنەکە ئەوەندە نارەحەتو بێ خزمەتە کەتەنها ماندوبوونت بۆ دەمێنێتەوە».

ئەو ئەحمەد ئاوای بەسەیرانگا دانەنا، «ئێرە ماندووبونگایە». قادر وای وت.

بەپێی ئامارێکی بەڕێوەبەرایەتی ئاوی سەرزەوی لەبەشی پێوانە ئاوییەکان، رێژەی ئاوی سەرچاوەی زەڵم دەگاتە ٢٥٦٠٠٠ گاڵۆن بۆ یەک رۆژ، ١٧٤٠٠گاڵۆن بۆ یەک خولەک، بەرزترین ئاستی ئاوەکەی لەمانگی نیسانیدایە کەدەگاتە ٢و٧٥سم دووجاو نزمترین ئاستیشی لەمانگی ئەیلولدایە کەدەگاتە ١٦و٩سم دووجا.

سەرچاوەی زەڵم دەکەوێتە خۆرهەڵاتی خورماڵ، سەرچاوەی هەڵقوڵانی ئاوەکەی دەکەوێتە گوندی زەڵم لەتاڤگەی زەڵم لەشاخی هەورامان، کە لەبەرزی ٢٥٧١ مەتر تێدەپەڕێت، بەدۆڵێکی بەردی قوڵدا لەباکووری رۆژهەڵات بەئاڕاستەی باشووری رۆژئاوا، کەرووبەرکەی ٢١ کیلومەترە تادەگاتە دەربەندیخان.

کازم محیدین لێپرسراوی بەشی خزمەتگوزاری هاوینەهەواری ئەحمەدئاوا، دەڵێت هەموو مانگێگ ٢٦ جار پاشماوەی گەشتیاران لەسەرچاوەی زەڵمەوە بۆ بەنی پەڵگ، کەدەگاتە نزیکەی ٥٠ تەن دەگوازنەوە.

کازم وتی «کێشەی سەرەکی ئێمە ئەوەیە کەهاووڵاتیان بەپێی پێویست پاکوخاوێنی راناگرن».

کازم ئاماژەی بەوەدا کەساڵانە نزیکەی نیو ملیۆن گەشتیار روودەکەنە ئەحمەدئاوا، گەشتکردن بۆ ئەحمەدئاوا لەوەرزی بەهاردا دەستپێدەکات تا کوتایی وەرزی هاوین، لەماوەی سێ مانگدا نزیکەی ٢٥٠٠ هەزار گەشتیار روویتێکردووە.

دلێر عەبدلڕحمان مستەفا، کە لەشاری هەولێرەوە سەردانی ئەو هاوینەهەوارەی کردبوو، وتی «ئێرە زۆر خۆشە، زۆربەی شوێنەکانیتری کوردستان گەڕاوم، بەڵام بڕواناکەم هیچیان بەقەدەر ئێرە خۆشبن».

هەروەها رایگەیاند «حکومەت زۆر کەمتەرخەمبووە لەڕووی خزمەتگوزاری رێگاوبانو شوێنی حەوانەوەوە، جیاوازی کراوە لەنێوان ئەحمەدئاواو ئەو شوێنانەی کەنزیکن لەپایتەختەوە، بۆیە پێویستە حکومەت گرنگی زیاتری پێبدات بۆ ئەوەی لەرووی ئابوورییەوە داهاتێکی باشی ببێت بۆ حکومەتو خەڵکیش».

ئەحمەد ئاوا لەلایەن وەزارەتی گەشتوگوزارەوە بەپێی زانیارییەکانی بەڕێوەبەری ناحیەی خورماڵ بودجەیەکی بۆ دەرچووە تاوەکو خزمەتگوزاری زیاتری بۆ بکرێت.

سمکۆ سالار بەڕێوەبەری ناحیەی خورماڵ وتی «بودجەکە بەدوو قوناغ یا دووساڵ دەدرێت، کەئەو بودجەیە چاککردنی رێگاوبانەکەشی تیدایە، بۆیە داوامان لەبەڕێوەبەرایەتی گەشتوگوزاری سلێمانی کردووە، کەیەکەمجار رێگاوبانەکەی چاکبکرێت، دواتر خزمەتگوزارییەکانی تری بۆ بکرێت».

سمکۆ دەڵێت ئەو کابینانەی کەچەند ساڵێکە دروستکراون، ئێستا لەبەرنامەدایەو بانگەوازیان بۆ کراوە بۆ ئەوەی هەندێک کەموکورتییان هەیە، چاکبکرێنو لەسەر ئەو بودجەیەی کەتەرخانکراوە بۆ هاوینەهەواری ئەحمەدئاوا، پاشان دەکرێنەوە.



# بەرهەمەکەی بۆ حکومەتو تۆزەکەی بۆ خەڵکی تەکیە!

## هاووڵاتیانی ناحیەی تەکیە دەڵێن ئەو کارگە گەچەی کە لەناحیەکەیاندا هەیە، تەنها تۆزەکەی بۆ ئەوانە

کاروخ نامیق

هاووڵاتیانی ناحیەی تەکیە بێزاری خۆیان لەتەپوتۆزی ئەو کارگەیە دەردەبڕن کەبۆ بەرهەمێنانی گەچ، سالانێکە لەشارۆچکەکەیان کراوەتەوە. بەڕێوەبەری کارگەکەش دەڵێت ماوەیەکە ئەو گلەییانە کەمتر بووەتەوە بەهۆی دانانی فلتەرێک بۆ ڕێگریکردن لەبڵاوبوونەوەی تەپوتۆز.

خەڵکی تەکیە دەڵێن کارگەکە تەنها تۆزەکەی بۆ ئەوانە، قازانجی بەرهەمەکەی بۆ حکومەتو ناوەکەشی بۆ بازیانە، چونکە کارگەکە بەناوی گەچی بازیانەوە نراوە.

کارگەی گەچی هونەریی بازیان لەساڵی ١٩٨٢ لەلایەن کۆمپانیایەکی ئەڵمانییەوە دروستکراوە بەناوی (کلۆب)، لەساڵی ١٩٨٢-١٩٨٣ دەستی بە بەرهەمهێنان کردووە، ئەو کارگەیە ئێستا سەر بەوەزارەتی پیشەسازیو بازرگانی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، بەسەرجەم بەشەکانەوە ٧٤ کارمەند کاری تێدادەکەن، موچەکانیان بەپێی سیستمی موچەی کارمەندانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕێکخراوە (بەپێی خزمەتو بڕوانامە).

کارگەکە کەوتووەتەوە ناو شارۆچکەکەوە، بەهۆی فراوانبوونی ناحیەکەشەوە چەندین گەڕەک لەنزیک ئەو کارگەیە دروستبوون، کاتی کارکردنی کارگەکەش دەبێتە هۆی بێزاربوونی زۆرینەی هاووڵاتیان.

هەرێم لوقمان ٢١ ساڵ، دانیشتووی شارۆچکەی تەکیە بەدەستووری وت "لەهیچ وڵاتێکدا نییە کارگەی لەو جۆرە لەناو شارەکاندا بێت، جا ئەگەر ئەو کارگەیە گەچ بێت، چونکە تەپوتۆزو دوکەڵێکی زۆری هەیە".

ئەو گەنجە گلەییکرد "کارگەکە لەناو جەرگەی ناحیەی تەکیە بەناوی بازیانەوەیە، بەرهەمەکەی بۆ خەڵکی تەکیە نییە، تەنها تەپوتۆزو دووکەڵەکەی نەبێت".

بەهۆی ئەوەی تەپوتۆزی کارگەکە نزیکەی سێ گەڕەکی شارۆچکەکە دەگرێتەوە، هاووڵاتیانی بێزارکردووە، ئەوان ئاماژە بۆ ئەوەدەکەن کەدووکەڵو تەپوتۆزی ئەو کارگەیە بێزاریکردوون.

هونەر محەمەد، دانیشتووی تەکیە دەڵێت "ئەم کارگەیە بۆ دانیشتووانی تەکیە خراپییەکانی زۆرترە لەباشییەکانی لەبەرئەوەی تەپوتۆزەکەی دانیشتووانی ئەم شارۆچکەیەی بێزارکردووە، هەرچەندە ئێستا تاڕادەیەک کەمبووەتەوە".

> هاووڵاتیانی تەکیە حەزدەکەن لانیکەم ناوی کارگەکە بەناوی تەکیەوە بێت

سەرەڕای ئەوەی کارگەی گەچی هونەریی بازیان لەڕۆژێکدا ٤٠٠ تەن گەچ بەرهەمدەهێنێت، بەڵام ئەوەی بەرهەمیدەهێنێت بەتەواوی لەبازاڕەکاندا ساغنابێتەوە، هاووڵاتیانیش دەڵێن دەبێت کارێک بکرێت بۆ ئەوەی تەپوتۆزەکەی نەمێنێت.

ئازاد محەمەد ئەمین حەسەن بەڕێوەبەری کارگەی گەچی هونەریی بازیان، لەبەرامبەر گلەیی دانیشتووانی تەکیە دەڵێت پێش پرۆسەی ڕزگاری عێراق، هەندێک کێشە لەکارگەکە هەبوو، بەتایبەتی لەڕووی فلتەرەکانەوە کەپێی دەوترێت سەکشن فان، تەپوتۆزی گەچەکەی گلنەدەدایەوە.

ئەو وتی "بەڵام لەدوای پرۆسەی ئازادی عێراق کەبازاڕەکانی کوردستان بەڕووی دەرەوەدا کرایەوە، فلتەری تازەمان بۆ کڕیو ئێستا فلتەرەکانمان زۆر چاکە، تەپوتۆزەکەی تاڕادەیەکی زۆر کەمیکردووە، تەنها لەحاڵەتێکدا ئەگەر کێشەی کارەبامان بۆ دروستبێت، هەندێک تەپوتۆز دەکات".

چەندجارێک بەڕێوەبەرانی کارگەکە هەوڵیانداوە ناوەکەی بگۆڕن، بەڵام سوودی نەبووەو ئێستاش هەر بەناوی بازیانەوەیە، هاووڵاتیانیش حەزدەکەن لانیکەم ناوەکەی بەناوی تەکیەوە بێت.

ئازاد محەمەد بەدەستووری وت "لەبەرئەوەی لەساڵانی ٨٢-٨٣ ئەم کارگەیە دروستکراوە، واتا لەسەردەمی حکومەتی بەعس، بۆیە ناوەکەشی پێدەچێت مەسەلەیەکی سیاسی لەپشتیەوە بێت، کەکارگەکە خۆی لەتەکیەیەو ناونراوە کارگەی گەچی هونەریی بازیان".

ئەو وتی "لەساڵانی ڕابردوودا پێشنیازمان بەرزکردووەتەوە بۆ سەرووی خۆمان، ویستوومانە ناوەکەی لەبازیانەوە بگۆڕین بۆ کارگەی گەچی تەکیە، بەڵام وتیان لەبەرئەوەی ناووناوبانگی واڕۆیشتووەو لەکۆمپانیای کلۆبی ئەڵمانیش بەو ناوە تۆمارکراوە، بۆیە ئامادەنەبوون ناوەکەی بگۆڕن".

حاکم عومەر فەرەج بەڕێوەبەری ناحیەی تەکیە لەلێدوانێکدا بەدەستووری وت "من لە ٥/٢٠ ئەمساڵ بوومەتە بەڕێوەبەری ناحیەی تەکیە، تائێستاش دانیشتووانی ئەو گەڕەکانەی نزیک کارگەی گەچی هونەریی بازیان، هیچ داواکارییەکی لەو جۆرەیان ئاڕاستەی ئێمە نەکردووە، تا لەگەڵ کارگەکە قسەبکەینو چارەسەرێکی گونجاو بۆ کێشەکەیان بدۆزینەوە".

هەروەها وتی "بەدواداچوون بۆ داواکاریی ئەو گەڕەکە دەکەین، کەشفی شوێنی گەڕەکەکەو کارگەکە دەکەین، چ بڕیارێک گونجاوبێتو لەقازانجی خەڵک بێت، دەیدەین".

# فەزیحەیەکی ئەنجومەنی زانکۆی سلێمانی

مامۆستایەکی زانکۆی سلێمانی

لەکێشەیەکی دروستکراوی مامۆستایەکی زانکۆدا، ئەنجومەنی زانکۆی سلێمانی لەسەر داوای راگری کۆلێژەکە لەمانگی ٢٠٠٩/٦ بڕیاری پێکهێنانی لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە دەدات. دوای سێ ڕۆژ لیژنەکە پێکدێت. پێشتر مامۆستاکە ڕوونکردنەوەیەکی سێ لاپەرە لەسەر کێشەکە پێشکەش بەسەرۆکی زانکۆ دەکات، بەڵام بەدواداچوونی بۆ ناکات.

یەکێک لەئەندامانی لیژنەکە خۆی لایەنێکی ڕاستەوخۆی کێشەکەیەو لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێتە ئەندامی لیژنەکە. دوای دوو هەفتە پرسیارەکان لەلایەن لیژنەکەوە دەنێردرێت بۆ مامۆستاکە. بێئەوەی چاوەڕێی وەڵامی مامۆستاکە بکرێتو بێئەوەی وتووێژ لەگەڵ مامۆستاکەی زانکۆدا ئەنجامدرابێت یان کاتی وەڵامدانەوەی بۆ دیاریکرابێت، بێئەوەی مامۆستاکە واژۆی هیچ نووسراوێکی ئەم لیژنەیەی کردبێت، کەچی لیژنەی لێکۆڵینەوەکە وەڵامەکەی دەنێرێتەوە بۆ سەرۆکی زانکۆو تەوسیەی خۆی دەنێرێت بۆ ئەنجومەنی زانکۆو پێشنیازی سزای ئینزار دژ بەمامۆستاکە دەکات.

بەڵام لەمە فەزیحەتر

بەڵام لەمە فەزیحەتر ئەوەیە کەئەنجومەنی زانکۆ تەنیا سێ ڕۆژ دوای بڕیارەکەی خۆیو بێئەوەی ئەنجامی لیژنەکی پێگەیشتبێتەوە بڕیاری سزای ئینزار بۆ مامۆستاکە دەردەکات. دواتر تۆمەتبارکراو داوای پێداچوونەوە دەکاتو داوای ئەوە دەکات مافی بەرگریکردنی لەخۆی پێ بدرێت، بەڵام ئەنجومەنی زانکۆ بەشێوازێکی نائەکادیمیو نایاساییانەو نادادپەروەرانە مامەڵە دەکاتو بڕیارەکە وەک خۆی دەمێنێتەوە.

لەناو ئەنجومەنی زانکۆدا ئەندامی تێیدایە کەئەم پرۆتۆکۆلەی ئەنجومەنی واژۆکردووە، بێئەوەی خوێندبێتییەوەو ئەمەش یەکەمجار نییە شتی لەم جۆرە ڕوودەدات. یەکێک لەئەندامانی ئەنجومەنی زانکۆ کەبریتییە لەیاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری ئیداری لەوێ لەناو ئەنجومەنەکە وتویەتی "عەلی حەسەن مەجید کەئاشکرایە کۆمەڵکوژەو چەکی کیمیاوی بەکارهێناوە دژی کورد، کەچی مافی ئەوەی درایە بەرگری لەخۆی بکات، بۆ ئەم مافە بەو مامۆستایە نادرێ... تاد".

تەنانەت زیاتر لەبیست خولەک لەنێو ئەنجومەنی زانکۆدا باسی شتی شەخسی ئەم کێشەیە هێنراوەتە پێش، کەئەوێ شوێنی ئەم باسە شەخسیو خێزانیو کۆمەڵایەتییانە نەدەبوو ببێت، ئەمە بێئەوەی سەرۆکی زانکۆ یان نوێنەری مامۆستایان، یان هەر ڕاگرێک ڕێگر بوون لێی. مامۆستاکە داوای کردبوو کەمافی بەرگریکردنی لەخۆ پێبدرێتو بچێتە نێو ئەنجومەنی زاکۆوە بۆ ڕوونکردنەوەو دوای بڕیارەکە بەنووسراویش ڕوونکردنەوەی تەواوی خۆی ناردبوو بۆ ئەنجومەنی زانکۆو سەرۆکی زانکۆ، بەڵام داواکەی ڕەفزکرابووەو پشتگوێخرابوو. ئایا ئەمە پێی دەوترێ زانکۆ؟ ئایا بەم شێوەیە دەمانەوێ نەوەیەکی نوێی ئەکادیمی بەرهەمبهێنین؟

**دەکرێ ئەو مامۆستایە هەر سزایەک بدرێت، بەڵام بەم شێوە نایاساییە نا**

دەکرێ ئەو مامۆستایەی زانکۆیە هەرسزایەک بدرێت، بەڵام دەبێت لەسەر بنەمایەکی یاساییو بەڵگەو مافی بەرگری لەخۆکردنی تێدابێت، نەک پەیوەندی شەخسی ڕۆل ببینێت، نەک بەم میتۆدە هەرزانە زانکۆ کاربکاتو بڕیار لەسەر دکتۆرێکی زانکۆ بدات. ئەنجومەنی زانکۆ لێرەدا خۆی کردووەتە دادگاو ڕۆلی دادوەرێکی زۆر خراپی بینیوە. مرۆڤ کەحوکمیدەدەن، دەبێت مافی بەرگریکردنیشی لەخۆ بدرێتێ. کەسێک بتوانێت بڕیارێکی لەم جۆرە قبوڵبکات، ئەوا دەتوانێت حوکمی کوشتنیش دەربکاتو ئیمزا بکات، چونکە وەک پرەنسیپ هیچ جیاوازییەکی نییە.



**سەرۆکی لیژنەکە یاساناسە!**

ئافەرین ئەکادیمیستو یاساناسەکانی نێو ئەنجومەنی زانکۆ کەسەرۆکی لیژنەکە خۆی یاساناسەو لەسەر لیستی یەکێتی نیشتمانی، ئێستا بۆ ئەم خولە بوو بەئەندام پەرلەمان لەبەغداد، هەروا بەردەوامبن بۆ ئەوەی ببنە نمونەیەکی خراپی زانستو ئیدارە. خۆزگە بەچارەکێکی ئەوە سەرقاڵی ئەو بڕوانامە تەزویرانە دەبوون هی مامۆستایانو خوێندکارە بەرپرسە حیزبییەکان کە لەناو زانکۆدا هەن، هەروەها باشتربوو کەمێک ڕووبەڕووی گەندەڵییەکانی ناو زانکۆ بوونایەتەوە.

وەزیری خوێندنی باڵای لێ ئاگادارکراوەتەوەو سکاڵاش تۆماردەکرێت

ئەم نووسینە ڕووبەڕووی وەزیری خوێندنی باڵاو توێژینەوی زانستی کراوەتەوەو ئەو مامۆستایەش بەنیازە لەدادگا سکاڵا تۆماربکات. ئەمە یەکەم فەزیحەی ئەم زانکۆیە نییەو دواهەمیش نابێت. یەکیک لەئامانجەکان بۆ گۆڕینی ئەم جۆرە دیاردە خراپانەیە لەنێو زانکۆدا بەگشتی. ئەگەر ئەم دکتۆرەی زانکۆ بەرپرسو دەسەڵاتدارێکی حیزبی لەپشت بوایە، دڵنیابن لەوەی کەنەدەوێردرا بەمشێوەیە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت. هەمان دیاردە خوێندکارانو فەرمانبەرانیش دەگرێتەوە.

www.arsivakurd.org

کە سەرنووسەرو جێگرەکەی بەبەشێک لەئامانجە مادییەکانیان گەیشتوون، هیوادارم واز لەم جۆرە کارە بهێنن، لەبەر هیچ نا لەبەرئەوەی لەسەر رەوتێکی رۆژنامەوانیی باش هەژماردەکرێن کە دوو رۆژنامەی باشی وەکو هاوڵاتیو ئاوێنەو رادیۆیەکی وەکو نەوای تێدایە. ئەوەشی کە وایکردووە ئێستا لڤین دەنگی زوڵاڵ نەبێتو نەتوانێت وەک جاران بێمەنتانە وەڵامبداتەوە، ئەو هەموو کارە ناشرینانەیە کە سەرانی لڤین دەیکەن، هەر لەقۆرخکردنی گۆڤارەکەوە لەڕووی مادییەوە، بیگرە هەتا بڵاوکردنەوەی نووسینی بێبنەماو چوونە ناو کۆمەڵێک حساباتی نائەخلاقییەوە، کە تەواو لەو هێزە ئەخلاقییە بەتاڵیکردوونەتەوە کە عەیامێک ئێمە بۆ گۆڤارەکەمان دروستکردبوو.

دەیان نموونەی دیکە لەسەر ئەم کێشە ئەخلاقییانەی لڤین لەبەردەستدان، کە لێرەدا مەودای باسکردنی هەموویان نییە، ئەمە ئەو شتەیە کە دەبێت لەلڤیندا بەعەیبە تەماشابکرێت، نەک ئەوەی سەر بەیەکگرتووە، ئەمە ئەو شتەیە کە دەبێت کەسە پەرێزپاکەکان بەو برادەرانەی لڤینی بڵێنو هەوڵبدەن لێیدووربکەونەوە.

دووەم: سەبارەت بەوەی لڤین سەر بەیەکگرتووە، ئەوەیان بابەتێکە کە لڤین دەبێت وەڵامی راستەقینەی هەبێت بۆ ئەم دانەپاڵە، نەک جنێودانو ناوزڕاندن. من کە لەژمارەی یەکەمەوە لەو گۆڤارەدا کارمکردووە، تا ژمارە ٧٩ش بەڕێوەبەری نووسینی بووم (ژمارە ٧٩ لەرێکەوتی ٢٠٠٨/١١/١٥دا بڵاوکراوەتەوە) ئاگاداریی هەموو وردەکارییەکانی پەیوەندیی لڤین بووم بەیەکگرتووەوە، دەزانم چۆنو چەند پارە وەرگیراوە، چی هێڵی سووربووەو یەکگرتوو چ رۆڵێکی هەبووە لەو گۆڤارەدا، بەڵام وەک هەمیشە ناتوانم راستگۆنەبم، ناتوانم چاو لەوە بپۆشم کە برادەرانی یەکگرتوو بەپێی لاوازیو بەهێزیی ئێمە دەیانتوانی گۆڤارەکە بەکاربهێنن، ئەوان رۆژێک لەرۆژان شتێکیان بەسەردا نەسەپاندووین، بەڵام ئەوە لاوازیی سەرنووسەرو جێگرەکەی ئێستا بوو کە رێگەیانخۆشکرد، تەنانەت ئەندام لقێکی ئەو حیزبە، دەستبخاتە کاروباری گۆڤارەکەوە، هەموو ئەوانەمان کە وازمان لەلڤین هێنا، زۆرجار لەسەرئەوەی لڤین هەر خەریکی رەخنەگرتنە لەیەکێتیو پارتیو هیچ شتێک بەیەکگرتوو و ئیسلامییەکان ناڵێت، چەندجار لەگەڵ کاک ئەمجەد محەمەدی سەرنووسەری پێشووتری لڤین کردوومانەتە شەڕ، تەنانەت جارێک هەر بەکۆمەڵ وازمانهێنا، بەڵام لەهیچکام لەوجارانەدا، نەسەرنووسەرو نەجێگرەکەی ئێستای لڤین، کە ئەوسا بەڕێوەبەری نووسینو دەستەی نووسەران بوون، لەگەڵ ئەم هەوڵەی ئێمە بۆ ئازادکردنی گۆڤارەکە دەستیاننەدایە بەردێک، بگرە جێگری سەرنووسەری ئێستای لڤین لەیەکێک لەقسە هەرە بەناوبانگەکانیدا فەرمووی: من هەرکەسێک سێسەد دینارم بداتێ (کە ئەوسا سویسری بوو) ئامادەم خەیاتییشی بۆ بکەم.

هەموو هەوڵەکانی ئێمە بۆ ئەوەی ئەم گۆڤارە لەتریبۆنێکی شیمانەیی یەکگرتووەوە بکەینە تریبۆنێکی سەربەخۆی راستەقینە، بەهۆی کاکی سەرنووسەری ئێستاو جێگرەکەیەوە وەکو باڵۆنێک فشەبوونەوە، با قسەکانم هەر بانگەشەو تۆمەت نەبن، فەرموون بزانن کێ بەفیعلی هەوڵیدەدا لڤین لەتەپوتۆزی کاریگەرییەکانی یەکگرتوو پاکبکاتەوە (لەیەکێک لەژمارەکانی رۆژنامەی هاوڵاتیدا (بەداخەوە نازانم ژمارە چەندە، بەڵام پێموابێت یەکێک لەژمارەکانی ساڵی ٢٠٠٤ـە) چاوپێکەوتنێکی بەڕێز هێمن قەرەداغی بڵاوکراوەتەوە، ئەو چاوپێکەوتنە من ئامادەمکردبوو بۆ لڤین، هێمن قەرەداغی کە یەکێک بوو

> جێگری سەرنووسەری ئێستای لڤین لەیەکێک لەقسە هەرە بەناوبانگەکانیدا فەرمووی: من هەرکەسێک سێسەد دینارم بداتێ ئامادەم خەیاتییشی بۆ بکەم

لەکوڕە هەرە ڕۆشنبیرو خوێندەوارەکانی ئەوسای یەکگرتوو، تازە بەتازە وازی لەو حیزبە هێنابوو، من بەهۆی ئەوەی نزیکبووم لێیو لەژێرکاریگەریی بۆچوونە رۆشنگەرەکانیدا بووم، چاوپێکەوتنێکم لەگەڵدا کرد، لەو چاوپێکەوتنەدا هێمن رەخنەی زۆری لەیەکگرتوو گرتبوو، کە من هێنامو ویستم بڵاویبکەمەوە، سێ کەس دژی بوون: سەرنووسەری ئەوساو بەڕێز ئەحمەد میرەو جێگرەکەی ئێستای. من پێموتن کە ئەم چاوپێکەوتنە شتێکی هەر زۆر سادەیەو ئەگەر ئێوە نەهێڵن بڵاویبکەمەوە، دەیدەمە رۆژنامەی هاوڵاتی، ئەوان وتیان فەرموو چی لێدەکەیت بیکە، دوو رۆژ دواتر لەرۆژنامەی هاوڵاتی بڵاوبووەوەو من بۆ جاری دووەم لەسەرئەوەی یەکگرتوو بووە بەهێڵی سووری گۆڤارەکە، وازم لەلڤین هێناو نێوانی منو کاک ئەمجەدو ئەو دوو برادەرەی دیکە تێکچوو، بەڵام هاوڕێیانم لەلڤین زمناکۆ ئەنوەرو فازڵ نەجیبو بەرهەم عومەرو فرمان عەبدولڕەحمانو محەمەد شێخ فاتیح هەڵوێستێکی زۆرجوامێرانەیان نواندو وتیان یاسین نەگەڕێتەوە، ئێمەش کارناکەین، ئەوەبوو دواتر بەموبادەرەیەکی مامۆستا ئەمجەد محەمەدو بەومەرجەی لەمەودوا بابەتی رەخنەییش لەسەر یەکگرتوو دابەزێت، من گەڕامەوە.

نموونەی دووەم کە شیاوی باسکردنە بڵاوکردنەوەی بابەتێک بوو لەسەر کوڕو کچێکی مەکتەب سیاسییەکی یەکگرتوو، کە بەواسیتەی مام جەلال لەزانکۆی سلێمانی وەرگیرابوون، لەکاتێکدا نمرەکانیان بایی هێندە نەبوو کە لەکۆلێژەکانی بەیانیان بخوێنن، لەغیابی سەرنووسەردا، من ئەو بابەتەم بڵاوکردەوە، بەڵام کێ باجەکەیدا؟ بێگومان من. من کە ئەوسا لەڕێکخراوی رابیتەی ئیسلامیی کوردی سەر بەیەکگرتوو، لێپرسراوی راگەیاندنی لقی سلێمانیی بووم، بەهۆی ئەو بابەتەوە دەرکرام، نەک دەرکردن بگرە سووکایەتیم پێکرا، بەڕێوەبەری ئەو رێکخراوە پێیوتم ئەگەر دەتوانیت دەتکەین بەپاسەوانی بارەگاکە (سەیرکەن! لەلێپرسراوی راگەیاندنەوە بۆ پاسەوان! ئەمەش لەبەرچی، لەبەرئەوەی کەمێک راستگۆبین لەگەڵ خۆمانداو چۆن رەخنە لەخەڵک دەگرین، لەیەکگرتووشی بگرین). مووچەی ئەوسای من، نزیکەی یەک دوو هەزار دیناری سویسری بوو، هەر گوێشمپێنەدا، لەبەرئەوەی باوەڕم بەشتێک بوو کە ناوی لڤین بوو، بەو هیوایەوە کارمدەکرد، کە ئەم گۆڤارە دەبێتە یەکێک لەباشترین گۆڤارەکانی کوردستان.

تا ژمارە ٧٩، ئەوەی بەمنو بەهاوڕێیانی دەستلەکارکێشاوەم کرابێت، نەمانهێشتووە رەخنەکردنی یەکگرتوو و ئیسلامییەکان لەلڤین ببڕێت (بێگومان رەخنەی مەوزوعیی دوور لەهەر غەرەزێکی شەخسی) ئەوە لەپاڵ رەخنە توندەکانمان لەپارتیو یەکێتی. تا ئەو ژمارەیەش ئاگاداری گۆڤارەکەین، ئیتر لەوە بەدوا گۆڤارەکە خاوەنی خۆی هەیە (وهم ادری بشعوبها)...

سێیەم: سەبارەت بەوەی ئێمە لەدەزگاکەی د. بەرهەم کارمانکردبێتو رەخنەمان لێنەگرتبێت لەلڤیندا، پەیوەندیی بەمنەوە نییە، من لەخەندان کارمکردووەو هەر لەئاسۆی گەنجیش کە پاشکۆی رۆژنامەی ئاسۆ بوو، چەندانجار بابەتی رەخنەییم لەسەر د. بەرهەم دابەزاندووە، من لەمەدا دەتوانم پەرێزپاکیی خۆمو بەڕێز هەردی مەهدی کە لەو پاشکۆیەدا کاریدەکرد بسەلمێنم، کە هەرگیز کارکردنمان لەو پاشکۆیەدا نە لەبەر پارە بووە، نە بەو هۆیەشەوە لەلڤیندا خاتری د. بەرهەممان گرتووە، ئەمە هەر لەبنەماوە راست نییە، چونکە ئێمە دواتر لەو دەزگایەدا پۆستی زۆر بەرزیشمان پێدرا نەمانکرد، بەتایبەتیی دوای ئەوەی رۆژنامەی ئاسۆ هیچ رەونەقێکی نەماو دەریشکەوت ئەو دەزگایە بۆ بەرژەوەندیی چەند کەسێک قۆرغکراوە. سەبارەت بەمامەڵەی لڤین لەگەڵ د. بەرهەمیش، ئەوا هەمان ئەو میزاجە شەخسییە تەحەکومی پێوەدەکرد، کە بۆ ئەوانی دیکەش بەکاردەهێنرا. زۆرباش بیرمە کە بەندە وادەی چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ د. بەرهەم وەرگرت، بەڵام د. بەرهەم چەندجارێک چاوپێکەوتنەکەی دواخست، ژمارەیەک لەژمارەکان لەڕووی بابەتەوە لاوازبووین، ئەگەر چاوپێکەوتنەکەی د. بەرهەم بکرایە شتێکی زۆر باش دەبوو بۆمان، بەڵام د. بەرهەم (جا نازانم لەبەر سەرقاڵی بوو، یان خۆی دەیویست وادەی چاوپێکەوتنەکە بەپێی بەرژەوەندیی خۆی دیارییبکات) چاوپێکەوتنەکەی نەکرد، دەزانن سەرنووسەرو جێگرەکەی چییان کرد؟ چوون راپۆرتێکی شیکارییان لەسەر د. بەرهەم دابەزاندو کردیانە نوکتە، هەمان شتیان لەگەڵ کاک بەختیار عەلیشدا کرد، کاک بەختیار بەڵێنی چاوپێکەوتنێکی بەمن دا، (من ئاگاداریی بارودۆخی کاک بەختیار بوومو بەهۆی سەرقاڵییەوە نەیدەتوانی لەوکاتەدا چاوپێکەوتنەکە بکات) لێرەشدا شتێکی ناخۆش نییە، کە بزانن ئەو دوو ئازیزەمان چییان کرد؟ دوای ئەوەی بەحسابی خۆیان بێهیوابوون لەبەختیار عەلی، چوون یەک چاوپێکەوتنی تێروتەسەلیان لەگەڵ بەڕێز غەفوور ساڵحدا کردو هەمووشمان دەزانین ئەو بەڕێزە چۆن نامەوزوعییانە قسە لەبارەی بەختیار عەلییەوە دەکات، ئەوەش بووە هۆی شەرمەزارییەکی گەورە بۆ من. من زۆرئاسایی بوو بەلامەوە لەلڤیندا غەفور ساڵحو مەحمودو مەغدیدو خدرو جاسمیش قسەبکەن، بەس ئینتیقائییانە کارکردنو لێدانی شەخسی، کاری زۆر نائیتیکییانەن، کە تائێستاش ئەو برادەرانە وازیان لێنەهێناوە، دواترینیشیان ئەو قسە ناشرینو بێئەدەبانەیە بوو کە بەرانبەر رۆژنامەنووس رەحمان غەریب کردیان، کە تەنانەت گەیشتنە ئەوەی قسە بەدایکیشی بڵێنو وشەیەک بەکاربهێنن کە تەنانەت هەرچیو پەرچییەکان بەئاگاداریی خەڵکو بەئاشکرا بەکارینەهێنن، چ جای ئەوەی لەگۆڤارێکدا بینووسن.

تائێرە ئەوەی پەیوەستە بەمنەوە قسەم لەسەر کردووە، پێشموایە دەبێت ئەو دوو برادەری لڤین بەخۆیاندا بچنەوەو هێندە ناوبانگی خۆیانو گۆڤارەکەش ناشرین نەکەن، پێویستە کە بەردت گرتە خەڵک، ماڵێکت هەبێت بەچیمەنتۆی کارگەکەی فاروقی مەلا مستەفا دروستکرابێت، چونکە وەک دەزانین خەڵکیش دوو دەستیان هەیە، بەردیش زۆرەو هاڕەکردنی شووشەش، تامێکی سەیری هەیە.. «وللحدیث بقیة».....

# زەواجی موتعە لەنێوان یەکگرتووی ئیسلامیو ئەحمەد میرە دا

رەحمان غەریب



لەبەر ئەوەی مەسەلەی زەواجی موتعە مەسەلەیەکی فقهییەو راستەوخۆ شۆڕنابێتەوە بۆ ناو زانستی دەروونی، بۆیە ئەمجارەیان مەسەلەیەک لەفیقهی ئیسلامی ئیستیعارە دەکەم بۆ قسەکردن لەسەر ئەو پەیوەندییەی نێوان ئەحمەد میرەو یەکگرتووی ئیسلامی. بێگومانیشم لەوەی ئەو، فەقێیەکی دەرچووی حوجرەکانی یەکگرتووی ئیسلامییە، زۆر دوور نییە لەو مەسەلە فقهیانەو مافو ئەرکی بەرامبەر لەناو پرۆسەیەکی سیاسی دەزانێتو ناچمە ناو وردەکارییەکەیەوە.

ئەوەی نووسینێکی ئەم هەفتەیەی یەکێک لەرۆژنامەنووسانی پێشوی ئەو گۆڤارە بخوێنێتەوە، نەک بەڕەشوسپی، بەڵکو بەملەوەنی، دەتوانێت چیرۆکی ئەو شەراکەتەی نێوان یەکگرتووی ئیسلامیو یەکێتی نیشتمانی لەلایەکو ئەحمەد شەشۆییو گۆڤاری لڤین لەلاکەیتر ببینێت. بەبێ رتوش تەماشابکات کێ شاباشی کێ دەکات.

کاک ئەحمەد شەشۆیی، دووجار چووەتە ناو ئەو پرۆسەیەو هیچ جاریش بەبێ مارەیی سیاسی لێیدەرنەچووە. جاری یەکەمیان بەپێشەکی لەیەکێتیو پاشانیش بەموئەخرە لەیەکگرتوو. لەهەردوو پرسەکەدا لایەک قازانجو لایەک موتعەی سیاسی لێوەرگرتووە. کەچی ئێستا تازە بەتازە شەڕی پاکیزەیی پیشەییمان لەگەڵ دەکاتو نایەوێت کۆمەڵگە باس لەپەیوەندی شەرعی ئەو، لەگەڵ یەکگرتووی ئیسلامی بکاتو فەسادی پارە وەرگرتن لەیەکێتی بیربهێننەوە.

دڵنیام لەناو فەزای فەسادی سیاسیو ئەخلاقی ئەم وڵاتەماندا، مەسەلەی گەلێک گەورەو پڕ بایەخ هەن، دەبوو سەرقاڵیان بینو خەڵکیان لێئاگاداربکەینەوە. من لەگەڵ ئەو هاوڕێیانەم کە وابیردەکەنەوەو دەڵێن: «پارەوەرگرتنەکەی لڤین لەسکرتێری گشتی یەکێتیو زەکاتەکەی لەیەکگرتوو، دڵۆپێکە لەناو دەریای ئەو فەسادەی لەم فەزا سیاسییەی هەرێمدا، ژینگەی رۆژنامەگەریشی پیسکردووە.»

بەڵام بەخشیشو کۆمەکەکەی یەکێتیو یەکگرتوو بۆ گۆڤارێک، کەدەیەوێت وەک ئەندامێک لەناو خێزانی رۆژنامەگەری ئەهلیو سەربەخۆ حیسابی بۆ بکرێت، هەر فەسادەو دەبوو بەلای ئەحمەد شەشۆیی وەک پارەی هەتیو حەرام بووایەو جیاوازی نەبوایە لەو مەکرەمەو پارەهەڵڕشتنەی بۆ رۆژنامەی وابەستە حەڵاڵ کراوە. ئێستاش تێنەگەیشتین ئەم نووسینانەی بۆ سەرنووسەری لڤینی تووشی هستریا کردو پەنای بۆ کۆمەڵێک موفرەداتی دژی ئێمە بەکارهێنا، کەڕووی میساقی شەرەفی گۆڤارەکەی خۆی پێڕەشکرد.

بەڵام ئەم فەزای پڕ گومانو ماستاو و ریایکردنە، هەر وابووە. تا ئەو ئەندازەیە من کەرامەتم پارێزرا کەهاوبۆچوونی کاک ئەحمەد بووم، بەڵام کەجیاوازبوومو تەنها رەخنەیەکم گرت، با کاک ئەحمەد پەیامی ئاکاری رۆژنامەنووسیو میساقی شەرەفی گۆڤارێکیشی نووسیبێت، باخاوەنی بڕوانامەی ماستەریش بێت، ئامادەبوو بەو شێوەیە وەڵاممبداتەوە، کەمەگەر لەمامۆستای مامۆستا جنێوفرۆشەکان بوەشێتەوە.

من لەنووسینی پێشوومدا، نەهاتووم پەلاماری کەسێتی ئەو یان بنەماڵەکەی بدەم، تا ئەویش بێت بەو چاوقایمییە پەلاماری خێزانەکەم (مەبەستم دایکو باوکمە) بدات. دایکم، کەتا کۆچی دواییکرد، وەک زۆرینەی زۆری هەموو دایکە بەشمەینەتەکانی ئەم هەرێمە، بەئاوارەییو کارگوزاریو بەدبەختیو هەژارییو قوربانی دەستی شەڕی ناوخۆ، کۆشێ سەرخێزانی پەروەردەکرد. ئەوە چ ئاکارو چ پرەنسپێکە تۆ بێیت لەبری گفتوگۆی پیشەیی، بەفەرهەنگی پەلاماردانی قەبرو گۆڕی مردووەکانمان، گۆڤارەکەت بخەیتە بەر دیدی خوێنەرانت.

ئایا کاک ئەحمەد شەشۆیی نیازی وایە بەم شێوەیە تەلەبەکانی فێری جەدەلو بیروڕا گۆڕینەوە بکات؟ ئایا شەشۆیی باوک، شەشۆیی خاوەن خێزان، شەشۆیی سەرنووسەر، پاش ئەو جنێوانە بەخێزانی من، رووی هەیە ئەو جنێوانە لەبەردەم خێزانەکەیدا بخوێنێتەوە؟ باشە ئیتر چۆن لەسەر شاشەی کەناڵی ئاسمانیو لەناو تەلەبەو هاوڕێیانی باس لەئەخلاقیاتی کاری رۆژنامەنووسی دەکات؟

کاک ئەحمەدی شەشۆیی لەبری ئەوەی بێت ئایەتێکی قورئان بهێنێتەوە یان حەدیسێک تەفسیربکات بۆ ئەو هەموو زەکاتو خیرو سەدەقەیەی لەیەکگرتووی ئیسلامیو یەکێتی نیشتمانی وەریگرتووە. لەبری ئەوەی بەوتەی خەلیفەیەک، ئیمامێک یان زانایەکی ئیسلامی، پاساو بۆ وەرگتنی پارەی سیاسیو زەکاتەکان بهێنێتەوە، دێت شیکار بۆ رابردووی من دەکات. رابردوویەک، کەکارەکتەرەکانی دایکو باوکو کۆمەڵێک خوشکو برای دڵسۆزن، کەوەک هەموو خێزانێکی ئەم هەرێمە هەر ساڵەو لەشارێک ژیانیان دروستکردووتەوەو قوربانیی دەستی هەموو ئەو مەزڵومیەتە بوون، کە بەسەر هەموواندا هاتووە. رابردوویەک کەتا هەنووکە شانازیم بەمێژووی خۆمەوە کردووە لەناو حزبی شیوعی کوردستاندا. نەک وەک کاک ئەحمەد شەشۆیی کەباس لەخەباتەکەی ناو مزگەوتەکانی یەکگرتوو بۆ دەکەیت، توشی هیستریا بێت.

هێرشێک لەکەسێکەوە کەئیدعای ئەوە دەکات «یەکەم میساقی شەرەفی رۆژنامەنووسی کوردی نووسیبێت » تیایدا هاوپیشەیەکت بکەیت بە«ساقیتە»و پەلاماری قەبری دایکێکی بەدبەختی کۆچکردوو بدات، هەر لە فەرهەنگو رەوشتو میساقەکەی ئەحمەد میرە جێیدەبێتەوە، لەکۆتایشدا هیوادارم دایکم لێی ببورێت.

**دواجار بێئەوەی خۆم بمەوێت، هێنرامە شەڕێکەوە کە دەمێکە خۆمی لێبەدووردەگرم، ستراتیژیستە سەربازییەکان هەمیشە قسەیەک زۆر دووبارەدەکەنەوە «مەچۆرە شەڕێکەوە کە خۆت کاتو شوێنەکەیت هەڵنەبژاردووە». سەرەڕای ئەم راستییەش، هەمیشە دەچینە ئەو شەڕانەوە کە نە کات، نە شوێن، نە رادەی توندوتیژییەکەی ئێمە هەڵمانەبژاردووە، بەڵکو ئەوە گەمەکەرەکانی دیکەن کە وادەو شوێنەکەش بەیەکەوە بۆ ئێمە دیاریدەکەن. سەرەتای راکێشرانیشم بۆ ناو ئەو شەڕە، کە لەبەرەیەکیدا گۆڤاری لڤین هەیەو لەبەرەکەی دیکەیدا چەند رۆژنامەو گۆڤارێکی دیکە، ئەو راپۆرتەی رۆژنامەی دەستوور بوو، لەژمارەی ٢٩ی رۆژی ٢٠١٠/٧/٧ کە ناونیشانی «کێ میدیای سێبەرە؟»ی هەڵگرتبوو. هۆکاری ئەم نووسینەشم ئەوە بوو کە لەڕاپۆرتی ناوبراودا ناوی من لەدوو شوێندا هاتووە، هەروەها کۆی راپۆرتەکەش دەستبردنە بۆ نزیکەی پێنج ساڵ کارکردنم لەو گۆڤارەدا، کە ناوی لڤین-ی هەڵگرتووەو من یەکێک لەدامەزرێنەران و سەرپێخەران و پێشخەرانیشی بووم.**

یاسین عومەر ئیبراهیم



# لڤینو یەکگرتوو و چەند شتێکی تریش...

من کە دواجار لەلڤین هاتمەدەرەوە، تەنیا دوو کووپی چاخواردنەوەو یەک شەکردانو وێنەیەکی مەزهەری خالقیو دڵێکی شکاوم لەوێ بەجێهێشت، بەدەردی عەرەب دەڵێن، کلکی شکستم بەدوای خۆمدا راکێشاو هاتمەدەر، شکستهێنان لەدامەزراندنی پرۆژەیەکی رۆژنامەنووسی- کولتووری-رۆشنبیریی گەورە، شکستهێنان لەکردنی گۆڤاری لڤین بەدامەزراوەیەکی پتەوو بەهێزو هەر بەڕاست سەربەخۆو قورس، شکستخواردن لەوەی ئەم گۆڤارە بکەینە پرۆژەیەک کە هاوڕێ باشەکان تیایدا کۆببنەوەو .....هتد.

پەنادەگرم بەخوا، ئەگەر ئەوانەی ئێستا لەلڤیندا کاردەکەن بەکەسانێکی خراپ لەقەڵەمبدەم، ئەوە داوەرییەکی هێندە قورسە، کە من هەر بەخەیاڵیشمدا نایەت، چونکە هەمووومان رێژەیەک لەچاکەو برێک لەخراپە لەناووەماندا هەیە، بەڵام ئەوە مانای ئەوە ناگەیەنێت کە قسە لەسەر کردەوەی خراپی کەسەکان نەکەینو دەبێت ئەوە لەبەرچاوبگرین، کە مرۆڤە خراپەکان ئەوانە نین کە هەرگیز چاکەیان لەدەستنایەت، بەڵکو مرۆڤە خراپەکان ئەوانەن کە هەمیشە لەململانێی شەیتانو فریشتەکەی ناوەوەیاندا جڵەو بۆ شەیتانەکە بەردەدەن تا کاری خۆی بکات، ئێمە لە لڤین (هەموو ئەوانەی بەدڵشکاویی هاتینەدەرەوە) رووبەڕووی ئەم خراپەیە بووینەوە، ئێمە هەمیشە کە لەگەڵ ئەم «میراتگرانەی گۆڤارە نەخۆشەکە«دا بەریەک دەکەوتین، ئەوان شەیتانەکەی ناوەوەیان دەنارد بۆ مامەڵەکردن، هاتنەدەرەوەمان لەلاوازییەوە نەبوو، لەوەشەوە نەبوو کە ئێمە ستەملێکراوبووین، لەوەوە بوو کە نەماندەتوانی شەیتانەکەی ناوەوەمان ئازادبکەین چی بوێت بیکات، ئەگەر واشمانبکردایە ئێستا شتەکان بەوشێوەیە نەدەبوون کە هەن.

ئەم دەستپێکە زیادەیە، بەڵام گرنگە بۆ ئەوەی روونبێت لای هەمووان کە من پاکبوومەتەوە لەهەر کینەیەک لەو برادەرانە، ئامادەم سەربخمە ژێرپێیان ئەگەر قەرزداریانم لەهەر روویەکەوە، من نەخیانەتم لێکردوون، نەدڵیانم شکاندووە، نەزیادەڕەوییم کردووە بەرانبەر هیچ مافێکیان. دەبێت راستگۆبمو بشڵێم ئەوەی کە لەم وتارەدا دەیڵێم ئەوان ورووژێنەری نەبوون، بەڵکو وەک پێشتر وتم ناوهێنانی من بووە لەو راپۆرتەی سەرەوەدا، بەڵام سەرەنجام کە قسەکانیشم دەکەم، زۆرێک لەشتەکان هەر یەخەی ئەوان دەگرێتەوە، چونکە مرۆڤ کە بووە میراتگری شتێک، چاکو خراپی ئەو شتە دەبنە موڵکی ئەوو ناچارە چۆن سوود لەچاکەکان وەردەگرێت، بەهەمانشێوە قبوڵی خراپییەکانیشی بکات.

ئەوەی ئێستا بەرانبەر بەلڤین دەکرێتو تۆمەتباردەکرێت بەوەی ئۆرگانێکی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستانە، یاخود تۆمەتبار دەکرێت بەوەی وێنەی کوردی ناشرینکردووە (کە بێگومان خۆی زۆر جوان نییە)، یاخود ئەوەی لڤین لەپشت فەوزای رۆژنامەگەرییەوە بێت لەکوردستان، یان ئەوەی لڤین هەواڵی ناڕاست بڵاودەکاتەوەو زانیارییەکانی وەهمین، یان پارە لەمو لەو وەردەگرێتو دەیان تۆمەتی دیکە کە بەهەمانشێوە لڤینیش لەوانەی دەگرێتەوە کە ئەو رەخنانەی ئاراستەدەکەن، هەموویان برێک لەراستیو برێک لەناڕاستییان تێدایە، پێشموایە گرفتی گەورەی لڤین ئەمانە نین، چونکە:

یەکەم: سەبارەت بەوەی لڤین لەژێرەوە کار بۆ یەکگرتووی ئیسلامی دەکات راستییەکی کۆنە، بەڵام لڤین هەر کار بۆ یەکگرتووی ئیسلامی ناکات، بگرە هەندێکجار کە ئەم گۆڤارە دەخوێنیتەوە هەستدەکەیت، کە کاری وای تێدایە لەپێناوی تاکەکەسێکدا ئەنجامدراوە (با چەند نموونەیەک بهێنمەوە: رۆژنامەی کۆمەڵی زمانحاڵی کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستان، لەستوونێکی دوالاپەڕەیدا نووسینێکیان لەسەر کارێکی خراپی یەکێک لەو برادەرانە نووسیبوو، کە هێشتا لەلڤیندا کاردەکەن (وەلهەق نووسینەکەشیان برێکی ئێجگار زۆر لەڕاستیی تێدابوو)، ئەم رۆژنامەنووسە گەورەیەی کورد لەبری ئەوەی وەڵامی ستوونەکەو بابەتی ستوونەکە بداتەوە، هات کۆمەڵێک فایلی موخابەراتی تایبەت بەعەلی باپیری ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامیی سەرلەنوێ بڵاوکردەوە، لەکاتێکدا ئەو فایلانە عەیامێک پێشتر لەدوو سێ شوێنی دیکەدا بڵاوکرابوونەوە، من سووکە دەمەقاڵەیەکم بوو لەسەر ئەم مەسەلەیە لەگەڵ ئەو برادەرەدا، بەڵام بێگومان ئەوان هەمیشە داشیان سواربوو و چیان بویستایە، تێیاندەپەڕاندو بڵاویاندەکردەوە، دواتر کە ئێمە هاتینەدەرەوە، رۆژنامەی کۆمەڵ دەیویست کێشەکەی ئێمە لەدژی لڤین بەکاربهێنێت، ئێمە لەگەڵ ئەو دۆستانەی رۆژنامەی کۆمەڵ نەچووینە هاوپەیمانێتییەوە لەدژی لڤین، ئیتر لێرەوە سەرنووسەری لڤینو جێگرەکەی بەپەلەپڕووزکە روویانکردە قیبلەکەی کۆمەڵی ئیسلامیو دەستبەجێ چاوپێکەتنێکی ئەمیرەکەیان بڵاوکردەوەو دووسێ راپۆرتی شیکارییشیان لەدژی بزووتنەوەی ئیسلامیی نەیاری کۆمەڵ کردو سەرنووسەری لڤینیش بەمیوانداریی چووە بەرنامەیەکی کەناڵی پەیامی سەر بەکۆمەڵی ئیسلامی، کە پێشتر هەر بێزیشینەدەهات قسەیان لەگەڵ بکات (بێگومان ئێستاش میوانی هەمیشەیی بەرنامەیە)، هەموو ئەمانە لەپێناوی ئەوەدا بوو کە ئێمە راگەیاندنی ئەو حیزبە نەکەینە دوانگە بۆ هێرشکردنە سەر ئەوان (کە بێگومان بێئەوەش هەر نەماندەکرد). ئیتر لەوکاتەوە تائێستا ئاگربەستێکی کاتی لەنێوان لڤینو کۆمەڵی ئیسلامییدا هەیەو لڤین ئەگەر بابەتیش لەسەر کۆمەڵ بڵاوبکاتەوە ناهێڵێت نەڕیش بسووتێت، نە کەباب.

ئەمە نموونەیەکی زۆر بچووکو بێبەهایە، بەڵام بەڵگەی ئەوەیە کە خەمێکی قووڵی رۆژنامەنووسی پەتیی کارەکانی ئەم گۆڤارە ئاراستەناکات، بەڵکو مەزاجو بەرژەوەندیی دوو دانە کەس، کە بەئارەزووی خۆیان گۆڤارەکەیان کردووە بەمەیدانی ستایش، یان لێدانی کەسو حیزبو دامەزراوەکان.

با نموونەیەکی دیکە بهێنمەوە، دوو لەبرادەرنی لڤین، کە ئەوکاتە دانەیەکیان ماستەری تەواوکردبوو و هێشتا لەزانکۆکانی هەرێم دانەمەزرابوو، دووەمیشیان تا ئەوساتە لەخوێندنی ماستەر وەرنەگیرابوو، رێگربوون لەبەردەم ئەوەی هەر بابەتێکی رەخنەیی لەسەر وەزارەتی خوێندنی باڵای کابینەی پێنجەم، کە بەڕێز ئیدریس هادی وەزیری بوو و وەزارەتەکەشی کەمتر گەندەڵ نەبوو لەوەزارەتەکانی دیکە، دابەزێنین. لەوماوەیەدا لەگۆڤاری لڤیندا بابەتێک چییە لەسەر ئەم وەزارەتەو زانکۆی سلێمانییش نەنووسران، بڕۆن ئەرشیفی لڤین هەڵبدەنەوە، بزانن یەک رەخنە چییە لەو وەزارەتە بوونی هەیە لەوماوەیەدا، بەڵام لەگەڵ دامەزراندنی یەکەمیانو وەرگرتنی دووەمیان لەخوێندنی ماستەرو هاوکات لەگەڵ هاتنی د. دلاوەر عەلادین بۆ وەزارەتی خوێندنی باڵا، زمانی رەخنەی لڤین لەم پیاوە ئازایە پڕا، کە هەر زۆر بەڕاستی دەیەوێت زانکۆکانی کوردستان لەتەممەڵخانەوە بکاتە زانکۆگەلێکی کەمێک موعتەبەر. ئەمە لەپێناوی چییدا؟ نهێنیی ئەم ئازایەتییە درەنگوەختەی لڤین لەچیدایە؟ بێگومان هەمووومان دەزانین ئەو مەرجانەی کە وەزیری نوێ دایناون (لەگەڵئەوەی سەرنووسەری لڤین لەزۆریان تێنەگەیشتووە) بەشێکیان لەخزمەتی ئەم دوو برادەرەدا نین، سەرەڕای ئەوەش، ئەم دوو ئازیزە لەگەڵ هاتنی ئەم وەزیرەدا، کاری خۆیان کردو گەیشتن بەئاواتەکانیانو ئیدی کەس ناتوانێت لەو دەستکەوتانەیان بکات کە بەدەستیانهێنان، هەربۆیە دەمی رەخنەیان لە د. دلاوەرو وەزارەتەکەی پڕا، لەمەشدا هاوتەریب بوون لەگەڵ ئەو پۆلە مامۆستا پارتییەی کە کەوتبوونە سەنگەرگرتن لەم وەزیرە، لەبەر هیچ نا، لەبەرئەوەی کۆمەڵێک کاریدەکرد کەبەدڵی برادەرانی پارتی نەبوو.

ئەمە کارەساتە نەک ئەوەی، کە باسدەکرێت لڤین سەر بەیەکگرتووە، چونکە یەکگرتووی ئیسلامی حزبێکی مەدەنیی بێمیلیشیای میانەڕەوی یاساییە (هەرچەندە مەترسییەکانی ئەم حیزبە بۆسەر کۆمەڵگەی کوردیی ژێرەوانکێو هێواشن)، بەڵام ئەوەی کار بۆ یەکگرتوو بکەیت شتێکی شەرمئاوەرنییە، بەڵکو ئەوەی گۆڤار یان رۆژنامەکەت بکەیت بەمەیدانی یەکلاکردنەوەی بوغزو کینەو شەڕو بەرژەوەندییە شەخسییەکانت شەرمهێنو ئابڕووبەرانەیە، ئەوەی کە گۆڤارەکەت بکەیتە هۆپێناوێک بۆ دەوڵەمەندبوونو تەنانەت سڵ لەدرۆکردنیش نەکەیتەوەو درۆ لەگەڵ خوێنەرەکانی خۆشتدا بکەیت، هەربۆئەوەی دوو فلسو دوو چەپڵەی حەرامت دەستبکەوێت (بێگومان لەلڤیندا چەندان راپۆرتی درۆ، هەواڵی درۆ، چاوپێکەوتنی وەهمی هەن کە لێرەدا باسیان ناکەین) ئێمە (ئەوانەی ئێستا لەلڤیندا نەماوین)، هەمیشە هەوڵماندەدا ئەم شەڕە شەخسییانەو ئەم هەڵپەکردنە بۆ دەوڵەمەندبوونو بازرگانییکردن بەمەینەتییەکانی خەڵکەوە لەلڤین دووربخەینەوە، بەڵام هەمووان دەزانن کە سەرکەوتوونەبووین، بەڵام ئێستا

**من کەدواجار لەلڤین هاتمەدەرەوە، تەنیا دوو کووپی چاخواردنەوەو یەک شەکردانو وێنەیەکی مەزهەری خالقیو دڵێکی شکاوم لەوێ بەجێهێشت**

**هەموو هەوڵەکانی ئێمە بۆ ئەوەی ئەم گۆڤارە لەتریبۆنێکی شیمانەیی یەکگرتووەوە بکەینە تریبۆنێکی سەربەخۆی راستەقینە، بەهۆی کاکی سەرنووسەری ئێستاو جێگرەکەیەوە وەکو باڵۆنێک فشبوونەوە**

# داوادەکرێت پارکێك بۆ حسێن میسری دروستبکرێت



دەستوور

هونەرمەند عەبدولی حەمە جوان داوادەکات پارکێک یان هۆڵێکی رۆشنبیری بەناوی هونەرمەندو دەرهێنەر حسێن میسرییەوە بکرێتەوە.

عەبدولی حەمە جوان بەدەستووری راگەیاند «هونەرمەندی خوا لێ خۆشبوو حسێن میسری، خزمەتێکی زۆری هونەری کوردی کرد، بەتایبەت لەم ساڵانەی دوایدا کەبەردەوام خەریکی کاری دراما بوو بۆ بینەری کوردی، بۆیە پێویستە پرۆژەیەکی هونەری بکرێت بەناویەوە».

ئەو هونەرمەندە کەیەکێک بوو لەئەکتەرەکانی دراماکانی حسێن میسری، ئەوەشی وت «من پێشنیازدەکەم هۆڵێکی رۆشنبیری یان پارکێک یان ستۆدیۆیەک یان هەر کارێکی هونەری بێت، بکرێت بەناویەوە».

عەبدولی حەمە جوان ئاماژەی بەوەشدا کەهەرکارێک بکرێت بەناوی ئەو هونەرمەندەوە، جوانە، بەڵام پەیکەر نەبێت، چونکە کەس ئەوەندە گرنگی بەپەیکەر ناداتو وتی "ئەوەتانێ دەبینین پەیکەر دروستکراوەو بەرواری هەڵەیە، بۆیە پێشنیازی کارێکیتر دەکەم لەجیاتی دروستکردنی پەیکەر".

# پەخشکردنی درامای بێریڤان، هەوادارانی دەنگی هونەرمەند سبیل کان زیاددەکات

محەمەدو یاسینو بێستون

بەهۆی پەخشکردنی درامایەکی تورکییەوە، بازاڕی سیدی فرۆشەکانی شاری سلێمانی رۆژانە سەدان کاسێتی ئەو هونەرمەندە تورکییە دەفرۆشن، بەجۆرێک هەوادارانی دەنگی ئەو هونەرمەندەش بەرێژەیەکی بەرچاو زیادیکردووە.

درامای بێریڤان کەهونەرمەند (سبیل کان) رۆڵی سەرەکی تێدا دەبینێت، بەهۆی ئەو گۆرانییەی کە لەکاتی پەخشکردنی دراماکەدا دادەبەزێنرێت، هەوادارانی دەنگی ئەو هونەرمەندە زیادیکردووەو جگە لەکڕینی سیدی دراماکە، گەنجانی سلێمانی بەدوای گۆرانییەکەشدا دەگەڕێن.

ئەوانەی کەئەو سیدییە دەکڕن، پێیانوایە جوانی سبیل کانو دەنگخۆشی وای کردووە کەگوێی لێ بگرنو سەیریبکەن، ئەمە جگە لەوەی گۆرانییەکانی تریشی بەخۆشو رۆمانسی دەزانن.

دوکاندارەکان باس لەوەدەکەن پێشتر ئەو گۆرانییە زۆر بەکەمی لەبازاڕەکاندا دەفرۆشرا، بەڵام ئێستا بەهۆی پەخشکردنی دراماکەوە لەیەکێک لەکەناڵە کوردییەکاندا، وای کردووە کەژمارەیەکی زۆری سیدی ئەو هونەرمەندە بفرۆشرێت.

لانە عەبدوڵڵا یەکێک لەو کچانەی کەسەیری دراماکە دەکات، ئەو لەبازاڕی دارەسووتاوەکە وەستابوو سەیری ئەو گۆرانییەی بێریڤانی دەکرد کەدوکانەکان لێیاندەدا، لانە دەڵێت "من خۆم زۆر سەیری دراما تورکییەکان دەکەم، بەتایبەت ئەمەی بێریڤان کەزۆر کاری تێکردووم".

هەرێم جەمیل لەبازاڕی دارەسووتاوەکە دوکانی فرۆشتنی سیدی هەیە، دەڵێت «چەند هۆکارێک هەیە وای کردووە کە بەهۆی گۆرانییەکی سبیل کانەوە ئەو سیدییە ژمارەیەکی زۆری لێ بفرۆشرێت، ئەویش دراماکەو جوانی هونەرمەندەکەیە».

هەروەها دەڵێت "ئێستا رۆژانە سەدان کاسێت و سیدی ئەو هونەرمەندە دەفرۆشین، پیرو گەنجو لاو دێن بۆ کڕینی گۆرانییەکانی بێریڤانو گوێی لێدەگرن".

# نەجم محەمەد: هونەرمەند هەیە، بازرگانیی بەخوێنو قوربانیی هەڵەبجەوە دەکات



سازدانی: ئەمیر هەڵەبجەیی

هونەرمەند نەجم محەمەد، کەیەکێکە لەو هونەرمەندانەی بەسروودو گۆرانییەکانی کە بەسەر هەڵەبجەیدا وتووە، ناوبانگی دەرکردووە، رەخنەی ئەوە دەگرێت هەندێک هونەرمەند هەن، بازرگانیی بەخوێنو قوربانیی هەڵەبجەوە دەکەن.

نەجم محەمەد دەڵێت «هونەرمەند هەیە، گۆرانی بەسەر سوپای ئەنفالو کیمیاوی وتووە، بەڵام رێزلێنانی بۆ کراوە بەناوی هەڵەبجەوە».

**دەستوور:** سەرەتای هاتنە ناو دونیای گۆرانیو مۆزیکی کوردی بەتایبەت لایەنی سروود، بە چ پەیامێک بوو بەخولیای تۆ؟

**نەجم:** دیارە هونەر خۆی گەیاندنی پەیامێکە، پەیامی منیش پەیامی مرۆیی بووە لەڕووی خۆشەویستیو چینایەتیو شۆڕشگێڕیەوە، بەپێویستمزانی لەڕێگەی ئەو پەیامەوە خزمەتبکەم بەهونەری کوردی.

**دەستوور:** بابزانین نەجم محەمەد لەگەڵ کەناڵەکانی راگەیاندندا چۆن هەماهەنگی هەیەو تێڕوانینی چییە بۆ کەناڵەکانی راگەیاندن لەڕووی هونەرییەوە؟

**نەجم:** بەداخەوە، من وەک پێویست هەماهەنگیم نییە لەگەڵ راگەیاندنەکاندا، ئەمەش خەمساردییەکەی لەمنەوە نییە، بەڵکو لەخودی راگەیاندنەکان خۆیانەوەیە کەجیاوازی دەکەنو زۆربەی هونەرمەندانی ناوخۆیان پەراوێزکردووە.

**دەستوور:** نەجم محەمەد لەڕووی ئابورییەوە بارگرانی بۆ دروستنەبووە، چونکە بەرهەمەکانی لەسەرئەرکی خۆی تۆمارکردووەو تەنها موچەی مامۆستاییەکەی شکدەبات؟

**نەجم:** دیارە هونەر لەکوردستان نەبووەتە پیشە، تاهونەرمەند لێی سودمەندبێ لەڕووی ئابووریەوە، بەڵکو هونەرمەند هەمیشە پیشەیەکی تری کردووە بۆئەوەی لەڕووی بژێوییەوە، بتوانێت بەردەوامی بەژیانی خۆیشیو هونەرەکەیشی بدات، بەدڵنیاییەوە کاریگەری لەسەر من هەیە، بەڵام ناچارم، چونکە حکومەت هاوکاریی هونەرمەندی وەک ئێمە ناکات، من تائێستا هەموو بەرهەمەکانم لەسەرگیرفانی خۆم بەرهەمهێناوە، بەڵام هونەرمەندانیتر لەسەر گیرفانی حکومەت بەرهەمیدەهێنن لەسەر کۆمەڵێک پەیوەندی حیزبیو شەخسی.

**دەستوور:** بەرێزتان هەموو ساڵێک لەیادی کارەساتی جەرگبڕی هەڵەبجەدا بەشداریتان کردووە، وەک پێویست ئاوڕ لەهونەرمەندانیتر دراوەتەوە، ئایا ماندووبوونی تۆ بەهەندوەرگیراوە؟

**نەجم:** دەتوانم بڵێم نەخێر، بەڵام من ئاسودەم، چونکە بۆ شارەکەی خۆم بێبەرامبەر سروود دەڵێم، یەکەم هونەرمەندم زۆرترین سروودم بۆ هەڵەبجە وتووە لەسەرئەرکی خۆم، بەداخەوە هونەرمەند هەیە، بازرگانیی بەخوێنو قوربانی ئەوشارەوە دەکاتو برێ خەیاڵی پارەی بۆ سەرفدەکرێ، لەڕووی راگەیاندنیشەوە گرنگی پێدەدرێ، بەڵام ئێمە وەک خەڵکی شارەکە پەراوێزدەخرێین، ئەمەش دەستی حیزبایەتیو ئایدۆلۆژی لەپشتە ئەگەرنا مەسەلەی تواناى هونەری بێت، زۆر بەتواناترین لەو هونەرمەندانەی کەبازرگانیی دەکەن بەو شارەوە.

**دەستوور:** زۆرساڵ لەمەراسیمی یادی هەڵەبجەدا رێز لەکەسێک دەنرێت کەئیشی بۆ هەڵەبجە کردبێت، بۆچی تا ئێستا ئاوڕ لەبەرێزت نەدراوەتەوە؟

**نەجم:** پێشتر ئاماژەمپێکرد بێبەرامبەر کار بۆ هەڵەبجە دەکەم، تائێستا بیر لەوەنەکراوەتەوە رێزلێنان بۆمن بکرێت، ئەوە کەوتووەتە ئەستۆی بنەماڵەی شەهیدانو ئەدیبانو رووناکبیرانی شارەکە، دەتوانم بڵێم لەدوای هونەرمەند شڤان پەروەر، سروودم بۆ هەڵەبجە وتووە لەئۆردوگای کامێران لەئێران مانگێک دوای کارەساتەکە، تائەمڕۆش بەردەوامم ئەو یادەم کردووەتەوە، بەداخەوە هونەرمەند هەبووە سروودی بۆ سوپای ئەنفالو کیمیاوی وتووە، رێزلێنانی بۆکراوە بەناوی هەڵەبجەوە.

**هونەرمەند نەجم محەمەد لەساڵی ١٩٩٢یەکەم بەرهەمی خۆی تۆمارکردووە کەسروودێک بۆ هەڵەبجە بووە.**

**چوار کاسێتی گۆرانی بڵاوکردووەتەوە کە ٣ کاسێتی گۆرانی سۆزداریو ١ کاسێتی سروودی چینایەتیو شۆڕشگێڕیە، لەگەڵ تیپەکانی هەڵەبجەو سلێمانیو شنرویو گروپی ئازادی کاریکردووە.**

## تەرازوو (٢٢ ئەیلول - ٢٢ ت. یەکەم)

بیرۆکەی زۆرت لەبەردەستدایە بۆ بەسەربردنی کاتەکانت، بەڵام پێویستە ئەوەت لەبیر بێت کەزۆرجار بیرۆکەکان ناتگەیەننە ئەنجام. کەسێکی نزیک دەبێتە هاندەرت بۆ کارێکو کاریگەری زۆرت لەسەرت جێدەهێڵێ.

## دوپشک (٢٣ ت. یەکەم - ٢١ ت. دووەم)

هەندێک کێشەی ژیانت چارەسەرکردووە، بەڵام بۆچوونەکانتو گۆشەنیگاکانت بۆ رووداوەکان پێویستیان بەپێداچوونەوە هەیە. سووریت لەسەر ئەوەی کەتۆ راستیت، بەڵام هەلومەرجەکان دژی ئەوەت بۆ دەسەلمێنن.

## کەوان (٢٢ ت. یەکەم - ٢٠ ک. یەکەم)

بڕوا بەخۆبوونت زیاددەکات، سەرنجی کەسانێک رادەکێشیتو ئاگاشت لێ نییە، تایبەتمەندییەکانت لەکارەکەتدا، دەبنە هۆی ئەوەی لەلایەن دەوروبەرەکەتەوە سوپاس بکرێیت. لایەنی سۆزداریت بەرەو باشی دەڕوات.

## گیسک (٢١ ک. یەکەم - ١٩ ک. دووەم)

ئەم ماوەیە ناتوانی بەرپرسیارێتییەکانت بەباشی بەجێبگەیەنیت. هەموو رۆژێک لەگەڵ ئەو کێشەیەدا رووبەڕوو دەبیتەوە کەچەندین کار هەن پێویستبووە جێبەجێیان بکەیت، بەڵام نەتکردوون. کاری ئەمڕۆ مەخەرە سبەینێ.

## سەتڵ (٢٠ ک. دووەم - ١٨ شوبات)

قورسە بەلاتەوە کە لەسەرکێشەیەکی رۆمانسیدا خۆت ونبکەیت، بەڵام چاری دیکەشت نییە .حەز بەکەمێک ئازادی زیاتر لەپەیوەندییەکانتدا دەکەیت، بەڵا بەرامبەرەکەت پێی خۆش نییە. بەباشی بیربکەرەوە بۆ ئەوەی کێشەکانت لێ ئاڵۆز نەبێ.

## نەهەنگ (١٩ شوبات - ٢٠ ئازار)

کەم بایەخ بەتەندروستیت دەدەیتو هەروەک بە ئیشوکارەکانیشت،پێویستە ئاگات لەوە بێت کەکێشە بچوکەکان دواتر دەبنە کێشەی گەورە. خۆشترین رۆژ لەلایەنی سۆزدارییەوە رۆژی شەممەیە. دەوروبەرت بەشداری پێ بکە لەخۆشیەکانتدا.

www.arsivakurd.org

# دەوەن نەوزاد لەگەڵ بەریتانییەکان لەفیلمێکی سینەماییدا بەشداریدەکات



دەشتی ئەنوەر

دەوەن نەوزادی ئەکتەر، کەئێستا لەگەشتێکە لەوڵاتی ئەڵمانیا، بەنیازە لەگەڵ ژمارەیەک ئەکتەری بەریتانیدا لەفیلمێکی سینەماییدا بەشدارییکات.

لەلێدوانێکیدا بۆ دەستوور، دەوەن رایگەیاند گەشتەکەی بۆ ئەڵمانیا، هەم بۆ هونەرەو هەمیش بۆ پشوودان.

ئەو وتی "کارێکی سینەمایم بەدەستەوەیەو دەرهێنەرێکی کورد لەبەریتانیا داوای لێکردووم کەرۆڵی ئەکتەری سەرەکیم هەبێت لەو فیلمە سینەماییەدا، کەهەموو ستافەکەی بەریتانین، بۆیە چەند مەرجێکی بۆ داناوم تاوەکو ئەو رۆڵەم پێبدا، یەکێکان ئەوەیە کەکێشی خۆم کەمبکەمەوە تاوەکو ئەو رۆڵە بگێڕم، چونکە ئێستا ٦٥ کیلۆم دەبێت لە ٦٠ کەمتربم".

ئەو ئەکتەرە کچە باسی لەوە کرد کەپێویستە کچان ئەو رێچکەیە بشکێننو چیتر ئەو شەرمە نەمێنێت لەناو درامای کوردیدا، کچو کوڕ نەتوانن دەستی یەکتری بگرین.

ئەو وتی "با بەشێوازێکی نوێتر پەیوەندی نێوان کچ و کوڕ دەربخرێت، تەقلیدیانە نەبێت".

لەوبارەیەوە دەوەن دەڵێت "ئەگەر یەکێک رێچکەی نواندنو ئەکتەریی هەڵبژارد، ئەوا کۆمەڵێک مەرج هەیە بیشکێنێت، من لەگەڵ ئەوەنیم لەکلتوور لا بدرێت، بەڵام پێمخۆشە نوێکاری هەبێتو خۆم نوێکاریم کردووە، هەموو دەرهێنەرو ئەکتەرەکانیش ئەوەیان بینیوە کەکردوومە، رەنگە ئەوەی من کردبێتم لەبەرئەوە بێت کەدایکو باوکم لەپشتەوەیەو ئەوان زەمانێکی زۆرە کاری هونەری دەکەنو هاوکاریشمن".

دەوەن نەوزاد کچی هەردوو هونەرمەند نەوزاد مەجیدو سەبیحە خانە، ئەو سوپاسی خوا دەکات کەکچی ئەو دوو هونەرمەندەیەو توانیویەتی بگاتە ئەم ئاستە هونەرییەی ئێستای.

دەوەن یەکەم هەنگاوی لەساڵی ٢٠٠٢دا نا، کاتێک وەکو کۆمبارس لەدرامای رەشەی پۆلیس دەرکەوتو دواتریش بەدوایدا بەشداری لەچەندین فیلمو کورتە فیلم کردووە.

دەوەن سەختترین کاری هونەری خۆی باس دەکاتو دەڵێت "زۆر قورسبوو بۆ من کەپێیانووتم رۆڵی کەژاڵت پێدەدەین لەدرامای رابووندا، بەڵام توانیم ئەو هەنگاوە بنێمو رۆڵێکی باش بگێڕم، زۆریش بەدەستیەوە ماندووبووم".

# کیژانی سلێمانی لەدهۆکن

دەستوور

گروپی کچانی سلێمانی لەچەند رۆژی رابردوودا سەردانی شاری دهۆکیان کردو بەنیازن دواتر کۆنسێرت لەکەرکوکو کۆیەش ئەنجامبدەن.

ئەنوەر قەرەداخی بەڕێوەبەری گروپی کچانی سلێمانی بەدەستووری راگەیاند پارێزگاری دهۆک داوایان لێکردین کەبچینە ئەوێ کۆنسێرتێکیان بۆ بکەین، ئێمەش رازیبووینو ئەو کۆنسێرتەمان سازکرد.

قەرەداخی ئەوەشی وت "لەو کۆنسێرتەدا چەند ئاوازێکی نوێمان پێشکەشکرد، کەبۆ یەکەمجار بوو لەگەڵ چەند بەرهەمێکی ئامادەکراو لەبابەتی فۆلکلۆری، هەروەها بەنیازین هەمان کۆنسێرت ببەین بۆ شاری کەرکوکو کۆیەو شارەکانی تری کوردستان، گەر هەلومەرجی گونجاومان بۆ برەخسێت، ئێستاش خەریکی خۆئامادەکردنین بۆ بەرهەمهێنانی CDیەک بۆ گروپەکە".



# فەرهەنگ، گۆرانی بۆ کچان دەڵێت



دەستوور

هونەرمەند فەرهەنگ جان لەئێستادا سەرقاڵی کلیپکردنی یەکێک لەگۆرانییەکانی خۆیەتی بەناوی دیلانەو لەئایندەیەکی نزیکدا بڵاودەکرێتەوە.

فەرهەنگ جان بەدەستووری راگەیاند "گۆرانی دیلانە بەدەنگ تەواوبووە، بەڵام تەنها ئەوەی ماوە بکرێتە کلیپو لەئایندەیەکی نزیکیشدا ئەوە ئەنجامدەدرێت".

هەروەها وتی "ئەم گۆرانییە، گۆرانییەکی کچانەی فۆلکلۆریەو بۆ دوو کەس وتراوە کەباس لەخۆشەویستی نێوان کچو کوڕێک دەکات، دوای ئەوەی کەدەکەونە داوی خۆشەویستییەوە".

فەرهەنگ ئەوەشی ئاشکراکرد، ئاوازی ئەو گۆرانیە لەلایەن هەرێم محەمەدو شیعری شامی سەباحە.



## کاوڕ (٢١ مارس - ٢٠ نیسان)

بەشداری لەئاهەنگی لەدایکبوونی کەسێکدا دەکەیت،لەسەر کارەکەت توشی هەندێک کێشەی بچوک دەبیتەوە.پێویستە خۆت لەدەمەقاڵێکان بەدووربگریت، بەتایبەت ئەوانەی ناکەونە چوارچێوەی بەرپرسیارێتیتەوە.



## گا (٢١ نیسان - ٢٠ ئایار)

رۆژەکان وەک ئەوە خۆش نابن کەپێشبینیت دەکرد. کێشەکانت لەخۆوە دەکەونە سەر رێگای چارەسەربوونو پێویستناکات خۆتیان پێوە ماندوو بکەیت. پێویستت بەگۆڕینی کەشو هەواو دوورکەوتنەوە لەدەوروبەرەکەت هەیە.



## دووانە (٢١ ئایار - ٢٠ حوزەیران)

هەست بەدڵخۆشی دەکەیت، هەمووکاروبارەکانت بەشێوەیەکی ئاسان بەڕێوەدەچن. ئەو پەیوەندییانەی لەماوەی ئەم هەفتەیەدا پێیان هەڵدەستیت، بەجۆرێک لەجۆرەکان لەداهاتوودا سوودی ئابوورییان بۆت دەبێت.



## قرژاڵ (٢١ حوزەیران - ٢٢ تەموز)

ئەم هەفتەیەو هەفتەی داهاتوو هەست بەباشی دەکەیت. حەزدەکەیت پەیوەندیت بەو کەسانەوە نەپچڕێت کەساڵانێک پێکەوە هاوڕێ بوون. جگە لەوانەش لەگەڵ هەندێک کەس تێکەڵاوی پەیدادەکەیت کەسەرنجت بەلای خۆیاندا رادەکێشن.



## شێر (٢٢ تەموز - ٢٢ ئاب)

هەموو کاروبارەکانی ژیانت بەرێکوپێکی بەڕێوەدەچن، بەڵام پێویستە خۆت لەهەر دەنگە دەنگێک بپارێزی بەتایبەت لەکۆتایی هەفتەدا. هێمنبەو لەخۆوە هەڵمەچۆ. هەلێکت دێتە بەردەم کەدەتوانیت هەندێک پارە کۆبکەیتەوە.



## فەریک (٢٢ ئاب - ٢٢ ئەیلول)

ماوەی چەند رۆژێک زۆر ماندوو دەبیت، لەوانەیە هۆکاری سەرەکی ماندووبونەکەشت کەشی دەوروبەرت بێت. بایەخ بەتەندروستیت بدە. بەقەد بەڕەکەی خۆت پێ راکێشە بۆ ئەوەی توشی هەندێ گرفتی نەخوازراو نەبیت.

# دایەنگە ئەهلییەکان تەندروستی منداڵ فەرامۆشدەکەن



وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی: ئاگاداری حاڵی دایەنگە ئەهلییەکانین    فۆتۆ: دەشتی ئەنوەر

عەلی بانیشاری لەهەولێر

دایکانو باوکان دەڵێن لەدایەنگە ئەهلییەکان خزمەتی منداڵەکانیان ناکرێتو خراپی رەوشی تەندروستی ئەو دایەنگانە منداڵەکانیانی نەخۆش خستوون.

دایەنگە ئەهلییەکان مانگانە بۆ هەرمنداڵێک ١٢٠ هەزار دینار وەردەگرن، بەڵام هاووڵاتیان دەڵێن دایەنگەکان بەقەد ئەو پارەیە، خزمەت بەمندااڵن ناکەن.

لەهەولێر زیاتر لە ٤٠ی دایەنگەی ئەهلیو ٥٥ دایەنگەی حکومی هەیە، لەلایەن وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتیەوە سەرپەرشتی دەکرێن، زۆرینەی دایەنگە ئەهلییەکان رووبەڕووی رەخنەو گازەندەی خەڵک بوونەتەوە.

سەبری عەبدلڕەحمان هاووڵاتییەکی دانیشتووی هەولێرە، دەڵێت "چەندینجار منداڵمان بردووە بۆ دایەنگەو کەئێوارە هێناومانەتەوە توشی نەخۆشی سکچوونو رشانەوە بوون، چونکە بەمانگی جارێک لیژنەی تەندروستی سەردانی ئەو دایەنگانە ناکات".

سەبری دەڵێت ماوەیەک لەمەوپێش زۆرینەی خەڵکی گەڕەکەکە بڕیاریاندا شکات لەدایەنگەی گەڕەکەکە بکەن، بەهۆی ئەوەی زۆرینەی دایکەکان گومانیان لەخراپی دایەنگەکە لادروستبوو.

بشوەر غازی بەڕێوەبەری دایەنگەی ئەنالینەری ئەهلی دان بەوەدا دەنێت کەزۆرینەی دایەنگە ئەهلییەکان مەرجی تەندورستیان تێدانییە، وتی "راستە ئەو گلەییە زۆرەی رووبەڕووی دایەنگە ئەهلییەکان لەهەولێر بووەتەوە، ئەوەندە رووبەڕووی دایەنگە حکومییەکان نابێتەوە".

بشوەر بڕوای وایە بەشێکی زۆر لەگلەییو گازندەکان بێبنەمان، وتی"کەوتیان ئەو دایەنگەیە حکومییە، ئیتر خەڵک وادەزانێت ئەوە لەئاسمانەوە دابەزیووە».

هاووڵاتیان دەڵێن لیژنە تەندروستییەکان سەردانی دایەنگە ئەهلییەکان ناکەن، بەو هۆیەشەوە ناتوانن چاودێری وردیان لەسەریان هەبێت، بەڵام ئەم تۆمەتە لەلایەن لیژنە تەندروستیەکان رەتدەکرێتەوە.

لیژنە تەندروستیەکان ئاماژە بەوە دەدەن هیچ کات درێخییان نەکردووە لەسەردانکردنی ئەو دایەنگەنە، دەڵێن هەر لایەنێکیش گلەیی هەیە، دەتوانێت داواکەی ئاڕاستەی وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی بکات.

دانا غەفور لەلیژنەی تەندروستی دایەنگەکان، لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور دەڵێت بەهۆی زۆری دایەنگەکانەوە تائێستا وەک پێویست نەتوانراوە سەردانی دایەنگەکان بکرێت، وتی "بەڵام هیچ کات ئەمە مانای ئەوە نییە ئەوان کەمتەرخەمیان کردبێت لەڕاپەڕاندنی کارەکانیاندا".

حکومەت جگە لەپێداویستیو کەرەستەکان، پسپۆڕی تایبەتیشی بۆ دایەنگە حکومییەکان دابینکردووە، بەڵام مەرجەکانی بۆ دایەنگە ئەهلییەکان، دایکانو باوکانی نیگەرانکردووە.

بەفرین فایەق بەڕێوەبەری دایەنگەی لانەی حکومی ئاماژەی بەوەدا وەزارەت کارئاسانی تەواوی بۆ دایەنگەکان کردووە، چەندین مامۆستای پسپۆڕی بۆ دابینکردوون، بەشێوەیەک بۆ هەر پێنج منداڵێکو مامۆستایەک هەیە.

بەفرین فایەق وتی"ئەو پارەیەی کەدایەنگە ئەهلییەکان وەریدەگرن بۆ هەر منداڵێک زۆرە، سەرەڕای ئەوەی گەورەترین گرفتی ئەوان بچوکی بینای دایەنگەکانە، بەڵام ئەم گرفتانە رووبەڕووی دایەنگە حکومییەکان نابێتەوە".

ئەندامێکی لیژنە سەرپەرشتیارەکان لەوەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی کەنەیویست ناو بڵاوبکرێتەوە، لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور وتی "وەزارەت ئاگاداری حاڵی دایەنگە ئەهلیەکانەو دەشزانێت کەهەندێک لەو دایەنگەنە مەرجی تەندروستیان تێدانییە، بەڵام لەماوەیەکی دیاریکراودا لێپرسینەوە لەو دایەنگانە دەکرێت".

ئاماژەی بەوەشدا ئەگەری داخستنی چەندین دایەنگەی ئەهلی لەئارادایە

# منداڵی دەوڵەمەندەکان بۆ خولەکانی هاوینەو هەژارەکانیش بۆ شەقامەکان



مەعاز فەرحان

سۆران حسێن ١٥ ساڵ، ئاواتەخوازە رۆژێک بێت بژێوی ژیانی خێزانەکەی باشبێت، بۆ ئەوەی بتوانێت بەشداری خولەکانی هاوینە بکاتو فێری زمانە بیانییەکانو زانستی کۆمپیوتەر بێت.

سۆران لەو پارچە مۆزیکانەش بێبەشبووە کە لەخولەکاندا منداڵی خێزانە دەوڵەمەندەکان فێری دەبن، بەڵام ئەو بەهیوایە رۆژێک بێت ئەویش بتوانێت لەخولی هاوینەدا بەشداربێت.

سۆران کەبژێوی ژیانی خۆیو خێزانەکەی لەڕێی فرۆشتنی نانەوە دابیندەکات، وتی "حەزدەکەم بەشداری لەخولەکانی هاوینەدا بکەم، بەڵام لەبەرهەژاریی ناتوانم، ناچارم بژێوی ژیانی خۆمو خێزانەکەم دابینبکەم".

چیرۆکی سۆران بەسەرهاتی هەزاران منداڵی هەژارو کەمدەرامەتە کە لەبەر نەبوونیو هەژاریی، ناتوانن بەشداری لەخولەکانی پشووی هاوینەدا بکەن.

ساڵانە دوای تەواوبوونی خوێندن، زۆرینەی منداڵانی خێزانە دەوڵەمەندەکان دەچنە خولو پەیمانگای تایبەت بەفێربووونی زمانو مۆزیکو کۆمپیوتەر، بەڵام منداڵی هەژارەکان بێبەشبوون لەو خولانە.

شڤان عیزەدین ١٤ ساڵ بەهەمان شێوەی سۆران لەبەر هەژاریی ناتوانێت بەشداری لەخولەکانی پشووی هاوینەدا بکات.

شڤان کەخەریکی کارکردن بوو، وتی "زۆر حەزدەکەم بەشداری ئەو خولانە بکەم، بەڵام ناتوانم بەشدارییکەم لەبەرئەوەی رۆژانە بژێوی ژیانم دابیندەکەم".

ئەو پەیمانگایانەی کەهەڵدەستن بەکردنەوەی خولەکانی پشووی هاوین، ئاماژە بەوەدەکەن زۆر چاوپۆشیان لەمندااڵنی هەژار کردووە لەڕووی نرخەوە.

تەحیسن سەباح بەڕێوەبەری پەیمانگای نەوەی نوێ بۆ فێربونی زمانە بیانییەکانو زانستی کۆمپیوتەر ئاماژە بەوەدەکات کەهەوڵیانداوە لەڕووی نرخەوە هاوکارییەکی باشی منداڵە کەمدەرامەتەکان بکەن.

تەحسین وتی "خولی هاوینە کەفێربوونی زمانی ئینگلیزیو کۆمپیوتەرو وێنەکێشانە بۆ ماوەی سێ مانگەو بڕی ٥٥٠ هەزار دینار لەمندااڵن وەردەگرینو پێداویستی قرتاسیەو پاسیان بۆ دابیندەکەین".

تەحسین وتی «بۆ منداڵی فەرمانبەران ١٠٪ داشکاندن دەکەینو بۆ هەژارانیش داشکاندنمان هەیە هەندێ جاریش پارەمان لەمنداڵی هەتیو وەرنەگرتووە».

خولەکان زۆربەیان لەژێر رێنمایی وەزارەتی پەروەردەدا دەبنو جۆرێک لەیارمەتیش بۆ مندااڵنی شەهیدو ئەنفال هەیە.

هەتاو حەمە سەعید وتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی سلێمانی لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور وتی «پەروەردە ئاگادارە لەو خولانەو بەپێی رێنمایی پەروەردە ئەو خولانە دەکرێنەوە».

هەتاو وتی «بۆ کەسوکاری شەهیدانو مندااڵنی ئەنفالو کەمدەرامەتەکان هەوڵدراوە نرخەکە گونجاوبێت».



فایەق سەعید

## جیهانبینی پەروەردە

faiekk@hotmail.com

# وەزیر بەرپرسیارە لەنەگۆڕینی ئەم سیستمە

لەسێیەم وتاردا کۆتایی بەو باسە دێنم، کە لەسەر چاکسازییەکانی خوێندنی باڵا نووسیومنو پێمخۆشە لێرە بەدواوە ئەوانەی پسپۆڕن لەبواری خوێندنی باڵاداو ئەو مامۆستاو سەرۆک زانکۆیانەی بەڕاستی جیدینو هەوڵی باشیان هەیە، دەست بەشرۆڤەکردنی بابەتەکان بکەنو لەگەڵ وەزیردا بگەنە باشترین دەرئەنجام. یەکێک لەو گلەییانەی کەدەکرێت، ئەوەیە وەزیر بەشێوەیەکی تاکڕەوانە ئەم بڕیارانە دەردەکاتو وەزارەتیش پێچەوانەی ئەمە دەڵێت. لەکاتێکدا من لەدوورەوە ناتوانم ئەم مەسەلەیە یەکلابکەمەوە، بەڵام ئەگەر وابێت پێم سەیرە، چونکە کاک دلاوەر لەسایەی پەروەردەیەکی لیبراڵدا خوێندویەتیو کاری کردووەو کە بەبێ راوێژ هیچ کارێک ناکرێت. بۆیە پێم سەیرە ئەگەر ئەمە راستبێت. بەڵام لەلایەکی دیکەوە مرۆڤ لەهیچ پرۆژەیەکدا ناتوانێت راوێژ بەهەزارەها کادیر بکات، چونکە بەشی زۆری کادیرەکانی پەروەردەو خوێندنی باڵاش لەدواکەوتوویدا نوقمبوون. من خۆم لەگەڵ کادیرێکی پەروەردەیی زۆردا کۆبوومەتەوە کەگلەیی ئەوەیان کردووە لەریفۆرمی پەروەردەییدا کەس پرسی بەوان نەکردووە، بەڵام زۆرینەی ئەو کادیرانە توانای نوێبوونەوەو تازەگەرییان نییە، بۆیە کات کوشتنە لەگەڵ هەموویاندا کۆبوونەوە سازبکرێت. بەڵام لەلایەکی دیکەوە نابێت کادیرە جیدییەکانو تازەگەرەکان پشتگوێبخرێن.

ئێستا کاک دلاوەر پرۆژەیەکی باشی پێشکەشکردووەو من پێموایە لەئێستا بەدواوە ئەرکی سەرۆکی زانکۆکانە لەسەر ئاستی بەشەکانو دواتریش ئاستی سەرۆکایەتی زانکۆکان کۆبوونەوەو سیمینار بکەن. دواتریش با نمایندەیەک لەزانکۆکان لەگەڵ وەزارەتدا پشنیارەکان تاوتوێبکەن بۆ ئەوەی پرۆژەیەکی تۆکمە ئامادەبکرێت.

بەپێچەوانەی وتارەکانی رابردووەوە رێبوار سیوەیلی کەمامۆستایەکی چالاکی زانکۆیە، وتارێکی نووسیوە کەهەندێ خاڵی جیدی تیادا باسکردووە. بۆ نمونە لەو پرۆژەیەدا هیچ بایەخێک یا حیسابێک بۆ پێشینەی مامۆستاکان نەکراوە، بۆ نمونە هەندێک مامۆستا هەن نووسەری جیدینو کتێبیان هەیەو لەسەر ئاستی فیکری کار دەکەنو جێی خۆیەتی حیسابێک بۆ ئەم کارە بکرێت. بەڵام لەهەمووی گرنگتر ئەوەیە مامۆستاکانی زانکۆ بێدەنگ نەبنو دواتر گلەیی بکەن. باشترین چارەسەریش ئەوەیە ئەوان پرۆژەی ئەلتەرنتایڤ پێشکەشبکەن یا هەندێک گۆڕانکاری لەپرۆژەکەی وەزیری خوێندنی باڵادا بکەنو لەگەڵ خودی وەزیردا شرۆڤەی بکەن.

لەلایەکی دیکەوە هەندێک مامۆستا لەوە زویر بوون کەمن زانکۆکانو بەشێکی زۆری مامۆستاکانیانم بەتەمبەڵ ناو بردووە. پێمخۆشە ئەوە یاداشتبکەم کەشتەکان شەخسی نینو من لەبەر رۆشنایی کارەکانیان ئەمە دەڵێم. با لێرەدا تەنها یەک نمونە بهێنمەوە. کاتێک چاو بەکتێبخانەی کوردیدا دەگێڕم بەدەر لەهەوڵەکانی بەڕێز کەرێم قەرەچەتانی یەک دانە کتێبم لەبواری پەروەردەدا دەستناکەوێت کەمامۆستاکانی زانکۆ نووسیبێتیان لەگەڵ ئەوەشدا کۆڵێک دوکتۆرو ماستەرمان لەم بوارەدا هەیە. ئاخر ئەمە کارەساتە!! ئەڵبەتە بارودۆخەکە لەبوارەکانی دیکەدا لەوانەیە باشتر بێت، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی زوربەی مامۆستاکانی زانکۆ وەکو مامۆستای ئامادەییەکانیان لێهاتووەو هەموو هەوڵەکانیان تەنها لەوانەووتنەوەدا چڕکردووەتەوە. بۆیە یەکێک لەخاڵەکانی ئەو چاکسازییە جەخت لەوە دەکاتەوە کەکادیرەکان دەبێ هەر چەند مانگ جارێک وتارێک بنووسن. من پێم سەیرە مامۆستایەکی زانکۆ دەڵێ بۆ ئێمە سەختە هەر سێ مانگ جارێک وتارێکی ٢٥٠٠ وشەیی بنووسین لەکاتێکدا خوێندکارێکی ناوەندی لەوڵاتە ئەوروپاییەکاندا هەموو مانگێگ ئەم کارە دەکات. من نامەوێت بەراوردی کوردستانو ئەوروپا بکەم، بەڵام بەراوردی مامۆستایەکی زانکۆو خوێندکارێکی ناوەندی دەکەم. خاڵێکی دیکە لەو بەرنامەیەدا داوا لەهەموو بەشەکان دەکات، بەرنامەیەکی وەرزی بۆ سیمینارە زانسیتەکانیان ئامادە بکەن. ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی زانکۆکان ببنە سەنتەری ئەو باسە زانستیانە نەک پاشکۆی ئەو باسانە وەکو ئێستا. ئەوکات خەڵک ناچێت بۆ کۆمەڵەکان بۆ ئەوەی گوێ لەسیمینارێک بگرێت. خاڵێکی دیکە بەستنەوەی زانکۆو خوێندکارەکانی خوێندنی باڵایە بەزانکۆکانی دەرەوە. تەنها کارکردن لەگەڵ زانکۆیەکی پێشکەوتوداو خوێندنەوە بەزمانێکی زیندوو جیهانێک بەڕووی خوێندکارو مامۆستا بەڕێزەکانماندا دەکاتەوە، کەوێنەی نییەو یەکسەر کاریگەری لەسەر جیهانبینی ئەوانو نەوعیەتی بەرهەمەکانیان دادەنێت. من بۆڵەبۆڵی دونیام کرد کەبۆ جاری یەکەم بڕوانامەی بەکالۆریۆسی ئابورییەکەمیان لەئەوروپا بەدوو ساڵ بۆ موعادەلە کردم، بەڵام پاش ئەوەی پەروەردەم لەسفرەوە خوێند، وتم ئەگەر خۆم بڕوانامەکەی خۆم هەڵبسەنگاندایە هەر بەشەش مانگ موعادەلەم دەکرد.

لەکۆتاییدا دەبێ ئەوە یاداشتبکەم لەزانکۆکاندا بەشێکی زۆر کەمی مامۆستاکان لەسەر ئاستی نووسینی زانستیو تازەگەریدا چالاکن، بۆیە دەبێ سود لەو کەسانەش وەربگیرێت بۆ ئەوەی بتوانرێت پرۆژە پۆزەتیڤەکەی کاک دلاوەر دەوڵەمەندتر بکرێت. بەڵام ئەگەر ئەم سیستمەش نەگۆڕدرێت ئەوکات هەموومان گلەیی لەوەزیر دەکەین نەک لەمامۆستاکان، بۆیە وەزیر ئەرکو مافی خۆیەتی بەهەموو لایەکدا هەوڵبدات.

# بەگوڵی سروشتی راهاتووی؟

## کچانو کوڕان کەمتر بەگوڵی سروشتی راهاتوون، فرۆشگاکانی فرۆشتنی گوڵیش دەڵێن زیاتر لەبۆنەکاندا بازاڕیان باشە

*دەستوور

کچانو کوڕانی سلێمانی هێشتا بەکلتووری گۆڕینەوەی گوڵ رانەهاتوون، بازاڕەکانی شاریش پڕبوون لەپێشانگاکانی تایبەت بەفرۆشتنی گوڵی سروشتی، بەڵام کڕیارەکانی گوڵی سروشتی دانبەوەدا دەنێن، کە تائێستا کچانو کوڕان بەکلتووری گۆڕینەوەی گوڵ بۆ خۆشەویستەکانیان رانەهاتوون.

پێشانگاکانی فرۆشتنی گوڵ ئاماژە بەوەدەکەن کە بەزۆری لەبۆنە تایبەتییەکاندا هاووڵاتیان بۆ کڕینی گوڵ روویان تێدەکەن، بەڵام دەڵێن بازاڕیان باش نییەو بەهۆی کەمی کڕیارەکانی گوڵی سروشتییەوە، نزیکبوونەتەوە لەداخستنی دوکانەکانیان.

ئەوان دەڵێن تەنها لەبۆنە تایبەتییەکانو مەراسیمە حیزبییەکاندا بازاڕیان باشە، ئاماژە بەوەشدەکەن کەبەشێکی زۆر کەم لەکچانو کوڕان رۆژانە بۆ کڕینی گوڵی سروشتی روویان تێدەکەن.

ئامانج حبیب خاوەن دوکانی فرۆشتنی گوڵی سروشتی لەسلێمانی، وتی زیاتر لەکاتی بۆنەکاندا لەوانە ڤالانتاینو مەراسیمە حیزبییەکانو رۆژی دایک، هەروەها لەکاتی پرۆسەی هاوسەرگیرییدا خەڵکی بۆ کڕینی گوڵی سروشتی روویان تێدەکەن.

ئەو وتی "لەکاتەکانیتر کەمتر خەڵک سەردانمان دەکەن".

ئامانج وتی "لەهەموو تەمەنەکاندا سەردانمان دەکەن، منداڵو گەنجو پیر، بەڵام رێژەیان کەمە".

زۆربەی ئەو گوڵە سروشتییانەی کە لەبازاڕەکانی سلێمانیدا دەفرۆشرێن، لەدەرەوە بەتایبەت لەئێرانەوە دەهێنرێن، کڕیارەکان تاڕادەیەک نرخەکانیان پێ زۆرە، بەڵام فرۆشیارەکان ئاماژە بەوەدەکەن کەناتوانن لەو نرخە هەرزانتر بیفرۆشن.

ئامانج خاوەنی دوکانی گوڵی سروشتی وتی "لەبەرئەوەی لێرە دروستناکرێتو لەئێرانەوە دێت، بۆیە مەسرەفێکی زۆری دەکەوێتە سەر، ئێمەش حەزدەکەین هەرزان بێت بۆ ئەوەی بڕێکی زۆر بفرۆشین".

سامان کەریم، گەنجێکی تەمەن ٢٦ ساڵ، رۆژی ئاهەنگی هاوسەرگیری نەبێت کەساڵێک لەمەوبەر بوو، هیچ کات گوڵی سروشتی نەکڕیووە، هەرچەندە خێزانەکەی حەز بەگوڵی سروشتی دەکات.

سامان وتی "ئێمە رانەهاتووینو نازانین گوڵی سروشتی لە چ کاتێکدا پێویستە ببرێت بۆ خێزانو دۆستانو خۆشەویستانمان".

هەروەها وتی "ئەم کلتوورە تازەیە، نازانین چۆن گوڵی سروشتی بەکاربهێنین".

شاباز عەبدولقادر ٢١ ساڵ، وتی "من زیاتر لەبۆنەکاندا گوڵ وەک دیارییەک پێشکەشی خۆشەویستانم دەکەم، لەبەرئەوەی گوڵ تایبەتمەندی خۆی هەیەو جیایدەکاتەوە لەدیارییەکانیتر".

شاباز ئەو رۆژەی قسەی بۆ دەستوور کرد، بڕیاریدابوو گوڵێکی سروشتی وەکو دیارییەک بۆ دایکی بباتەوە.

ئەو رۆژانەی لەشارەکانی کوردستان بەتایبەت لەسلێمانی گوڵی سروشتی دەبینیت، تەنها رۆژانی ڤالانتاین یان مەراسیمە حیزبییەکانە، ئەوەش بەشێوەیەکی زۆر کەم، جگە لەوە رۆژانیتر گوڵی سروشتی بەدەست خەڵکەوە نابینرێت.

کلتووری گۆڕینەوەی گوڵ لەنێو خێزانو بەتایبەت خۆشەویستان هێشتا بەکلتوورو دابونەریتی کوردی ئاشنا نەبووە. کچانو کوڕان نابینرێت لەشەقامو کۆڵانو باخەکانی شاردا گوڵی سروشتی بگۆڕنەوە.

هێڤی عەباس ٢٣ ساڵ وتی "لەبۆنەکاندا زیاتر گوڵ بەدیاری بۆ کەسانی خۆشەویستو هاوڕێکانمی دەنێرم، بەڵام مەرج نییە لەهەموو بۆنەکاندا دیارییەکەم گوڵ بێت".

ئەو وتی "بەزۆری لەرۆژانی ڤالانتاینو هەروەها سەردانی نەخۆشو ئاهەنگی دەرچووندا گوڵ دەگۆڕینەوە".

فرۆشگاکانی گوڵی سروشتی، بەگوڵی سوورو سپیو پەمەییو زەرد رازێنراونەتەوە، نرخی تاڵێک گوڵ لەنێوان ٢ هەزار بۆ ٤ هەزاردایە، نرخی چەپکێ گوڵیش لەنێوان ١٠ بۆ ٢٥ هەزاردایە.

رزگار عوسمان کەفرۆشگایەکی تایبەتی بۆ گوڵی سروشتی هەیە، وتی "ئەو کەسانەی کەسەردانمان دەکەن، زیاتر کەسانی رۆشنبیرو توێژی گەنجانن".

رزگار وتی "رۆژ بەڕۆژ دوکانی زیاتری گوڵ دەکرێتەوە، لەبەرئەوەش بیرمان لەوەکردووەتەوە ئیشەکە بگۆڕین، چونکە کارەکە زۆربووەو قازانجی کەمبووەتەوە".

بردنی گوڵ، ماوەیەکە بۆ نەخۆشەکانیش قەدەغەکراوە، بەو هۆیەوە بازاڕی فرۆشکاگانی ئەو جۆرە گوڵانە کەمیکردووە.

فریشتە عومەر تەمەن ٢٠ساڵ کەبۆ سەردانی نەخۆش هاتبوو بۆ نەخۆشخانە، بەدەستووری وت "پێمباشە گوڵی سروشتی ببرێت بۆ نەخۆش، چونکە هیوایەک دەبەخشێت بەنەخۆش".

ژیان عەبدوڵڵا تەمەن ٢٥ساڵ وتی "بردنی گوڵی سروشتی وادەکات نەخۆش کەمێک ئازارەکەی بیربباتەوە".

***محەمەد حەسەنو رۆژگار جەبارو بێستون شەریفو منیرە نەسردەین، خوێندکارانی بەشی رۆژنامەوانی پەیمانگای تەکنیکی سلێمانی، لەخولی هاوینەیاندا ئەم راپۆرتەیان ئەنجامداوە.**



کلتووری گۆڕینەوەی گوڵ نەگەیشتووەتە کوردستان

# بۆ گەنجان... گوێیەکانتان بپارێزن

## پسپۆڕانی پزیشکی، هاووڵاتیانو بەتایبەت گەنجان لەمەترسی گوێپاککەرەوە ئاگاداردەکەنەوە

بێستون فەتاح

پسپۆڕانو پزیشکانی تەندروستی دەڵێن ئەو گوێپاککەرەوانەی کەماوەیەکە زۆرێک لەهاووڵاتیانو بەتایبەت گەنجان بەکاریدەهێنن، مەترسی گەورەی هەیە بۆ سەر گوێیەکانو داوادەکەن خۆیان لەو جۆرە گوێپاککەرەوانە بپارێزن.

بەکارهێنانی چیلکەی گوێپاککەرەوە، یان ئەوەی کە لەبازاڕدایەو پێی دەوترێت گوێچکە پاککەرەوە، بەڕای پسپۆڕانی پزیشکیو بەتایبەت پسپۆڕانی قورگو گوێو لووت بەخویەکی هەڵەو ناتەندروست دەژمێردرێت، داوادەکەن خۆیانی لێ بەدووربگرن.

### گوێپاککەرەوە چییە؟

ئەو گوێپاککەرەوانە، چیلکەیەکی ٦ تا ٧ سانتیمەتر درێژەو لەهەردوو سەرەکەیەوە بەپارچەیەک لۆکە رووپۆشکراوە، هاووڵاتیان بەتایبەت لەم سەردەمەدا گەنجان بۆ پاککردنەوەی گوێکانیان بەکاریدەهێنن.

### «جگە لەزیان سوودی نییە»

د. شێرکۆ سەعید پسپۆڕی نەشتەرگەری گوێو مامۆستای ئەو بوارە لەکۆلیژی پزیشکیی زانکۆی سلێمانی، بەدەستووری وت «بێجگە لەزیان ئەو گوێپاککەرەوانە سوودێکی تری نییە، بەکارهێنانی ئەو لۆکەیە کەناوی گوێپاککەرەوەی لێنراوەو لەبازاڕدا بەشێوەیەکی بەرفراوان دەفرۆشرێت، دەبێتە هۆی چەندەها جۆری نەخۆشیو گیروگرفت بۆ گوێیەکان».

ئەو پسپۆڕەی گوێ باسی لەزیانەکانی کردو وتی «بەکارهێنانی دەبێتەهۆی هەوکردنی گوێی ناوەڕاست».

گوێپاککەرەوە لەئێستادا بەزۆری گەنجان بەکاریدەهێنن، بەڵام زۆرێک لەدایکانیش لەکاتی شوشتنی منداڵەکەیان گوێیەکانیانی پێ پاکدەکەنەوە.

د. شێرکۆ وتی «ئەوەش لەلایەن دایکان بووەتە خوو و زیانی زۆری بۆ منداڵەکانیان دەبێت».

زۆرینەی پسپۆڕانی پزیشکی هەمان بۆچوونیان هەیە لەسەر ئەو گوێپاککەرەوانە.

د. یادگار شەوقی بەڕێوەبەری سەنتەری ئۆدۆلۆجی لەشاری سلێمانی کەیەکێکە لەو سەنتەرانەی کەرتی گشتی بەڕێوەیدەباتو تایبەتە بەکێشەکانی بیستن، بەدەستووری وت «زۆرینەی هاووڵاتیان بەبیانووی وشککرنەوەی گوێیان ئەو کارە دەکەن، بەڵام لەراستیدا راست نییەو دەتوانێت بەپارچەیەک پەڕۆی پاک یان کلێنسێک تەنها دیوی دەرەوەی گوێیان وشکبکەنەوە».

### گوێیەکان پێویستیان بەپاککردنەوەی ئێمە نییە

د. شێرکۆ سەعید پسپۆڕی نەشتەرگەری گوێ ئاماژەی بەوەدا کەقەناتی گوێ یان جۆگەی گوێ قەناتێکی تەسکەو درێژییەکەی نزیکەی ٢-٣سم ەو تیرەکەشی نزیکەی ٧ ملمەو وتی «ئەم شێوەی قەناتە وادەکات پەنجەی کەسەکە نەگاتە هەموو بەشەکانی ئەم قەناتە، تا بتوانرێت هەموو جۆگەکە پاکبکرێتەوە، بەڵام گوێی مرۆڤ وادروستبووە کەخۆی خۆی پاکدەکاتەوە».

ئەو پسپۆڕە ئاماژەی بەوەدا کەگوێی مرۆڤ وەک جەستەی مرۆڤ بەتایبەتی پێستی لەش بەڕوپۆشێک داپۆشراوەو توانایەکی خۆپارێزی هەیە، ئەو خانانەی پێست هەڵدەوەرن، لەکاتی خۆشتندا یان لێخشاندنی دەست بۆ دەست ئەو توێژانە هەڵدەوەرن، بەڵام وتی «لەگوێدا لەو قەناتە داخراوەدا کەتەنانەت پەنجەی مرۆڤیشی پێناگات تائەو توێژانە هەڵبوەرێت، هەر بۆیە گوێیەکان بەتایبەتمەندییەک دروستبوون جیاواز لەجەستە ئەو رووکەشە خانانە هێواش هێواش رادەماڵرێن لەناوەندەوە بۆ بەشی دەرەوە».

ئەو نمونەی ئەوەی هێنایەوە کە کەسێک گەر گوێی پاکنەکاتەوە بۆ ماوەی چەند هەفتەیەک ئەو توێژانەو ئەو پیسییەی پێوەیەتی خۆڕسک دێنە دەرەوە، هەر بۆیە وتی «پێویست بەوە ناکات هیچ کاریگەرێکی یاریدەدەری بۆ ئەنجامبدرێت، دیاردەی گوێ پاککردنەوە بەگوێپاکەرەوە یان بەهەر کەلوپەلێکیتر لەرووی تەندروستیەوە هەڵەن، ئەو کارە بەتەداخولکردنی ناو کاری ئەو قەناتەی گوێ دادەنرێت، گوێ خۆی خۆی پاکدەکاتەوە».

بەڕای د. شێرکۆ بەکارهێنانی ئەو لۆکەیە دەبێتە هۆی تەداخولکردن لەکاری گوێیەکانداو وتی «چونکە دواتر ئەو سیستمی پاککردنەوەیە تێکدەچێتو سستدەبێت».

> گوێ پاککردنەوە، بەتەداخولکردنی ناو کاری قەناتی گوێ دادەنرێت، بۆیە زیانی زۆرە



گوێپاککەرەوەکان مەترسین

www.arsivakurd.org

# «خەلەلێکی گەورە لەبونیادی فیکری ئۆپۆزیسیۆندا هەیە»

## نووسەرو ڕووناکبیر ڕێبین ڕەسوڵ بۆ دەستوور

سازدانی: وریا حەمە تاهیر

بەشی یەکەم

ڕێبین ڕەسوڵ ئیسماعیل نووسەرو ڕووناکبیر لەچاوپێکەوتنێکدا کەدەستوور لەگەڵیدا سازیداوە، دەڵێت ئۆپۆزیسیۆن لەقەیرانێکی قوڵدایەو نازانێت چۆن مامەڵە لەگەڵ بارودۆخەکەدا بکات. دەڵێت «تا ئێستاش ئۆپۆزیسیۆن لەکوردستان ئەوەندەی دروشمو تەپڵلێدانو ریکلامی ئیعلامییە، نیو ئەوەندە نەبووەتە پرۆژەو بەرنامەی کار».

ڕێبین ڕەسوڵ ڕەخنە لەئەدای پەرلەمانتارانی ئۆپۆزیسیۆن دەگرێت لەپەرلەمانی کوردستاندا، دەڵێت دۆشداماونو نازانن چۆن کاریگەریی لەسەر لیستی دەسەڵات دابنێن. بۆیە پێشنیازی ئەوە دەکات هەندێکیان دەستلەکاربکێشنەوە، مادام دەزانن لەئاست ئەو بەرپرسیارییەتیەدا نین کەپێیان سپێردراوە.

**دەستوور:** چۆن دەڕوانیتە ئەو دیاردەیەی کەئێستا پێی دەوترێت ئۆپۆزیسیۆنبوون، سەرنجەکانت چین لەسەر تێگەیشتنو مامەڵەی گۆڕان، کۆمەڵ یەکگرتوو وەک ئۆپۆزیسیۆن؟

**ڕێبین ڕەسوڵ:** دیارە ئۆپۆزیسیۆن بەشێکە لەسیستمی دیموکراتی، لەهەر شوێنێک ئۆپۆزیسیۆنی بەهێز هەبێت، لەو شوێنەدا حکومەتی بەهێزیش هەیە. لەو ڕوانگەیەوە لەگەڵ هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان لەساڵی ٢٠٠٩ دا دیاردەی ئۆپۆزیسیۆن وەکو شێوەیەکی نیمچە ڕاستەقینە سەریهەڵداوە، بەڵام دیارە ئەو دیاردەیەش وەکو زۆربەی زۆری دیاردە سیاسیو کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەی کوردی، بێ کەموکوڕی نییەو پێویستی بەفراوانکردنو تێگەیشتنی تازەو دۆزینەوەی میکانیزمی گونجاوە تا بتوانێت ڕۆڵی ڕاستەقینەی خۆی ببینێت. ئاسانە هەموومان بانگەشەی ئەوە بکەین کەئۆپۆزیسیۆنین، بەڵام ئاسان نییە هەموومان بتوانین ڕۆڵی ئۆپۆزیسیۆن ببینین. لەو ڕوانگەیەوە ئۆپۆزیسیۆن لەکوردستاندا هەمان شێوەی دەسەڵات لەنێو قەیرانێکی قوڵدایە، هەر وەکو دەسەڵاتیش نازانێت چۆن خۆی لەو قەیرانە دەربازبکات. تا ئێستاش ئۆپۆزیسیۆن لەکوردستاندا ئەوەندەی دروشمو تەپڵلێدانو ریکلامی ئیعلامییە، نیو ئەوەندە نەبووەتە پڕۆژەو بەرنامەی کار، نیو ئەوەندە نەبووەتە کۆڕو سیمیناری جەماوەری، نیو ئەوەندە نەبووەتە تێکۆشان بۆ گۆڕینی واقیعی سیاسیو ئابووریو کۆمەڵایەتی. بەپێچەوانەوە، ئەوە ئۆپۆزیسیۆنە پڕۆژەی وەهمی پێشکەشدەکات بەناوی دابینکردنی مووچە بۆ کابانی ماڵ، لەبری ئەوەی پڕۆژەیەکی گشتگیر پێشکەشبکەن بۆ سەرتاسەری کۆمەڵگە لەبارەی بیمەی بێکاری.

چۆن دەسەڵات لەڕاگەیاندنەوە ریکلام بۆ خۆی دەکات، ئاواش ئۆپۆزیسیۆن هەمان ڕێکلام، بەڵام بەپێچەوانە دووبارەدەکاتەوە، لێرەشدا قەیرانی ئۆپۆزیسیۆنی پەرلەمانیی دەردەکەوێت، کەناتوانێت لەگرێی خۆبەکەمزانین بەرانبەر بەدەسەڵات دەربازیبێت، چۆن دەسەڵات زۆر بەزەحمەت ئۆپۆزیسیۆن هەزمدەکات، بەهەمان زەحمەتیش ئۆپۆزیسیۆن دەسەڵات هەزمدەکات، ئەوەش مانای وایە خەلەلێکی گەورە لەبونیادی فیکری ئۆپۆزیسیۆندا هەیە.

**دەستوور:** هەندێک دەڵێن گوتاری هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکان زیاد لەپێویست تاکتیکییە، وەک ئەوەی ستراتیژی بێت؟ هێشتا ئەوان بەرنامەو پلانی ستراتیژییان بۆ هیچ نەخستوەتەڕوو؟ جگە لەهەندێک شەڕ لەمیدیاو لەپەرلەمان هیچی ئەوتۆ دیار نییە.

**ڕێبین ڕەسوڵ:** ئۆپۆزیسیۆن هیچ ستراتیژییەکی نییە تا تاکتیکی هەبێت، ئەوە ئەمری واقیعە کەئەوان کەوتوونەتە نێو کارو نازانن، دەبێت چۆن مامەڵە بکەنو چیبکەن. ئەگەر بەوردی لەنزیکەوە سەرنجی یەک ساڵی کاری پەرلەمان بدەین، هەندێک شتمان بۆ دەردەکەوێت. سەرەتا ئۆپۆزیسیۆن بەهێزێکی گەورە هاتە ناو پەرلەمان، بەڵام نەیتوانی لەلایەنی مەعنەوییەوە ئەو هێزە وەکو پێویست بەکاربێنێت، لەکاتێکدا لیستی کوردستانی هەستی بەلاوازی دەکردو پێگەی جارانی نەمابوو لەنێو پەرلەمانداو ئامادەبوو لەبەرانبەر کاری هاوبەشدا هەندێک تەنازولاتی باش پێشکەشبکات، بەپێچەوانەوە بەکارهێنانی ئەو هێزە لەلایەن ئۆپۆزیسیۆن زۆر مەغرورانە بوو، تاکار گەیشتە ئەوەی نەیتوانی هیچ شتێک بەدەستبێنێت. ئێستاش لیستی کوردستانی ڕۆژ بەڕۆژ زیاتر ئۆپۆزیسیۆن گۆشەگیر (ئیحتیوا) دەکاتو بەشەڕی لاوەکیو بچوک سەرقاڵیان دەکات، بەجۆرێک ئۆپۆزیسیۆن نازانێت، دەبێت شەڕ بەچی بکاتو بۆ چی بکات، ئەوەش زیرەکی سەرکردەکانی لیستی کوردستانی پیشاندەداتو ئاڵۆزیو ناڕۆشنی سەرکردەکانی ئۆپۆزیسیۆن دەردەخات. دوای ساڵێک ئێستا پێویستە لەسەرمان لەئۆپۆزیسیۆن بپرسین: ئەرێ زەحمەت نەبێت کوا دەسکەوتەکانتان؟ ئەوانیش پێمان دەڵێن ڕێگامان پێنادەن پڕۆژە پێشکەشبکەینو کاربکەین؟! تەماشای ئەو وەڵامە کۆمیدییە بکەن، وەکو ئەوەی هەموو ئۆپۆزیسیۆنەکانی دونیا ڕێگایان پێدرابێت پڕۆژەکانی خۆیان بکەنە ئەمری واقیع.

**دەستوور:** ئایا کاری ئۆپۆزیسیۆن تەنها لەهۆڵی پەرلەمانو ڕووپەڕی میدیادا کورت دەبێتەوە؟

**ڕێبین ڕەسوڵ:** بێگومان نەخێر، بەڵام لەڕەوشی ئێستای کوردستاندا ئەو دوولایەنە تەواو زاڵن بەسەر هەموو لایەنەکانیترو دیسان لەئێستاشدا جەختکردنە سەر ئەو دوولایەنە ڕەنگە زۆرباشتر بێت، چونکە هێشتا تەواو زەمینەی ئەمنیو سیاسی لەبار نییە، ئۆپۆزیسیۆن بتوانێت خۆپیشاندانی جەماوەری گەورەو ڕێکخراو بەڕێوەببات، ئەو خۆپیشاندانانەمان بیرنەچووەتەوە کەداوای ئاشکراکردنی بکوژانی ڕۆژنامەنووس سەردەشت عوسمانیان دەکرد، چۆن وەکو هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی تەماشادەکرا؟! بۆیە ئەگەر ئۆپۆزیسیۆن لەکاری پەرلەمانیدا شکستێکی گەورەی هێنابێت، بەڵام لەکاری میدیاییدا سەرکەوتنی زۆر گەورەی بەدەستهێناوە بەجۆرێک ئێستا دەسەڵاتی کوردی باشتر لەجاران لەهێزی میدیای ئازاد تێدەگات، پێموایە جارێکیتر ناوێرێت بەشێوەی ڕاستەوخۆ ڕووبەڕووی ئەو میدیایە ببێتەوە، ئەوەش هەنگاوێکی گەورەو سەرکەوتنێکی پڕ بایەخەو دەبێت بەگرنگ تەماشابکرێت، چونکە یەکەمجارە لەدوای ڕاپەڕینەوە میدیا بتوانێت دەسەڵات ناچاربکات، ملکەچبکات بۆ داخوازییەکانی، ئەوە دەرسێکی گەورە بوو، دڵنیام سەرکردەکان باش تێیگەیشتن، هیوادارم میدیاش باش تێیگەیشتبێت.

**دەستوور:** ڕایەک هەیە دەڵێت ئۆپۆزیسیۆن، نەیتوانی ببێتە ڕابەری ئەو جەماوەرەو داکۆکی لەکێشەکانی خەڵک بکات، نەیتوانی لەپێش جەماوەرەوە بێت بۆ بەگژداچوونەوەی نادادی، شەرمدەکەن یان دەترسن، لەوەی بڵێن بەڵێ ئێمە خەڵک هاندەدەین دژی حکومەت؟

**ڕێبین ڕەسوڵ:** با لێرەدا من ڕاشکاوانەتر قسەبکەم، ئەو ئۆپۆزیسیۆنەی ئێستا لەکوردستاندا هەیە، ئێمە ناومان ناوە ئۆپۆزیسیۆنو پاڵیان پێوەدەنێینو هانیاندەدەین ڕۆڵی ئۆپۆزیسیۆن ببینن، ئەگینا بەڕاستی ئەوانە ئۆپۆزیسیۆن نین. ئێستا پێت دەڵێم بۆ، ئیسلامییەکان ئۆپۆزیسیۆن نینو ناشبن بەئۆپۆزیسیۆن، ئەوان بەدوای هەندێک بەرژەوەندی تایبەتدا دەگەڕێن، هەر کاتێک ئەو بەرژەوەندییە تایبەتیو شەخسییانەیان بەرکەوت، واز لەئۆپۆزیسیۆن دێنن، ئەزموونی چەند ساڵی ڕابردووش شایەتی لەسەر ئەوە دەدەن. تەماشاکە کاتێک پار قسە لەسەر دەستوور دەکرا پێش هەڵبژاردنەکان، چۆن خۆیان لەگەڵ ئەو گوتارەدا گونجاندو وەکو داکۆکیکەری دیموکراتی خۆیان دەناساندو دەیانووت ئەو دەستوورە دەسەڵاتی زۆری داوەتە سەرۆکی هەرێمو قبووڵی ناکەن، بەڵام کاتێک لەدواساتدا سەفقەیەکی سیاسییان پێشکەشکرا، چۆن وتیان ئەوان ڕازیدەبن دەنگ بۆ ئەو دەستوورە بدەن! کەواتە ئەوە ئۆپۆزیسیۆنی ڕاستەقینە نییە، بەڵکو ئۆپۆزیسیۆنێکی ساختەیەو بەدوای بەرژەوەندی تایبەتدا دەگەڕێت، نەوەک بەرژەوەندی گشتی. سەبارەت بەبرادەرانی گۆڕانیش، دیارە بەشێک لەو برادەرانە پێشتر تاماوەیەکی نزیکیش بەشێکبوون لەدەسەڵاتو لەو نادادپەروەرییەی ئێستا باسی لێوە دەکەن، بەشێکی زۆریشیان سوودمەندبوون لەو ناعەدالەتییەی کەهەبوو، ئێستاش کەخۆیان وەکو ئۆپۆزیسیۆن دەناسێنن، ئاسان نییە متمانەیان پێبکەینو لەوە دڵنیانەبین وەکو ئیسلامییەکان سەفقەی ژێر بەژێری سیاسی نابەستن! ئەوەی خەڵکی هاندا پاڵپشتی لەئۆپۆزیسیۆن بکات، حەزی گۆڕانکاری بوو لەنێو دەسەڵاتدا، ئەوەش هاتەدی. ئەگینا کاری سەرەکی هەموو ئۆپۆزیسیۆنێک لەدونیادا هاندانی خەڵکە بەرانبەر بەناعەدالەتیو تاوانکاری، ئەوان کاتێک پارتی چاوی لێ سوورکردنەوەو وتی ئێوە خەڵک لەدژی ئێمە هاندەدەن، ترسانو پاشەکشەیان کردو نەیانتوانی بڵێن ئەوە کاری ئۆپۆزیسیۆنە، بۆیە ئێمە وەکو میدیاکارو نووسەران بەرگریمان لێدەکردنو دەمانووت ئەوە کاری ئۆپۆزیسیۆنە! ئێستاش ئۆپۆزیسیۆن ئەوەندەی خۆی لەپشت ڕۆژنامەنووسان شاردووەتەوە، ئەوەندە ناوێرێت بەئاشکرا خۆی پیشانی دەسەڵات بدات، بۆیە وا خەریکە خەڵک هێدی هێدی لەو ئۆپۆزیسیۆنە بەرژەوەندیخوازە بێ ئومید دەبن. لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک هەنگاوی جوانیان ناوە، دەبێت ئاماژەی پێبکەینو جێگەی ڕێزو شانازییە وەکو ڕەتکردنەوەی پارەی کڕینی ئۆتۆمۆبێل.

**دەستوور:** لایەنە ئۆپۆزیسیۆنەکان بەتایبەت گۆڕان، ئایا ستراتیژیان بۆ گۆڕینی سیستمەکە هەیە، یان هێواش هیواش دەبن بە بەشێک لەسیستمەکە؟

**ڕێبین ڕەسوڵ:** ڕەنگە ئەو پرسیارە ئاڕاستەی خۆیان بکرێت باشتر بێت. لەڕاستیدا من هیچ تاکتیکێک نابینم تا بێم قسە لەسەر ستراتیژییەت بکەم، هەموو ستراتیژییەتێک لەمیانەی چەند تاکتیکێکەوە بەجێ دەگەیەنرێت، هێشتا هیچی وام نەبینیوە. ئینجا مەسەلەی گۆڕینی سیستەمەکە نازانم لەخەیاڵی ئەو برادەرانەدایە، یا نا؟! چونکە بەشێکی زۆری ئەو برادەرانە خۆیان ئەو سیستەمەیان دامەزراندووەو تا دوێنێش بەشێکبوون لەو سیستەمەو بەرگریان لێدەکرد، کاتێک ئێمە قسەیەکمان دەکردو گلەییو ناڕەزاییەکمان هەبووایە بەدەستی دەرەکی دەیانناساندینو دەیانووت هەر ئەوەندە دەکرێتو ئێوە ڕۆمانسییانە بیردەکەنەوە. بۆیە ئەگەر کاری پەرلەمانی برادەرانی گۆڕان وا بڕواتو ببنە هەڵگری ئەو تێڕوانینە ڕۆمانسییەتەی کەخۆیان باسیان لێوە دەکرد، ئەوە لەدوای کۆتاییهاتنی ئەو خولەی پەرلەمان، ئاسان نییە بزانین کێ گۆڕان بوو و کێ کوردستانی، چونکە ئەو برادەرانە هەر تەواو پاڵیان لێداوەتەوەو ئیشەکەیان داوەتە دەست خواو هاوپەیمانی کوردستانی، لەکاتێکدا دەبێت ئەوان تێڕوانینیان هەبێت بۆ چاکترکردنی کاری خۆیانو ئەگەر دەزانن میکانیزمی کاریان هەڵەی تێدایە، دەبێت بیگۆڕن، یا چاکتری بکەن.



«ئیسلامییەکان ئۆپۆزیسیۆن نینو ناشبن بەئۆپۆزیسیۆن، ئەوان بەدوای هەندێک بەرژەوەندی تایبەتدا دەگەڕێن»

«ئێستاش ئۆپۆزیسیۆن ئەوەندەی خۆی لەپشت ڕۆژنامەنووسان شاردووەتەوە، ئەوەندە ناوێرێت بەئاشکرا خۆی پیشانی دەسەڵات بدات»

«ئۆپۆزیسیۆن لەکوردستاندا، هەمان شێوەی دەسەڵات لەنێو قەیرانێکی قوڵدایە»

# ٧/١٤ ڕۆژە شومەکەی کۆمۆنیستەکانی سلێمانی

## لەسەر داوای ئێران، یەکێتی پەلاماری حیزبی کۆمۆنیستی داو ٥ کادیری کوشتن




فەرمان خێڵانی لەسلێمانی

پاش ١٠ ساڵ لەپەلامارەکەی یەکێتی بۆ سەر حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی، ئەو حیزبە داوادەکات یەکێتی بەڕەسمی دان بەتاوانەکەدا بنێتو رایبگەیەنێت کەئازادی سیاسی وەک تاوان سەیرناکات.

**سەرەتای ڕووداوەکە**

لە ١١ی تەممووزی ساڵی ٢٠٠٠دا شارەوانی سلێمانی بەنووسراوێک حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستانیان ئاگاداركردەوە لەدوورخستنەوەی بارەگاکانیان بۆ دەرەوەی شار، وەک هەوڵێک بۆ نەهێشتنی دیاردەی چەکداری لەناو شاردا.

حیزبی کۆمۆنیستیش داواکەیان جێبەجێنەکرد، لە ١٣ی تەممووزدا خۆپیشاندانی ناڕەزایەتیان لەبەرامبەر ئەو بڕیارەدا بەڕێخست، لەخۆپیشانەکەدا تەقە بەسەر خۆپیشاندەراندا کرا بەمەبەستی بڵاوەپێکردنیان، دواتریش ئاو و کارەباو تەلەفۆنی بارەگاکانیان بڕینو هاتوچۆی بارەگاکانیان قەدەغەکرد.

عوسمانی حاجی مارف ناسراو بەئەمجەد غەفور سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان، دەڵێت هەموو حیزبەکان بارەگایان لەناو شارو لەناو گەڕەکەکاندا هەبوو، وتی "بەڵام ئەوان لەئێمەوە دەستیانپێکرد، ئێمەش ئامادە نەبووین بارەگاکەمان ببەینە دەرەوەی شار، لەبەرئەوەی هەموو حیزبە ئیسلامیو ناسیۆنالیستو چەپەکانی تریش بارەگایان هەبوو، چەکداریشیان لەئێمە زیاتر بوو، کەچی بەهیچ کام لەو حیزبانەیان ڕانەگەیاندبوو کەبارەگا ببەنە دەرەوەی شار".

هەروەها وتی "هەرکەسێک هەتا ئەندامیش نەبوایە سەردانی بارەگاکەی بکردینایە، یەکێتی دەستگیری دەکرد".

ئەو کات حیزبی کۆمۆنیست، بارەگای مەکتەبی سیاسیو بارەگای ڕێکخستنی سلێمانیان، لەگردی عەلی ناجی سلێمانی هەبوو، کەهەردووکیان لەنزیک ماڵی نەوشیروان مستەفای جێگری سکرتێری گشتی ئەو کاتەی یەکێتی بوو.

عوسمانی حاجی مارف دەڵێت دواتر لەگەڵ نەوشیروان مستەفادا کۆبوونەتەوە، وتی "لەم دانیشتنەدا ڕێککەوتین کەئێمە بەماوەیەک بارەگاکانمان بگوازینەوە بۆ گەڕەکێکیتر، نەک بیبەینە دەرەوەی شار، ئێمە لەم ڕێککەوتنەدا بووین لەگەڵ نەوشیرواندا، هەر لەو سەروبەندەدا ٥ هاوڕێی چالاکی ئێمەیان شەهیدکرد".

**قوربانییەکانی پەلامارەکە**

لەپەلامارەکەی یەکێتیدا بۆ سەر حیزبی کۆمۆنیست، پێنج ئەندامی ئەو حیزبە بەناوەکانی عەبدولباست موحسین، ئیبراهیم محەمەد، هاوڕێ لەتیف، محەمەد مستەفاو ئومێد نیکبین کوژرانو چەند کەسێکیان بریندارببوون، لەبەرامبەریشدا کەسێک لەهێزەکەی ئاسایش کوژراو دوو کەسیشیان بریندارببوو. هێزەکانی ئاسایش نزیکەی ٥٠ ئەندامو لایەنگری ئەو حیزبەیان دەستگیرکرد.

دوای پەلامارەکە وەفدێکی ئەو حیزبە بەسەرۆکایەتی ڕێبوار ئەحمەد سکرتێری ئەوکاتەی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستو چەند ئەندامێکی تری کۆمیتەی ناوەندی ئەو حیزبە، بۆ گفتوگۆکردن لەسەر چارەسەری کێشەکەو بەرگرتن لەفراوانبوونی پەلاماردانەکە، چوونە لای سەرکردایەتی یەکێتی، بەڵام یەکێتی وەفدەکەیان دەستبەسەرکرد، بڕیاری داخستنو قەدەغەکردنی حیزبەکەیان، کردە پێشمەرجی ئازادکردنیان.

بەوجۆرەش دەستیانگرت بەسەر بنکەو بارەگاکانو هەموو مومتەلەکاتی ناو بارەگاکانی حیزبی ناوبراودا، دواتر لە ٢٠٠٠/٧/٢١دا هێزەکانی ئاسایش پەلاماری بنکەی ڕێکخراوە جەماوەرییەکانی وەک ڕێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتانو سەنتەری پارێزگاری لەژنانو سەنتەری بەرگری لەمافەکانی منداڵانو ڕێکخراوی مامۆستایانیان داو دەرگای حیزبو ئەم ڕێکخراوانەیان داخست.

ئەم کردەوانەی یەکێتی ناڕەزایەتییەکی زۆری ڕێکخراوە جیهانیو ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤی لەناوەوەو دەرەوەی هەرێمدا لێکەوتەوە.

**ئاسایش تەرمی کوژراوەکان ناداتەوە بەخاوەنەکانیان**

دوای کوشتنی پێنج کادیرەکەی حیزبی کۆمۆنیست، ئاسایشی سلێمانی تەرمەکانیان نەدایەوە بەخێزانەکانیان، دوای "هەوڵدانێکی بێوچانو بەڵکو بەواسیتەی خودی سەرکەوتی کوبەوە، کەسەرۆکایەتی پرۆسەی دانانی کەمپینو کوشتنەکەی کردبوو، توانیمان بزانین کە لاشەکانیان لەکوێ نێژراوە".

ئاڵا لەتیف خوشکی یەکێک لەکوژراوەکان وتی "نەک ئەوەی بماندەنەوەو خۆمان بەخاکیان بسپێرین، نەک لەمەراسیمێکی حیزبیدا، بەڵکو تەنانەت ڕێگەمان پێنەدرا لەمەراسیمێکی خێزانیشدا بەخاکیان بسپێرین".

ئاڵا لەتیف وتی "کوشتنی ئەو پێنج کادیرە، لەڕووناکیداو بە بەرچاوی خەڵکەوە، بەبیرۆکەی جەلال تاڵەبانیو نەوشیروان مستەفا، هەر لەو مەیدانەی شەقامی سەهۆڵەکەدا ئەنجامدرا کەساڵی پارو ئێستاش شەڕی گۆڕانی تێدادەکەن، هەموو بەڵگەکان ئەو ڕاستییە پیشاندەدەن کەئامانجی سەرەکی ئەو کوشتارە بۆ یەکلاکردنەوەی حیساباتە سیاسییەکانی نێوان یەکێتی نیشتمانیو کۆماری ئیسلامی ئێران بوو، هەڵبەت پەنجەی تۆمەتی ئێمە وەک خێزانی یەکێک لەو پێنچ کەسە، تەنها بۆ نەوشیروان مستەفا نییە، چونکە دڵنیاین کەکوشتاری کۆمۆنیستەکان دوای داگیرساندنی گڵۆپی سەوزی تاڵەبانی هاتووە".

**کەسوکاری پێنج کوژراوەکەی حیزبی کۆمۆنیست، هیچ داوایەکی یاساییان لەدژی یەکێتی تۆمار نەکرد، لەبەر بڕوانەبوونیان بەدادگا**

ئاڵا لەتیف دەڵێت چوونە سەر گۆڕی ئەو پێنچ کەسە، وەک ئەو کاتەی ڕژێمی بەعس بوو، لەبەرئەوەی خێزانی ئەو پێنچ کەسە لەچوونیان بۆ سەر گۆڕی ڕۆڵەکانیان، چەندانجار لەلایەن هێزەکانی ئاسایشەوە پەلاماریاندراوە.

وتی "هێزە چەکدارەکانی ئاسایش بەجنێوو سوکایەتیو لێدانو شەقو زللە لەدایکو خوشکی ئەو کوژراوانەو دەستگیرکردنیان، بڵاوەی بەسەردانیکەرانی گۆڕستان کردووە، نەک هەر ئەوە، بەڵکو هێزەکانی ئاسایش لەگۆڕستان هەتا بەردەرگای ماڵەوە بەلێدانو جنێو دوای ئەو ژنە بەساڵاچووانەش دەکەوتن کەبەڕاکردن گۆڕستانیان بەجێدەهێشت".

هەروەها وتی "لەو فەزایەدا کەدادگاو پۆلیسو ئاسایش بەدەستی حیزبێکەوە بێت، کەخۆی تاوانەکەی ئەنجامداوە، چ بوارێک دەمێنێتەوە بۆ تۆمارکردنی داوای یاسایی لەدادگا؟"

ئاڵا ئاماژە بەوە دەدات کەخانەوادەی کوژراوەکان چاوەڕێی قەرەبوونین بەواتا مادیەکەی، بەڵکو چاوەڕێن دادگا بەڕێگە یاساییەکەی قەرەبوویانبکاتەوە، بەحوکمدانی ئەنجامدەرانی کوشتارەکە.

سەرکەوت حەسەن ناسراو بەسەرکەوتی کوبە، بەڕێوەبەری ئاسایشی ئەوکاتەی سلێمانی ئامادەنەبوو لێدوان لەو بارەیەوە بدات، وتی "ئامادەنیم هەرگیز لەسەر ڕابردوو لێدوانبدەم".

**لەسەر داوای ئێران پەلامارەکە ئەنجامدراوە**

پێشتریش ساڵی ١٩٩٦ یەکێتیو حیزبی کۆمۆنیست لەسەر پرسی سەربەخۆیی کوردستان ناکۆکبوون، یەکێتی دژایەتی پرۆژەیەکی ئەوانی دەکرد کە بۆ ئەنجامدانی ڕاپرسی بوو، لەمەڕ ئەوەی هەرێمی کوردستان بکرێتە دەوڵەتێکی سەربەخۆ، یەکێتی لەسەر ئەو پرۆژەیە لەدادگا سکاڵای لەسەر کۆمۆنیست تۆمارکرد، بەڵام داواکەی دۆڕاند.

> ڕۆژنامەی (کەیهان)ی زمانحاڵی کۆماری ئیسلامی ئێران لەژمارەی ڕۆژی ٢٠٠٠/٨/١دا، سوپاسنامەی بەرپرسانی باڵای ئێرانی بڵاوکردەوە کەبۆ جەلال تاڵەبانیان ناردووە، لەسەر جێبەجێکردنی بەڵێنەکانیو لێدانو کوشتنو دەستگیرکردنی کۆمۆنیستەکان لەسلێمانی

حیزبی کۆمۆنیست ئەوکات بەشدارو هەڵسوڕێنەرێکی چالاکانەی ناڕەزایەتییە جەماوەرییەکان بوو، جگە لەچەندین بارەگا ڕادیۆو ڕۆژنامەشیان هەبوو، ژمارەیەکی بەرچاو کادیری هەڵسوڕاویان هەبوو.

عوسمانی حاجی مارف دەڵێت "ئەمەش بارودۆخێکی نائارامی بۆ یەکێتیو ئەو سنوورە جوگرافیایەی کەیەکێتی تێدا بوو، دروستکردبوو، جگەلەوەش لەو کاتەدا یەکێتی پەیوەندییەکی زۆر بەهێزی هەبوو لەگەڵ ئێرانداو ئێران پاڵپشتی ماددی دەکردن، ئێمەش هەر لەو کاتەدا لەگەڵ کۆمۆنیستەکانی ئێراندا پەیوەندیمان زۆر بەهێز بوو".

عوسمانی حاجی مارف وتی "بۆیە لەبەرژەوەندی یەکێتیو ئێرانیشدا بوو کەئێمە لاواز بکەن، لەبەرئەوەی ئەو کاتە کۆمۆنیستەکانی ئێرانیش لەچالاکی گەورەدابوون، بۆیە یەکێتی نیشتمانی ڕێککەوتنێکی لەگەڵ ئێران مۆرکرد بۆ لێدانی ئێمەو بارەگاکانمان".

حیزبی کۆمۆنیست دەڵێت یەکێتی بەفەرمانی کۆماری ئیسلامی مەبەستی بووە، لێیان بدات، مەسەلەی بارەگاکانیش تەنها بیانویەک بووە، چونکە تا ئێستا بارەگای هەموو حیزبەکان لەناو ماڵاندایە.

عوسمانی حاجی مارف دەڵێت ڕۆژنامەی (کەیهان)ی زمانحاڵی کۆماری ئیسلامی ئێران لەژمارەی ڕۆژی ٢٠٠٠/٨/١دا، سوپاسنامەی بەرپرسانی باڵای ئێرانی بڵاوکردەوە کەبۆ جەلال تاڵەبانیان ناردووە، لەسەر جێبەجێکردنی بەڵێنەکانیو لێدانو کوشتنو دەستگیرکردنی کۆمۆنیستەکان لەسلێمانی، کەدواتریش لەڕۆژنامەی ڕێبازی ئازادیدا بەکوردی دەقی سوپاسنامەکە بڵاوکرایەوە.

**دەستپێشخەری یەکێتی بۆ ئاشتبوونەوە**

ساڵی پار لەپێش هەڵبژاردنەکانی ٧/٢٥ مەلابەختیار کارگێڕی مەکتەبی سیاسی یەکێتی، داوای لەحیزبی کۆمۆنیست کرد کەئاشتببنەوە. حیزبی کۆمۆنیستیش وەڵامیان دانەوەو دوای چەند کۆبوونەوەیەک، دەستپێشخەریەکە بەبێ ئاکام مایەوە.

عوسمانی حاجی مارف دەڵێت لەئەنجامی گفتوگۆکانەوە لەگەڵ مەکتەبی سیاسی یەکێتی، گەیشتینە جۆرە ڕێککەوتنێک، چەند خاڵێک پێکهاتبوو، یەکێتی دان بەو تاوانەدا بنێن، وەک تاوانو کارێکی نادروست کە لەبەرامبەر حیزبی کۆمۆنیستدا لە ٢٠٠٠/٧/١٤دا کردیان، بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نێوان حیزبەکان، پەنا بۆ چەک نەبرێت، بەڵکو بەگفتوگۆ چارەسەربکرێت، ئەو ئەندامانەی حیزبی کۆمۆنیست کەکوژراون، وەک شەهیدەکانی یەکێتی حیسابیان بۆ بکرێتو خانەوادەکانیان قەرەبووبکرێنەوە، قەرەبووی ئەو خەسارەتەی حیزبەکە بکەنەوە کە لەو کاتەدا لەبارەگاو کەلوپەلو شتومەکەکانیان دراوە.

عوسمان حاجی مارف وتی "دواتر لەڕێگەی مەکتەبی سیاسی یەکێتییەوە، پێمان ڕاگەیەندرا کەجەلال تاڵەبانیو سەرکردایەتی یەکێتی، بەهەموو داواکارییەکانمان ڕازینو ئامادەی جێبەجێکردنین، بەڵام لەبەر هەڵبژاردن ڕاینناگەیەنین بۆئەوەی نەبێت بەپڕوپاگەندەی هەڵبژاردنو دوای ٢ هەفتە لەهەڵبژاردن داواکانتان جێبەجێدەکەینو بەڕەسمیش ڕایدەگەیەنین، بەڵام نەک ٢ هەفتە، بەڵکو نزیکەی ساڵێکی پێچوو هەر وەڵامیان نەبوو".

> هێزە چەکدارەکانی ئاسایش بەجنێوو سوکایەتیو لێدانو شەقو زللە لەدایکو خوشکی ئەو کوژراوانەو دەستگیرکردنیان بڵاوەی بەسەردانیکەرانی گۆڕستان کردووە

دواتر لەپێش هەڵبژاردنی ٢٠١٠/٣/٧دا دیسانەوە مەکتەبی سیاسی یەکێتی، پەیوەندی بەحیزبی کۆمۆنیستەوە دەکەن، داوای کۆبوونەوەیان لێدەکەن، بەڵام ئەوان ڕەتیدەکەنەوە، بەو پاساوەی پێشتر کۆبوونەوەکراوەو هەموو شتەکان ڕێککەوتنی لەسەر کراوە.

عوسمانی حاجی مارف وتی "وەفدەکەی یەکێتی پێیانوتین، ئەی چی بکەین؟ وتمان با مەکتەبی سیاسیتان نووسراوێکمان بۆ بنێرێت، ئێمەش وەڵامتان دەدەینەوە، بەڵام تا ئێستا هیچ وەڵامێکیان نییە".

پەیامنێری دەستوور پەیوەندی بەهەریەک لەمەلا بەختیار لێپرسراوی دەستەی کارگێڕی مەکتەبی سیاسیو حاکم قادر کارگێڕی مەکتەبی سیاسی یەکێتییەوە کرد، مەلا بەختیار ئامادەنەبوو لێدوان بدات لەو بارەیەوە، حاکم قادریش بەبیانووی ئەوەی کە لەدەرەوەی وڵاتە، لێدوانی لەسەر ئەم ڕووداوە نەدا.

**مەرجەکانی حیزبی کۆمۆنیست دوای ١٠ ساڵ**

مەکتەبی سیاسی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان لەدوای تێپەڕبوونی ١٠ساڵ بەسەر ڕووداوەکەدا ٢٠١٠/٧/١٠ بەیاننامەیەکیان بڵاوکردووەتەوە، تێیدا هاتووە "ئەم کێشەیەش لەنێوان ئێمەو بەرەی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێشو ئازادیخوازان لەلایەکو سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانیدا، بەهەردوو باڵی تاڵەبانیو نەوشیروان مستەفاوە دەهێڵێنەوە".

لەبەیاننامەکەدا چارەسەری کێشە تەنها بە قەرەبووکردنەوەی زیانلێکەوتووانو وەرگرتنی ئیمتیازاتەوە نابەستنەوە، بەڵکو مەرجی چارەسەربوونی ئەو کێشەیە لەلایەن ئەوانەوە پەیوەستکراوە بەوەی کەیەکێتی ڕاشکاوانە ڕایبگەیەنن کەئازادی سیاسیو بەیانو ڕەخنە، بەڕەسمی دەناسنو لەسەر جیاوازی سیاسیو بیروباوەڕ دەست بۆپەلاماری چەکداری بۆ سەر هیچ لایەنێک نابەن.

هەروەها لەبەیاننامەکەدا هاتووە "دەبێ ئەوان ڕایبگەیەنن کەداخوازی جیابوونەوەی کوردستانو پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ، یەکسانی ژنو پیاو، جیاکردنەوەی دین لەدەوڵەت، مافەکانی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش، ئازادی بێ قەیدوشەرتی سیاسی، تاوان نین، ئەو کات ئەم کێشەیە لەلایەن ئێمەوە بەئەنجامی چارەسەربوون دەگات".

# لڤینییەکان گاڵتەجاڕیی بەقورئانەکەیان دەکەن؟!

ئاکۆ خەلیلزاد

برایانی لڤین کەئەگەر ئەندامو هەواداری حیزبێکی ئیسلامی نەبن، بێگومان کەخوداپەرستنو خۆیان بەموسڵمان دەزانن، رەنگە لەم پێناوەشدا کەم تا زۆر رۆژێک لەرۆژانو ئێستاشی لەگەڵدابێت، بەشداری جیهادیان کردبێت یان لانیکەم خەون بەئەمارەتی ئیسلامییەوە ببینن، کەچی لەپەرچەکردارێکی رەخنەیی رۆژنامەنووسی رەحمان غەریبدا دوور لەهەموو پێوەرێکی ئەخلاقی ئینسانیو یاسا دونیاو ئاینییەکان، کەوتنە سوکایەتیکردن بەمرۆڤێک کەتا دوێنێ هاوپیشەی خۆیان بوو، کەچی ئەمرۆش زۆر ناجوامێرانە لەنووسینێکی گۆڤارەکەیاندا کەوتنە لەکەدارکردنو ناوزڕاندنو جنێوپێدانی رەحمان غەریبی رۆژنامەنووس، کەتەمەنێکی لەجەربەزەییو سەرکێشی بەسەربردووە لەبەرامبەر نایەکسانیو گەندەڵیو ستەمکاری حیزبە کوردستانییەکاندا، کاری من پیاهەڵدان نییە بەرابردووی رەحمانی رۆژنامەنووسو شکاندنی برادەرانی گۆڤاری لڤین، من پێموایە کەهەم رەحمانو هەم رۆژنامە نووسەکانی لڤین، هاوشان لەگەڵ زۆر رۆژنامەنووسی ئازاو کارامە کاری زۆرباشیان کردووە لەکایەی رۆژنامەگەری کوردیدا، بۆ ئاشکراکردنی تاوانو دزیو گەندەڵییەکانی دەسەڵاتدارانی ئەم هەرێمە، ماندووبوونو قوربانیان داوە، بەڵام ئەوەی کەنەدەبوو برایانی گۆڤاری لڤین دژ بەهاوڕێ رەحمان بیاننووسیایە، نووسیان؟؟!! کەبەداخەوە تەواوی نووسینەکە خاڵیە لەئیتیکی رۆژنامەنووسیو ئەخلاقی ئینسانیو بگرە پێچەوانەی یەکێک لەئایەتەکانی قورئانەکەی محمدی موسڵمانانیشە کەبرایانی لڤین یەکێکن لەپەیڕەوانی ئەو ئاینە، چونکە لەسورەتی (التین) داو لەئایەتی ٤ دا هاتووە «لقد خلقنا الانسان فی احسن تقویم»، کەخودای ئیسلام هەموو مرۆڤێکی بەجوانترین شێوە دروستکردووە، دیارە بەم ئایەتەش رێگا بەهیچ مرۆڤێک نادرێت کەگاڵتە بەرووخساری دروستکراوەکانی خوداکەی محمد بکات، کەچی برایانی موسڵمانی گۆڤاری لڤین، جگە لەپەرەگرافێکی دیکە کەباس لەتایبەتمەندی خێزانی دەکات، بەم پەرەگرافەی کە دەڵێت «ئاخر ئەم پیاوە ئەگەر هەموو ژیانی گرێی دەروونی نەبێت، تاوانی ئێمە چییە خوا بەناشیرینی دروستیکردووە» هەم سەلماندیان کەپرۆفێشناڵ نین لەبواری رۆژنامەنووسیداو بەمەش لەئیتیکی رۆژنامەنووسیو میساقی شەرەف لایانداوەو هەمیش پێچەوانەی قورئانەکەی خۆیانو یاسا ئینسانییەکان لایانداوەو گاڵتەجاڕییان بەیەکێک بەئایەتەکانی خوداکەیان کردووە، بەڵام لەئەنجامدانی وەها تاوانێکدا ، کێ سزای رۆژنامەنووسانی گۆڤاری لڤین دەدات، ئایا مەلایانی فەتوادەر بۆ گیانی خەڵکانی ئازادیخواز، بەهەمان شێوە فەتوای لێدانی شەلاقو جەلدو بەردەبارانکردنی برایانی لڤین دەدات (کەمن خۆم دژی ئەو جۆرە فەتوایانەم) یان بەبڕێک پارە یان داخستنی گۆڤارەکە، فەتواکە کۆتایی پێدێت؟!!؟ یاخود بەدەستپێشخەریی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان، داواکاری گشتی دێتو بەدۆسییەکی عادیلانە، دادگای گۆڤاری لڤین دەکات، یان کامە دامەزراوە دێتو وانەی ئیتیکی رۆژنامەنووسیان لەخولێکی نوێی رۆژنامەنووسیدا وەک خۆی بۆ باسدەکات، بەڵام من دڵنیام کەهیچ لەم ئەگەرانەی سەرەوە ڕوونادات، تەنها بەهیوای ئەوەم کەغاندی ئاسا رەحمان غەریبی رۆژنامەنووس لەخۆی ببورێت لەبری تۆڵەسەندنەوەو نووسینی بابەتی بریندارکەر، تەواوی رۆژنامەنووسانی لڤینو حیزبو میدیای سێبەر بانگهێشتی سەنتەری میترۆوی IWPR بکات بۆ کردنەوەی خولێکی نوێی رۆژنامەنووسی بەناوی «ئیتیکی رۆژنامەوانی بۆ میدیای حیزبو سێبەر» تا لێرەوە کار بۆ پاککردنەوەی میدیای سەربەخۆو ئەهلی بکرێتو لەم شەڕەشدا رۆژنامەنووسانی حیزبو سێبەرەکەی سودمەنبن لەئەخلاقاتی رۆژنامەوانیو لێرەشەوە تەواوی گۆمەڵگا سودمەندبن لەهێزو توانای رۆژنامەنووسان لەپێناو نەهێشتنی ستەمو تاوانو نابەرابەریو چەوسانەوە بەدەستی پارتە مشەخۆرەکانی کوردستان.



Khalil_zada@yahoo.com

# کۆمەڵی ئیسلامی
# لەجیاتی لێبوردن، هانا بۆ تۆمەت دەبات!



شوان سدیق: هەولێر

پێمباشبوو چیتر لەسەر ئیسلامی سیاسی یان هەر رەوتو گروپو کۆمەڵەیەکی ئیسلامیانە، بەچاکو بەخراپ قسەنەکەم، چونکە پێموایە هەر باسکردنێکی ئەم هێزانە ئیدامەدانو بایەخدانە پێیان، بەڵام هەندێجار تۆمەت هۆنینەوەو بوختانهەڵبەستن، ناچارتدەکات هەڵوێست وەربگریت.

لەژمارە (٣٩) رۆژنامەی دەستووردا، بەڕێز عەبدولستار مەجید وتەبێژی مەکتەبی سیاسی کۆمەڵ، سەبارەت بەهەڵوێستی ئەو ژمارە زۆرەی نووسەرو رۆژنامەنووسانە کەداوایان لەئەمیری حیزبەکەی کردبوو، لەبەرانبەر ئەو سوکایەتیو بێڕێزیکردنە کەنواندبووی بەرانبەر بەسرودی ئەی رەقیب «پێویستە عەلی باپیر داوای لێبوردن بکات»، سەرەڕای ئەوەی بەڕێز ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی داوای لێبوردنی نەکرد، هاوکات لەهەمان ئەم رۆژنامە بەڕێزەدا، بێگوێدانە هیچ پێوەرێک کەحیساب بۆ ئەو نووسەرو رۆژنامەنووسانە بکرێت، لەوەڵامێکی ئیستفزازیو تۆمەت هۆنینەوەدا وتەبێژی کۆمەڵی ئیسلامی دەڵێت «بەتەئکید دەستێک هەیە بۆ جوڵاندنی ئەو مەسەلەیە، بەڵام بەگوێرەی ئەو ناوانەی کە لەکەمپینەکەدا ناویان هاتووە، ڕووندەبێتەوە کەکێ لەپشت ئەو جوڵاندنەوەیە».

ئەم هەڵوێستەی وتەبێژی کۆمەڵی ئیسلامی بێگومان هەڵوێستی هەموو حیزبەکەیەتی، ئێمە وەکو هەڵسوڕاوی ئەو کەمپینە، هەموو کەسێک لەوە دڵنیادەکەینەوە، تەنیا ئامانجێکمان ئەوەبووە، بۆچی لەئێستادا سروودی ئەی رەقیب دەکرێتە ئامانج لەپێناو کێشمەکێشو ململانێیەکی سیاسیانەدا!

ئەگەر وتەبێژی کۆمەڵی ئیسلامی ئەوەی نەزانیبێت ئەو رۆژنامەنووسو رۆشنبیرانە هیچ ئیشێکی تریان نەبووە، تەنیا ئەوان قسەیان لەسەر ئەمیری کۆمەڵی ئەوان بووە، ئەوا ئێستا بۆی ڕووندەکەینەوە، کەئێمە هیچ کات لەئاستی پرسەکانی دیکەدا، بەبێگوێدانە ئینتمای حیزبیو نەتەوەییو ئاینی لەپێناو ریگاچارەیەکی گونجاو بەرێگایەکەی مەدەنییانە هەڵوێستمان لەسەر زۆرشت هەبووە.

بۆ باشتر زانیاری بەڕێزتان ئێمە ئەو کۆمەڵە رۆژنامەنووسە بووین لەشاری هەولێر سەرەڕای ئەوەی لەلایەن زۆرێک لەهاوکارەکانمانەوە پشتگیری نەکراین، بەڵام ئێمە لەسەر هەڵوێستی خۆمان سوربووینو کەمپینێکی ناڕەزایمان دژ بەتیرۆرکردنی سەردەشت عوسمان رێکخستو لەدەزگا راگەیاندنەکانی ئێوەش بایەخی پێدرا.

دواتر بۆ هەڵوێستێکی ئینسانیانە بەبەڵگەشەوە دەیسەلمێنین لەماوەیەکی زۆرکورتدا رێژەیەکی زۆر لەرۆژنامەنووسو رۆشنبیرانو سیاسەتمەدارانیشمان لەسەر تۆپبارانکردنی ناوچە سنوورییەکان هەڵوێستیانمان رێکخستو بەتوندیش ئیدانەی ئەو کردەوانەی کۆماری ئیسلامی ئێرانمان کرد. رەنگە بۆ هەڵوێستی کوشتنی سەردەشت عوسمان برادەرانی پارتی ئەوانیش گومانیان کردبێت، کەئێمە دەستمان لەپشتەوە بێت!

گومانو تۆمەت دروستکردن بەداخەوە لەبەرامبەر بێ ئەزموونیو نەتوانینی دیالۆک، ئێستا بووە بەپیشەی هەمیشەی زۆرێک لەسیاسەتمەداری حیزبە کوردییەکان، بەتایبەتی لای زۆرێک لەلایەنە ئیسلامییەکانو پارتیو یەکێتی کۆمەڵیش لەریزیاندایە، چونکە لەکاتێکی وادا ئێستا وەستایانە لێیدەزانێت، چۆن لەنەتاش بۆخەڵکی دەتاشن، کەتۆمەت بۆ رۆژنامەنووسو رۆشنبیران دروستدەکەن، «دەستیان لەپشتە» پێمانوایە ئەمەش دەلالەت لەو بێ ئەزموونییە دەکات کەڕووبەڕووی ئەحزابی کوردی بووەتەوە، بۆیە کارەکتەرەکانیشی بەوشێوەیە قسەدەکەن.

ئێمە ئەگەر بمانەوێت قسە لەسەر کۆمەڵی ئیسلامی بکەین، ئەوە بەدڵنیاییەوە دەتوانین ئەوەی لەدەستمان بێت بێسڵەمینەوە درێغی نەکەین، چونکە کۆمەڵ یان هەر حیزبێکی سیاسی ئیسلامی کەهەڵقوڵاوی بیری فەرهەنگێکی دواکەوتووانەن، کەهەموو یاساو پرەنسیپەکانی ئەحزابو رەوتی ئیسلامی سیاسی نامۆیە بەنەریتو عەقائیدی کۆمەڵگای کوردیو ئەو نەریتە خورافییەی ئەوان بانگەشەی بۆ دەکەن، هەرگیز لەگەڵ بیرکردنەوەی تاکی کوردیدا ناگونجێت.

هەر لەوەڵامی ئەو بەیاننامەی نووسەرو رۆشنبیرانەدا کۆمەڵی ئیسلامی سەرەڕای ئەوەی بەزمانێکی ئیستفزازیانەی خۆیان ئاسا وەڵامدەدەنەوە، ئەوەشیان وتووە ئەو کۆمەڵە خەڵکە موزایەدەمان بەسەرەوە دەکەن، پێمانوایە ئێمە موزایەدەو لافی نەتەوەپەرستی یان ناسیۆنالیستی بەسەر هیچ ئەحزابێکی ئیسلامی سیاسی یان هەر لایەنێکی دی لێ نادەین، چونکە نەتەوەو وڵاتو نیشتمان موڵکی تاکە حیزبێک یان کەسانێک نییە!

ئەوە بۆ مەرامی تایبەتە ئەحزابە ناسیۆنالیستەکان، شەو تابەیانیو رۆژ تا کۆتای ساڵ سامانو موڵکی تاکی نەتەوە دەفرۆشنو یەکە بەیەکەی خەڵکەکەی دادە دۆشن، بەڵام کاتێکیش مەرامێکیان هەبێت، خۆیان بەنوێنەریو چاوساغی تاک بەتاکی وڵات دەزاننو بەوتارە حەزینەکانیاندا دروشمی نەتەوەپەرستی سەر تاپا گیانیان دەگرێتەوە.

بێگومان ئەو مەرامو ئامانجانە تەنیا ئەحزابی ناسیۆنالیستی کوردی نەگرتووەتەوە، بەڵکو ئیسلامییەکانیش بەهەمان دەردی ئەواندا چوونو بۆ مەرامو تموحەکانیان خەڵکی کوردستان هەمووی بەئیسلام دەزانن، ئەمەش بەپێچەوانەوەیە.

هەڵوێستی کۆمەڵی ئیسلامی بۆ ئێمە چاوەڕوانکراوبوو، چونکە ئەوان دەمێکە شەڕی خۆیان بەڕووی زۆرێک لەخەڵکی کوردستاندا نیشانداوە، ئەم هەوڵەی ئەوانیش لەبەر ئەوەیە کە شتێکیان نییە لەناو ریزی کۆمەڵگەی کوردیدا شانازی پێوە بکەن، چونکە وەکو وتمان ئیسلامییەکان هەڵگری شوناسو بیرکردنەوەیەکن، لەدیدگایەکی جیاوە لەمەسەکان دەڕوانن، بەهەموو شتێکی ئەم کۆمەڵگایە نامۆن، بۆیە کۆمەڵ لەبری داوای لێبوردن، هانای بۆ تۆمەت برد!

shwansdiq@yahoo.com

> **گومانو تۆمەت دروستکردن بەداخەوە لەبەرامبەر بێ ئەزموونیو نەتوانینی دیالۆک، ئێستا بووە بەپیشەی هەمیشەی زۆرێک لەسیاسەتمەداری حیزبە کوردییەکان**

www.arsivakurd.org

# کێ سیخوڕە؟!

دەستوور

هیچ شتێک بۆ سیخوڕ هێندەی ئەوە بەئازار نییە کەناسنامەکەی کەشفبێت، چونکە ئەو دەیەوێت لەژێر ناو و ناونیشانێکی دیکەدا، کارەکانی خۆی بکات، نەک ناو و ناونیشانی راستەقینەکەی خۆی.

دوای ئـــەوەی بـۆ یـەکـەمـجارو لـەژمـارەی رابردووی رۆژنامەی دەستووردا بەپشتبەستن بەچەند بەڵگەو دۆکۆمێنتێک هەندێک لەو چەواشەکارییەکانەی لڤینمان خستەڕوو، پـەردەمـان لەسەر رووخساریان هەڵماڵیو ناسنامە راستەقینەکەیانمان بـۆ هەموو لایـەک ئاشکراکرد، خۆشبەختانە راستی قسەکانی ئێمە لەلایەن فازڵ نەجیبی ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری گۆڤاری لڤین (کەپاش دەرچوونی چەندین ژمارە وازی لەو گۆڤارە هێنا) سەلمێنراو لەدووتوێی وتارێکدا کە لەرۆژنامەی رووداوی ژمـارە (١٢١) رۆژی دووشەممە ٢٠١٠/٧/١٢ بـڵاوکـردووەتـەوە، بەڕوونی فازیل ئەوەی دیاریکردووە «ئەوکات بـڕیـارمـانـدا کەگۆڤارێک بـەنـاوی (لڤین) دەربـکـەیـنو لـەگـەڵ یـەکـەم ژمـارەیـدا من دەستەی نووسەران بووم. ئەو کات گۆڤارەکە سەر بەسەنتەری گەشەپێدانی چالاکی لاوان بوو، کەبەڕێز مام جەلال لەسەرەتاوە بڕێک کۆمەکی کردبوو، بەڵام لەلایەن یەکگرتووی ئیسلامییەوە بەڕێوەدەبرا».

هەروەها دەڵێت «لەگەڵ ئەوەشدا هەریەک لەئەندامانی ستافی ئـەو گـۆڤـارە، جگە لەپاداشتی کارەکانیان، مانگانەیەکی ٢٠ دۆلاری هەبووە، کەراستەوخۆ لەمەڵبەندی یەکگرتووی ئیسلامی بۆمان دەهات»، فازیل ئەوەشی وتوە «شتێکی حاشا هەڵنەگرە، کەسوودمەندی یەکەم لەلڤین تـابـەروای دەرکەوتنی گۆڕان، هەر یەکگرتووی ئیسلامی بووە«.

ئێستا قەبارەی ئەو ئازارە هەستپێدەکەین، کە لای جەنابی سەرنووسەرو ستافی لڤین، بـەهـۆی ئاشکرابوونی ناسنامەکەیانەوە تووشیبوون.

## کێ سیخوڕە؟

ئەگەرچی ئەحمەد شەشۆیی لەزمانی خۆیەوەو لەڕێی چەندین کەسی ترەوە، ئەوەی بەئێمە وت کەئەو دوورو نزیک ئاگاداری ناوهێنانی ئێمە نییە، ئەوەی سەبارەت بەئێمە هاتووە، کارێکی بێبەرنامە بووە، بەڵام کاتێک ئێمە وەڵاماندایەوە، نەیتوانی وەڵامـی تاکە یەک دێڕی بداتەوە، تەنانەت نەیتوانی بچوکترین بەڵگە بخاتەڕوو، بۆ جارێکیتر کەوتەوە بەخشینەوەی تۆمەتو بوختانکردن بۆمان، ئەمجارە لای شەشۆییو ستافەکەی بووینە سیخوڕ. (ئـەوە بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کـەئـەو گـۆڤـارە تەنیا یـەک نـووسـراویـان بڵاوکردووەتەوە، بەبێ ئەوەی هیچ کەسێک پشتڕاستی زانیارییەکانی ناو نووسراوەکە بکاتەوەو هەروەها بەبێ ئـەوەی بۆچوونی ئێمەش لەسەر ئەو بابەتە وەربگرن کەئەوە بچوکترین مافی هەر کەسێکە کە لەرۆژنامە یان گۆڤارێکدا نووسینێک لەبارەیەوە بڵاوبکەیتەوە) کلۆڵی ئەم برادەرانە بەڕادەیەکە لەسەرەتای ئەم شەڕەی دەستیانپێکردووە، پەنایان بۆ چەند شتێک بردووە کەجگە لەخۆیان کەسی تری پێ لەخشتە نابرێت، بەڵام پێمانوایە بۆ روونکردنەوەی زیاتری ئەوەی کەکێ سیخوڕە کەمێک لەسەر ئەم بابەتە بوەستینو چەند نمونەیەک بهێنینەوە.

«کاری رۆژنامەوانیو سیخوڕی نێوانیان تەنها تاڵە مویەکە» ئەمە قسەی سەرنووسەرەکەی لڤینە، ئێمە دڵنیایین ئەم دوانە لای ئەم زاتە بەشێوەیەک تێکەڵبووە کەئەستەمە بتوانین لەیەکیان جیابکەینەوە، ئەو خودی خۆی ئەو گۆڤارەی ئیشی تێدا دەکات، بەرهەمی کارێکی سیخوڕییە، بۆیە چاوەڕوانکراوە شەشۆیی بەم شێوەیە هەستی خۆی دەربڕێت بەرامبەر پیشەی پیرۆزی رۆژنامەگەری.

بـەڵام رەنگە سەرنووسەری لڤین زاکیرەی لاوازبـێـتو بـیـریـنـەمـابـێـت، بـــەڵام ئێمە بیروەرییمان هێندە لاوازنییەو باش بیرمان ماوە کەسەرنووسەری لڤین کەمتر لەساڵێک پێش ئێستا رۆژنامەی هاوڵاتی ویستی هەواڵێک بڵاوبکاتەوە لەسەر ئـەوەی مامۆستا عەزیز (عەزیز سەرسپی) بەرپرسی ئەوکاتی دەزگای زانیاری لەفەرماندەی گشتی یەکێتیو جێگری فەرماندەی فەرماندەی گشتیی پێشمەرگەی یەکێتی، کەناوبراو پاش تەواوکردنی خوێندن لەبەشی زانستە رامیارییەکانی زانکۆی سلێمانی، بەڵام بڕوانامەی ئامادەیی نەبردووە بۆ کۆلێژەکەی، دوای ئـەوەی پەیامنێری هاوڵاتی پەیوەندی بەمامۆستا عەزیزەوە دەکـات بۆ ئـەوەی لێدوان بـدات، بەڵام هیچ قسەیەک ناکات، کەچی ئەحمەد میرە زیاتر لە ١٠ جار تەلەفۆن بۆ برادەرانی هاوڵاتی دەکاتو دەپاڕێتەوە تا ئەو هەواڵە لەسەر مامۆستا عەزیز بڵاونەکرێتەوە، هەتا دڵنیا نەبێت لەوەی هەواڵەکە بڵاوناکرێتەوە، هەر تەلەفون بۆ برادەرانی هاوڵاتی دەکات.

ئێمە دەپرسین پەیوەندی ئەحمەد میرە بەدەزگای زانیارییەوە چییە؟ بۆچی شەفاعەت بۆ بەرپرسەکانی دەکـات؟ بۆچی میرە بۆ بەرپرسی دەزگـایـەک دەپـاڕێـتـەوە کەئەو بەتیرۆریستو نایاسایيو ناشەرعیيو چيو چی دەزانـێـت؟ ئیتر ئـەوە باخوێنەر خۆی بڕیاربدات بۆچی سەرنووسەری گۆڤارێکی لەو جۆرە داوایەکی ئاوا ناشیرین لەرۆژنامەوانانی رۆژنامەیەکی ئەهلیی دەکات، کەچەندینجار گەندەڵیی لەوجۆرەیان بـڵاوکـردووەتـەوە؟! دەبێت بۆچی ئەحمەد میرە هێندە بەپەرۆش بێت، کەساختەکاریی بەرپرسانی دەزگـا ئەمنییەکان بشارێتەوە. هەروەها دەپرسین ئایا ئەمە گەندەڵی نییە؟ بۆیە بەگۆڤاری لڤین دەڵێین دەزگای زانیاری تا ئێوەی هەبێت، پێویستی بەئێمە نییە. ئایا ئێستا ئەحمەد میرە وەڵامی بۆ خوێنەرانی گۆڤارەکەی چی دەبێت؟

کاتێک لڤین لـەژمـارە ١٢٦ بەخەتێکی درشت دەنوسێت «هەردوو دەزگای زانیاریو پاراستن دوو دەزگای تیرۆریستین»، بەتەنها چەند رۆژێـک دوای ئەمە کاکی شەشۆیی لەچەند کەناڵێکەوە دەیەوێت بەرپرسێکی باڵای دەزگـای زانیاری ببینێت، بەبیانووی ئـەوەی پارتی دەیەوێت بیکوژێت.. دیارە ئەحمەد شەشۆیی کەرۆژ تائێوارە خەریکی جوێندانە بەدەسەڵات، لەژێریشەوە خەریکی کڕوزانەوەیە.

## لەسیخوڕی ناوخۆوە بۆ پەڕینەوە بۆکۆڵانەکانی سیخوڕی هەرێمایەتی

خوێنەری خۆشەویست کەمێک بەدیقەتەوە سەرنج لەم چەند بابەتە بدە، کەئێمە لەگۆڤاری لڤینەوە وەرمانگرتوون، ئەو کات بزانن چۆن ئەمانە دەستیان لەگەڵ دەزگا سیخوڕییەکانی وڵاتانی دەوروبەردا تێکەڵکردووە.

لڤین لەژمارە ١٠٣دا نووسیویەتی «کۆبوونەوە نهێنییەکەی نـێـوان تـاڵـەبـانـیو پـیـاوە شەبەحەکەی رۆژهەڵاتی نـاوەڕاسـت»، ئایا کـەس هەیە بـەم نهێنییە بزانێت، ئەگەر سیخوڕی یەکێک لەدەزگاکانی زانـیـاریو ئـیـتـلاعـاتو پـاراسـتـن نـەبـێـت. هـەروەهـا لەژمارە ٨٠دا نووسیویەتی «لڤین زانیاریی نـاو دانیشتنەکانی میتی تورکیو بارزانی بڵاودەکاتەوە«، کێ نهێنی ناو دانیشتنەکانی نێوان میتی تورکیو بارزانی دەزانێت، یان دەبێت سەر بەمیتی تورکی بێت، یان دەزگای پاراستن یان زانیاری. ئەگەر نا ئێوە شتێکمان پێ بڵێن. لەژمارە ٧١ی لڤیندا نووسراوە «٣٢٥٢ سیخوڕو جـەنـدرمـەو ١٣ بنکەی سەربازیی تورک لەکوردستاندا هەن»، ئایا ئەم زانیارییە، زانیاریی دەزگایەکی سیخوڕی نییە؟ تائێستا لەناو خاکی هەرێمی کوردستاندا ٣٢٣٥ ئەفسەرو سەربازو جەندەرمەی تورک بوونیان هەیە، کە ٥٨ دەبابەو ٢٧ مودەرەعەو ٣١ مەدفەعیو ٢٦ هـاوەن ١٧ ئاڕبیجیو ١٠ دۆشـکـەو ٤٠ سـەیـارەی سـەربـازیو ١٣ بیکەیسیو دوو نازووری شەوانەو سێ نازوری قاعیدەو ١٠ قەناسو یەک بۆمبی ئەتارو چوار مۆبایلی سورەییاو دوو جیهازی راکاڵو یەک رەسەدو دوو رافیعەو جیهازێکی پێشکەوتووی دەنگهەڵگر (انـصـات)یان لەبەردەستدایە.

بەپێی ئەوزانیارییانەی (لڤین) لەسەرچاوەیەکی رەسمی حکومەتی فیدراڵییەوە دەستیکەتووە، لەناو خاکی هەرێمی کوردستاندا ٢٥٦٤ سەربازو ٩١ ئەفسەرو ٢٤٠ هێزی لێدانو ٣٤٠ جەندرمەی تورک بوونیان هەیە، کەدابەشبوون بەسەر ١٣ قاعیدەی سەربازیدا لەناوچە سنوورییەکانی پارێزگای دهۆک، لەناو هەموو ئەم قاعیدە سەربازیانەشدا، جگە لەوەی بەشی ئیستیخبارات بوونی هەیە، سریەیەکی تایبەتی ئیستخباراتی تورکی لەقاعیدەی باتۆفا بوونی هەیە، کە لە٢٠ کەس پێکهاتووەو ئەفسەرێکی تورک سەرپەرشتی دەکات، بەناوی (فاروق بـەگ) کەپلەیەکی عـەقـیـدە لـەسـوپـاداو جێگرەکەشی موقەدەمێکە بەناوی (عومەر).

بەپێی ئەو زانیارییانەی لەبەردەستی (لڤین) دایە، گەورەترین قاعیدەی سەربازیی تورکی لـەڕووی ژمـارەی سـەربـازەوە لەناحیەی کانیماسیدایە کە دەکەوێتە قەزای زاخۆ، لەم بنکە سەربازییەدا ٥٨٠ سەربازو ٩١ ئەفسەرو ٢٤٠ جەندرمەو ٣٤٠ (قوە زاربە) هەیە، بەڵام گەورەترین قاعیدەی سەربازیی تورکی لەڕووی لۆجیستییەوە قاعیدەی بامەڕنییە، کەدەکەوێتە بەرامبەر ناحیەی بامەڕنی لەپارێزگای دهۆک، کە ٣٠ دەبابەو هەشت مـودەرەعـەو شەش هاوەنو شەش سەیارەی سەربازیی تێدایە، جگە لـەبـوونـی ئامێرێکی پێشکەوتووی (انـصـات) دەنگگرتن کەبۆ کاری سیخوڕی بەکاریدەهێنن، لەناو ئەم قاعیدە سەربازییەدا گـەورەتـریـن سریـەی ئیستیخباراتی سەر بەسوپا لەناو خاکی هەرێمی کوردستاندا بوونی هەیە، بـەدوای ئەمیشدا قاعیدەی سەربازی (کریبی) دێت کەدەکەوێتە قەزای زاخۆو قاعیدە سەربازییەکەی تورکیا تەنیا ٣٠ مەتر لەقوتابخانەی سەرەتایی گوندەکەوە دوورە. لەم بنکە سەربازییەدا ٤١٤ سەربازو شەش دەبابەو ١٥ ئاربیجیو دوو دۆشکەو شەش مودەرەعەو ١١ مەدفەعیو ١٤ سەیارەی سەربازیو ١٠ قەناسو ١٢ بیکەیسیو یەک بۆمبی ئەتارو یەک رەسەدو دوو نازوورو دوو مۆبایلی سورەییاو جیهازێکی راکاڵ هەیە.

بەدوای ئەمیشدا قاعیدەی سەربازیی ناحیەی باتۆفا دێت کەدەکەوێتە قەزای زاخۆو ٤٠٠ سەربازو شەش دەبابەو ٢١ مەدفەعیو یەک مـودەرەعـەو ١٤ سـەیـارەی سـەربـازیو سێ نازووری تێدایە.

هەروەها بەدوایدا قاعیدەی سەری سینکی دێت کە ٨٠ سەربازی تێدایەو مەدفەعییەکی (١٢٠ ملم)یان پێیە، پاشان قاعیدەی سەربازیی (سیریی) دێـت لـەقـەزای ئامێدی کە ٧٥ سەربازو شەش دەبابەو سێ دۆشکەو شەش هاوەنو چوار مودەرەعەیان تێدایە، هەروەها قاعیدەی سەربازی (کوبکی) کە ١٣٠ سەربازو دوو دەبابەی تێدایە.

هەروەها قاعیدەکانی (کمری، کوخی سپیو دەرەی داواتیا)ی کە هەریەکەیان ٧٠ سەربازی تێدایە.

هەروەها لەقاعیدەی سەربازیی (سەری زیری) ٦٠ سەربازو لە (گلی زاخـۆ) ٣٤ سەربازو لەقاعیدەی ئامێدیش ٤٥ سەرباز هەن، کەدوو ئاڕبیجیو چوار ساروخو یەک دۆشکەو دوو مودەرەعەیان پێیە».

دەکـرێـت لـەسـەرنـووسـەری لڤین بپرسین، ئایا ئەم زانیارییانەت لەکوێوە هێنا؟ ئایا خوێنەر بۆی نییە بپرسێت کەلڤین چۆن ئەم زانیارییانەی دەستکەوت؟ گۆڤارێک بزانێت کەدانیشتنی نێوان مەسعود بارزانیو میتی تورکی چی تێدا دەگوزەرێتو سوپای تورکیا لەکوردستان چەند فیشەکی پێیە، بەبێ ئەوەی توانای ئەوەی هەبێت زانیاری تەواو لەسەر گەڕەکێکی ئەم شارە بزانێت، بەڕاستی جێی گومانە.









# سیاسەت، هونەر وێراندەکات

# وتووێژی گاردیان لەگەڵ "یاشار کەمال"

و: سارا حسەین

"یاشار کەمال" پیرەپیاوێکی ٨٥ساڵە، کە لەگەڵ بێهێزی جەستەییدا راهاتووەو لەژوورە شپرزەکەدا دانیشتووە. نووسەرێک کە بەشێکی زۆر لەخەڵکی تورکیا لایان وابوو یەکەم کەس دەبێت کەخەلاتی نۆبڵ دێنێتەوە ماڵەوە. "عایشە بابان" چا دێنێ بۆ هاوسەرەکەی "یاشار کەمال" و دەڵێت: " تا ئێستا رۆژنامەنووسێکم نەدیوە، پرسیاری کەم بپرسێت. یاشار! بهێڵە با ئەم کورە قسەکانی بکات."

"یاشار کەمال" پیربووە، بەڵام هێشتا دەنگی تۆنێکی خۆشی تێدایەو کەقسەدەکات، قسەکانی پڕە لەقسەی نەستەقو بەسەرهاتە راستەکانو حیکایەتەکانو شیعرە فۆلکلۆرەکان. هەندێ جاریش دەستدەخاتە سەر گۆچانەکەشیو دەوەستێ. نووسین بەمیرات گەیشتووە بەیاشار کەمال. باوکی زەمیندارێکی گەورەی کورد بووە کەساڵی ١٩١٥ هەڵهاتووە بۆ ئاناتۆلیای رۆژهەلات. شاعیرانی ناوچەکەو شیعرە فۆلکلۆرەکان، یەکەم مامۆستاکانی یاشار کەمال بوونو ئەو سەردەم کەتەنها ١٤ ساڵی تەمەن بووە، یەکێک لەم مامۆستایانە داوای لێ دەکات ببێ بەقوتابی ئەو. کەمال لەم بارەوە دەگێڕێتەوە: "مامۆستاکە پێیوتم رۆژێ دەبم بە "کاراکا ئاغلان (شاعیرو سترانبێژی ناوداری سەدەی هەڤدەیەم) "یکی نوێ.

"یاشارکەمال" گوندەکەی باوکی جێدێڵێو روویکردە قوتابخانەو لەگەڵ سێروانتسو چێخۆفو سەرەنجام ستاندال ئاستان بوو. ستاندال ئەو نووسەرە بوو کەیاشار کەمال لەسەرەتای رۆماننووسینیدا زۆری خۆشدەویست، بەشێوەیەک کەسەبارەت بەستاندال دەڵێت "لەگوندەوە هاتبووم. لەهەموو شتێک دەگەیشتم، بەڵام دوای ستاندال لەگەڵ دونیایەکی نوێدا رووبەڕووبوومەوە." یاشار کەمال نووسینو ئاشنابوونی ئەو سەردەمی لەگەڵ ئەدەبی رۆژئاوا بە بەختێکی گەورەی ژیانی دەزانێ، بەڵام بەمەشەوە بەمێژووی بنەماڵەکەیو "چۆکۆرووا"ی سەردەمی منداڵی وەفادار دەمێنێتەوە. "یاشار کەمال" هەروەها بۆ نووسینی "حەمە دۆک" پڕفرۆشترین بەرهەمی کە بە "رۆبن هوود"ی ئاناتولی دەناسرێ، تا رادەیەک لەو چیرۆکانە کەڵکیوەرگرتووە کە لەزمان چەتەکانی دیکەیەوە بیستوویەتی. "سەلمان تەنها"ش بەپێی مەرگی باوکی کەمال منداڵێکی هەتیوە کەساڵی ١٩١٥ گەورەی کردووە، ئەو قەتڵەی کەخودی یاشار لەپێنج ساڵیدا شاهیدی بوو.

"ئاغایان اکچاساز" چیرۆکی قەرەجەکانی ساڵەکانی ١٨٦٠ی ناوچەی "چۆکۆرووا"یە، ئەم کتێبەش لەسەر بنەمای شیعرەکانی "دادائۆغلوو" شاعیری عاشقی سەدەی نۆزدەیەمی تورکیا کەنزیک بەزادگەکەی یاشار کەمال نێژراوە، نووسراوە. "یاشار کەمال" بەشێک لەشیعری "دادا ئۆغلۆو" دەخوێنێتەوەو بەدەستی راستی ئاستی شیعرەکە نیشاندەداو دەڵێت: "خودا نیشانەی خستەڕوو بۆ ئەوەی باوەڕمان پتەوتر بێت، بەڵام چارەنووس وەهایە، فەرمان فەرمانی سوڵتانە" کەمال لەدرێژەدا دەڵێت " گوناهێک لەمە گەورەتر دەبینن؟"

"یاشار کەمال" بەو قسانەی کەمانگی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٨ لەوتووێژ لەگەڵ رۆژنامەیەکی ئەڵمانیدا وتبووی، جارێکیتر سەرنجی خەڵکی تورکیای بۆ لای خۆی راکێشا، چونکە وتبووی ئیتر هیچ هیوایەکی نییە بەپەیوەستبوونی تورکیا بەیەکێتی ئەوروپا، وتبووی "یەکێتی ئەوروپاش وەک سەرجەم هێزە گەورەکانی جیهان دەلالی جەنگە." بەمەشەوە "کەمال" وەک رۆماننوسێک هەردەم لایەنگری شوناسی نەتەوەیی خۆی بووەو بەگومانەوە چاوی لەویستە رۆژئاواییەکانی تورکیا کردووە. دەڵێت "رۆشنبیرەکانی ئێمە لاسایی رۆژئاواییەکان دەکەنەوەو خۆیان ونکردووەو هیچ شتێک دەربارەی ئاناتۆلیا نازاننو بەسووکایەتییەوە چاوی لێ دەکەن. چاو لەنازم حیکمەت بکەن، ئەو شاعیری گەورەی تورکیایە، لەئاناتۆلیا پێگەیشتو ئەو شاکارە بێ وێنانەی نووسی."

"یاشار کەمال" لەساڵەکانی ١٩٥٠ دەستیکرد بەنووسینو لەسەرەتادا وتەکانی زۆرتر وەک جۆرێ پۆپۆلیسمی تئۆلستۆیی دەچوو و لەناو چەپەکانی تورکیادا زۆر پێشوازی لێ دەکرا. "کەمال" هەر لەمنداڵیەوە لەسیاسەت تێنەدەگەیشتو کەبوو بەحەڤدە ساڵان کتێبی "کۆمۆنیست چییە؟"ی گرتەدەستو بەوتەی خۆی "تەنانەت یەک وشە"ی لێ تێنەدەگەیشت. هەر لەو کاتەوە یاشار بوو بەسۆسیالیستێکی جیاوازو لەگەنجێتییدا دەستگیرکراو کۆرتەچیرۆکو نۆڤلێتەکانی لەلایەن پۆلیسەوە دەستی بەسەردا گیرا. ساڵی ١٩٤٠ بەتاوانی سازدانی یەکێتی "تراکتۆر لێخوڕەکان" دەستگیرکراو بەیاد دێنێتەوە: "تکام لەبەرپرسی پۆلیس دەکرد، دەستنووسەکانی بۆ بدۆزێتەوەو ئەو لەوەلامدا دەیووت لە "کادێرلی" بەکارمانهێناوە بۆ رۆشنکردنی چرا."

یاشار کەمال ماوەیەک لەکەسە گرنگەکانی چەپی توندڕەو بوو، ساڵەکانی ١٩٧٠ دوورەپەڕیزخرایەوە، بەڵام کێشەکان هەر لەگەڵیدا مایەوە، ساڵی ١٩٩٦ لەبەر رەخنەگرتن لەسەرکوتە وەحشیانەکانی تورکیا لەجەنگی باشووری رۆژهەلاتداو لایەنگری لەجیایی خوازەکان بە ٢٠ مانگ زیندان مەحکووم کرا. ژانوویەی رابردووش دوای ئەوەی ژمارەی کوژراوەکان لە ٤٠ هەزار کەس چووە سەر، راگەیاندنەکانی تورکیا هێرشییانکردە سەر یاشار کەمال لەبەر داکۆکیکردنی لەکوردەکان لەشەڕی کوردو تورکیادا، چونکە ئەو وتبووی دەوڵەتی تورکیا بەم هێرشکردنانەی تەنها کێشەکان زۆرتر دەکات. یاشار کەمال لەکۆنفرانسێکی رۆژنامەوانیدا لەئەنقەرە وتی "بەگەریلاکان دەڵێن تیرۆریستو دەمانەوێ بەم شێوەیە چارەسەری کێشەکان بکەین، لەحاڵێکدا ئێمە بووین بەولاتێک کەدژ بەنەتەوەکەی خۆی جەنگدەکات."



یاشار کەمال بەتوندی جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کەهیچکات گوشارە سیاسییەکان کاریگەری لەسەر کارەکەی نەبووەو دەڵێت "نووسەرێ ئەگەر بیەوێ تیکەیەک بگرێ بۆ قورگی نەبێت، کاری تەواوە." کەمال بەتوندی دژ بەو کەسانەیە ئەو بەنووسەرێکی چەپ دەزاننو دەڵێت "من هەردەم ستایشی ئیمێل زۆلا دەکەم، بەڵام رۆمانەکانیم پێ خۆش نییە. رەنگە راستییە کۆمەڵایەتییەکان هۆکارێکی گرنگ بن، بەڵام سیاسەت، هونەر دەخاتە مەترسییەوە. من لەسەر وەها بابەتگەلێک نانووسم. من بۆ وەرگرێکی تایبەت نانووسم. من تەنانەت بۆ خۆشم نانووسم. من تەنها دەنووسم."

کەباس دێتە سەر سەرقاڵییەکانی، زەردەخەنەیەک دێتە سەر لێویو دەڵێت "تو خوا چاو لەئێمە بکە، هەمووومان بووین بەمرۆڤگەلێکی نەزانو ئەحمەقو کەچاو لەچیرۆک دەکەم داهاتوویەک نابینم، چونکە لەراستییدا هیچ داهاتوویەک بوونی نییە." یاشار کەمال لەسەر کاناپەکە دەنووشتێتەوەو درێژەی پێ دەدات: "بەڵێ جۆرێ تووڕەبوونو یاخیبوون لەرۆمانەکانمدایە، بەڵام ئەمە بەمانای شۆڕشکردن نییە دژ بەمرۆڤایەتی. تا ئەو کاتەی مرۆڤ لەخاڵێکی تاریکەوە دەڕوات بۆ خاڵێکی تاریکیتر، هەر دەم ئەفسانە بۆ خۆی سازدەکات. جیاوازیم لەگەڵ خەڵکانی تردا ئەوەیە من ئەفسانەکانم دەنووسمەوە."

پاڵەوانی چیرۆکەکانی یاشار کەمال، بەردەوام خەریکی ململانێیەکی ئێگزێستانسیالیستین، هەر ئەو ململانێیەی "چۆکورووا" بەدرێژایی تەمەنی لەگەڵی رووبەڕوو بوو. هەشتا ساڵ لەوە پێش گوندی "مێمیت" لەناو بیشەزارو جەنگەڵدا بوو، بەڵام ئەمرۆکە بووە بەزەوییەکی رووت . ئیتر کۆچکردن نەماوەو بووە بە بەشێک لەمێژوو. کۆچەرە وەرزییەکان هێدی هێدی لەتەواوبووندانو حەکایەتە زارەکییەکانی خەڵکانی ئەو ناوچەیە تەنها لەزەینی پیرەپیاوو پیرەژناندایەو لەوێیەوە دەرو لەکتێبخانەی گشتی ئادانا دەبێ بەکتێب. (مەبەست ئەوەیە ئەو حیکایەتانە لەلایەن کەسانێکەوە دەنووسرێنو دەکرێن بەکتێب، تەنها بەرەی کۆن ئاگاداری ئەو حیکا یە تا نە یە و بەرەی تازە لێی دابڕاوە..)

یاشار کەمال لەو کەسانە نییە کەخەریکی تیۆری داڕشتن بێتو پێیباشە بەجێگای تیۆرییە ئەدەبییەکان دەربارەی رۆمانی "ئەفسانەی هەزاران کەڵ" قسەبکات. بۆ چەندین پشتو وەچە بنەماڵەی حەیدەر، ئاسنگەربوونو ناسراوبوون بەدروستکردنی شمشێری باش. حەیدەر بڕیاردەدا بەبێ لەبەرچاوگرتنی هەر چەشنە پلەو پایەو پارەیک بڕوات بۆ لای "رەمەزان ئۆغلوو" کوڕەزای پادشای ئاداناو باشترین دەستکردی خۆی پێشکەشبکات. حەیدەر دەرگای ماڵە هەژارانەکەی دەکاتەوەو دەڵێت "رۆژێکی خۆشە!" ناو و ناوازەی حەیدەر بڵاودەبێتەوە بەوەی کەشمشێر دروستکەرێکی باشەو تەنانەت "عێسمەت ئۆینلوو" سەرۆک کۆماری ساڵی ١٩٣٨ دێتە لایو شمشێری لێ دەکڕێ، بەڵام بەرامبەر بەشمشێرەکە هیچ پارەیەکی پێ نادات. حەیدەر تا نیوە شەو خەریکی کار دەبێو بەیانی دراوسێکان تەرمەکەی دەبیننەوە. بەر لەمەرگ، فۆڕمێکی خراپی دابوو بەشمشێرەکە. یاشار کەمال لەم بارەوە دەڵێت "چارەنووسی حەیدەر بەو لەتە ئاسنەوە بەنەو نەیدەتوانی زیاتر لەو کەسەی کەهەیە، ببێ."

چیرۆکەکانی یاشار کەمال پڕە لەکەسایەتی دۆنکیشۆتی (quixoticfigures)، بەڵام هێچ کامیان وەک نووسەرەکەیان وەک دۆنکیشۆت ناچن. کەمال ناسراوترین رۆماننووسی ناو وڵاتی تورکیایە، بەڵام وا دیارە زۆری بەسەردا تێپەڕیوەو ئیتر کەس چاوەڕوانی ئەوە نییە خەلاتی نۆبڵی پێ ببەخشرێت. تا ئێستا سی رۆمانی نووسییەو زۆر کەس بەشێکیان بەدووپاتە دەزاننو بەشێکیتر دەڵێن گەلالەو کە سا یە تییە کا نی "یاشار کەماڵ" سەر بەدونیای کۆنی ئەدەبەو لەم رووەوە ناتوانێ ململانێ بکات لەگەڵ فەنتازییا پۆست مۆدێرنەکانی ئۆرهان پامۆک. (postmodern fantasies of Orhan Pamuk)

"هێلمی یاووز" (Hilmi Yavuz) شاعیرو رەخنەگری ناسراوی تورک، دەربارەی یاشار کەمال دەڵێت "چیرۆکنووسێکی لێهاتووە، بەڵام کێشە لێرەدایە دونیای گێڕانەوەی ئەو زۆر دوورە لەراستییەکانی ژیانی مۆدێرنی تورکیا. ئیتر تورکیا وڵاتێکی بچووک نییەو ئەو فەرمانەی ئاتۆرکیش کە وەرزێرەکان ببن بەئەربابی ئێمە، ئیتر پێگەیەکی نییە." بەمەشەوە "یاشار کەمال" پاشەکشەناکاو قەڵە نوێکانی سەر مێزی نووسینەکەی باس لەرۆمانێکی تازەدەکەن، رۆمانێک دەربارەی گواستنەوەی تورکو یۆنانییەکان دوای ساڵی ١٩٢٢. "یاشار کەمال" دەربارەی ئەم کتێبە دەڵێت " مرۆڤەکان لەمەرگ دەترسن، بەڵام لەچاو نووقانێکدا، هەموومان دەمرین. ئەمە ئەو چیرۆکەیە دەبێ بینووسینەوە."

وتووێژەکە چوار کاتژمێری خایاندو ئێوارە داهات. "عایشە بابان" دەرگای ژووری میوان دەکاتەوەو دەڵێ: "بەو شتەی کەدەتویست گەیشتی؟ دەبێ نانی شەو ئامادە بکەین." زەینم پڕە لەحیکایەتە جیاوازەکان، بەرەو شەقامێکی خوارتر دادەگەڕێمو ئاگادارم کە لەژێر تایەکانی پاسێکی خێرادا پان نەبمەوە. کتوپڕ بەخۆ دێمەوە، لەناوەڕاستی ئەستەنبووڵدام نەک لەجیهانی پڕ لەتارماییو خەیاڵی رۆژهەلاتیدا.

# سەرهەڵدانی شانۆ، چۆنو بە چ شێوەیەك بووە؟

ن: جەمشید بەهرامی

لەسەر چۆنیەتی سەرهەڵدانی شانۆ، کۆمەڵێک روانگەی جیاوازو جۆراوجۆر هەیە، بەڵام گرنگترین روانگە، روانگەی مرۆڤناسییە. لەروانگەی مرۆڤناسییەوە سێ روانگە لەوانی دی بەهێزترە. یەکەم روانگەی مرۆڤناسی کە لەسەر چۆنیەتی سەرهەڵدانی شانۆ دەدوێت کە لە ١٨٧٥ەوە تاکو ١٩١٥ درێژەی هەبووە.

مرۆڤناسەکان بەسەرکردەیی سێرجیمز فرایزێر لەو بڕوایەدا بوون کە هەموو کلتوورەکان لەسەر خاڵێکی تەواوکەریی جەختدەکەن. لەئامانجدا کۆمەڵگەکانی ئەم سەردەمە، دەتوانن خەزێنەیەکی لەبار بن بۆ ئەوەی کەراستەوخۆ شانۆی هەزاران ساڵ پێش ئێستا بخەنە بەردەستمان.

لەسەرەتادا مرۆڤ بڕوای بەهێزگەلێک هەبوو کە لەرواڵەتدا سەرچاوگەی ژیانی پێوەندی بەئەوانەوە هەبوو. لەوێوە کەمرۆڤ وەڵامێکی روونی بۆ ئەو هێزانە نەبوو، ئەو هێزانەی بەکۆمەڵێک هێزی جادوویی و مێتافیزیکەوە دەشوبهاند، هەر بۆیە تەرکیزی دەکردە سەر ئەو کەرەسانەی کە بەهۆی ئەوانەوە بتوانێت ئەو هێزانە بەلای خوێدا رابکێشێت. مرۆڤ ئیدی وردە وردە لەنێوان ئەو شێوانەی کەدابینیکردبوو و لەنێوان کۆتایی و ئەنجامدا بە چ شتێکی نەگۆڕ دەگەیشت، هێدی هێدی ئەم شێوانە دوا بەدوای یەک دووپاتبوونەوەو دواتر بوون بەجۆرێکی تایبەتو نەگۆڕ تا لەدواییدا بوون بەنەریتو ئایینێکی تایبەت. هەموو ئەندامی خێڵ یان بنەماڵە، ئەکتەرەکانی نەریتو ئایینەکان بوونو بەردەنگەکانیش هێزە مێتافیزیکەکان بوون.

دووهەمین روانگە لەسەر سەرهەڵدانی شانۆ، دوای پێشکەوتنی فەرمی مرۆڤناسی لەساڵەکانی ١٩١٥ەوە دەستپێدەکات، روانگەیەک بەسەرکردایەتی «برانیسلاو مالینۆفسکی» دەسکەوتەکانی فرایزێر رەتدەکاتەوە. مالینۆفسکی لەسەرەتاوە بەم شێوەیە دەپرسێت: رادەی کارتێکردنو چۆنیەتی رۆژانەی کۆمەڵگایەکی تایبەت چۆنە؟ ئەم روانگە دەڵێت: ناوەندە کلتوورییە جۆراوجۆرەکان لەرێگەی پرۆسەگەلی جۆراوجۆرەوە پەرەدەستێنن، هەر بەم شێوەیە سەرهەڵدانی شانۆ لەکۆمەڵگا جۆراوجۆرەکاندا جیاوازە.

ئەم روانگەیە دواتر بەنێوی کرداری لایەنەوە ناسرا. دوای شەڕی دووهەمی جیهانی، سێهەمین روانگە لەلایەن مرۆڤناسەکانەوە بنیاتنرا کە دواتر بەپێکهاتەگەرایی ناسران، بەسەرکردەیی کلۆد لێوشتراوس. شتراوس بەهۆی کردارەوە داروینیسمی کلتووری رەتدەکاتەوەو لەو بڕوایەدایە هەر کۆمەڵگایەک هێڵی کلتووری تایبەت بەخۆی هەیە، شتراوس وەک فرایزێر بڕوای بەدیاردەیەکی جیهانی هەیە، بەڵام بەکۆمەڵێک جیاوازییەوە.

ئەوەی کەشتراوس زۆر بایەخی پێدەدات، ئەوەیە کەبزانێت مێشک چۆن هەڵسوکەوت دەکات. دواتر بۆ وەڵامەکەی لەهەڵسەنگاندنی ئۆستوورەدا دەگەڕێت. شتراوس، ئۆستوورە لەوێنەی بەڵگەدا دەناسێت. بەگشتی پێکهاتەخوازەکان دەڵێن نەریتو ئایین یەکێکن لەبنەڕەتەکانی شانۆ، بەڵام تاکە بنەڕەت نین.

بەپێی ئەم روانگانە چ بمانەوێتو نەمانەوێت، نەریتو ئایین یەکێکین لەبنەڕەتەکانی شانۆ، واتە شانۆ لەرەهەندێکەوە لەئایینو نەریت دەچۆڕێتەوە.

هەر لەسەرەتای سەرهەڵدانی شانۆ، بەردەنگ مەبەستێکی سەرەکی شانۆ بووە. بینەر، واتە بەردەنگ بەهۆی بەشداربوون لەنەریتو ئایینداا تووشی کاتارسیس بووە، واتە لایەنی دەروونی بەردەنگ بەهۆی شانۆ پاکژبووەتەوە.

ئەرەستۆ دەڵێت: تراژێدی بریتیە لەهەڵسوکەوتێکی راستو دروستو تەواوکەر کەدرێژەیەکی دیاریکراوی بێت. دەبێت هەستی بەزەییو تۆقاندن بنوێنێت، تاکو بەردەنگ تووشی کاتارسیس ببێت، واتە بەردەنگ بەهۆی بینینەوە هەستە بزۆزەکانی پاکژدەکاتەوە.

ئەو رووداوانەی کە لەشانۆدا روودەدات، رێگەی ئەوە بە بەردەنگ دەدات، تاکو بەردەنگ کۆمەڵێک دەسکەوتی تازەی هەبێتو لەم رێگەوە هەڵسوکەوتی تێگەیشتنەکانی دەوڵەمەند بکات.



> **ناوەندە کلتوورییە جۆراوجۆرەکان لەرێگەی پرۆسەگەلی جۆراوجۆرەوە پەرەدەستێنن، هەر بەم شێوەیە سەرهەڵدانی شانۆ لەکۆمەڵگا جۆراوجۆرەکاندا جیاوازە.**

روانگەکانی فرۆید لەسەر بەرهەمی هونەری، پیشاندەری ناهۆشیاری دەروونی ئێمەیەو بەم پێیە هیوا سەرکوتکبووەکانی ئێمەیە. لەراستیدا بەردەنگی شانۆ خۆی لەگەڵ راستییەکانی پاڵەواندا دەبینێتەوە. بەم پێیە هونەرمەندی شانۆکارو بەردەنگ، لەرێگەی گەیشتن بەهیوا سەرکوتبووەکانیانو دەرمانێکی دەروونی دەگەن.

سایکۆدرام (دەروون دەرمانی بەهۆی شانۆوە) هەر جۆری بەربڵاوی ئەم روانگە شەفابەخشییەی شانۆیە. ئەگەر لەرەهەندێکی دیکەوە چاو لەشانۆو بەردەنگ بکەین، گۆڕینەوەی هێزە لەم نێوانەدا. گروپی شانۆیی لەبوونی بەردەنگ هێزوگوڕ دەگرێتو بەردەنگیش هەم لەبەردەنگەکانی دیکەو هەم لەشانۆ، هێزوگوڕ بەدەستدێنێت.

"دەیڤیدوازیلۆ" ئەکتەری بەناوبانگی ئەمریکی کە بەهۆی نواندنە پڕ جۆشو خرۆشەکانییەوە لەشانۆنامەکانی بکێتدا ناسراوە، پێوەندی نێوان ئەکتەرو بەردەنگ بەبڕوایەکی دوولایەنە دەزانێتو دەڵێت: " ئەگەر من وەک ئەکتەرێک لەکاتی نواندندا هەموو هەستو نەستم بخەمە گەڕو بەهێزەوە نواندن بکەم، ئەوە ئەو کاتە بەردەنگ دەتوانێت بەو شتەی کە لەسەر تەختی شانۆ روودەدات، بڕوا بکات.

بەڵام ئەگەر وانەبێت من ناتوانم ئامانجەکانی گروپە شانۆییەکەم بپێکمو بەردەنگیش چێژ لەشانۆکە وەرناگرێ."

سەبارەت بەگۆڕینەوەی هێزی نێوان شانۆکارو بەردەنگ، جیمز ئاریەل جۆنز دەڵێت: "نواندن فڕینێکی رەها لەنێوان شانۆو بەردەنگدایە. گۆڕینەوەی هێزە لەنێوان بەردەنگو شانۆداو هەروەها هەموو جۆرە پێوەندییەکی فیزیکی نێوان ئەوان لەژانرە جۆراوجۆرەکاندا لەلایەن دەرهێنەرە بەناوبانگەکانەوە لەوێنەی ئیستانیسلاڤسکی، برێشت، ئارتۆ، گرۆتۆفسکیو ئاگۆستۆ بواڵ... هێنراوەتە بەر باسو راڤەکردنو لەدەرەوەی بازنەی بەهێزەوە بە ئەزموون گەیشتووە".

جۆرەکانی پێوەندی نێوان شانۆو بەردەنگ دەتوانرێت بەم شێوەیە دابەشبکرێت. یەک: پێوەندی راستەوخۆ لەگەڵ بەردەنگ. دوو: پێوەندی ناڕاستەوخۆ لەگەڵ بەردەنگ. هەڵبژاردنی هەرکام لەمانە لەشانۆگەریدا بەئامانجی دەرهێنەرو جۆری کارتێکردنی جێی مەبەستی دەرهێنەرەوە بەستراوەتەوە.

جۆرەکانو تەکنیکەکانی نواندنی شانۆ لەگەڵ ئەم جۆرە کارتێکردنانەدا هەڵدەبژێردرێن بۆ وێنە: لەشانۆی ریالیستی واتە جێگەی باسی ئیستانیسلاڤسکی، بەبوونی دیواری چوارەمەوە، بوونی پێوەندییەکی راستەوخۆ لەگەڵ بەردەنگ مەبەستەو کارتێکردنی بەردەنگ کارتێکردنێکی هەستییە، کە لەرێگەی تێکەڵاوبوونی بەردەنگ لەگەڵ دونیای خولقێنراو لەسەر تەختی شانۆوە دەستدێت.

لەلایەکی دیکەوە برێشت بەهەڵبژاردنی پێوەندییەکی راستەوخۆ لەگەڵ بەردەنگدا لەسەر هزرو ئەندێشەی بەردەنگ کاردەکات. هەڵبەت بەیارمەتی تەکنیکی بێگانەکردنی بەردەنگ لەگەڵ شانۆدا بەمە دەگات. کۆمەڵێک هونەرمەندی وەک ئانتوان ئارتۆو گروتۆفێسکی ئامانجیان کارتێکردن لەسەرتەواوی بوونی بەردەنگ، واتە هاوکات لەسەر هزرو هەستو رۆحو دروستکردنی گۆڕانێکی دەروونی لەبەردەنگدایە.

ئامانجی رابێرت ویلسۆن کارتێکردن لەسەر ناهۆشیاری بەردەنگە. سەرەڕای هەموو ئەم کارتێکەردنانە هەر لەکۆنەوە لەوێنەی نەریتو ئایین تا بەرهەمە شانۆییە

> **مەیل یان تەمەننا شەهوانییەکان بەشێکن لەرۆح، کەبەردەوام بگۆڕێنو بەس بەشوێن سەرکوتی تەمەنناو چێژە هەوەسییەکانەوەن**

نوێیەکان بەردەوامبوونی بەردەنگ وەک زەرورەتێکی زەبەلاحی شانۆیی بووە. بەڵام بەکۆمەڵێک هۆکاری جیاواز ئەو پێوەندییانە پچڕاوە یان ئاستەنگیان لەنێوان بەردەنگو شانۆدا دروستکردووە. دەتوانین بڵێین لەلایەن کۆمەڵێک کەسەوە بەردەوام ئەو ئاستەنگییانە دروستکراوەو تەمەنی ئەم ئاستەنگیانە بارتەقای تەمەنی شانۆیە. ئەفلاتوون کۆمەڵگا بەسێ دەستەوە دابەشدەکات.

یەک: سەرۆکەکان کە لەسەرەوەی ئەوانەوەو هەموو کۆمەڵگا، دەسەڵاتو فەیلەسوفو هونەرمەند بەرچاوترن.

دوو: جەنگاوەران.

سێ: خەڵکی ئاسایی کەبریتین لەپیشەوەرانو جوتیارانو.... ئەم سێ گروپە بەسێ خاڵی پێکهێنانی رۆحەوە لەپێوەندیدان کەبریتین لە: یەک: هزر. دوو: تووڕەییو دەمارگرژی. سێ: مەیل.

بەم پێیە مەیل یان تەمەننا شەهوانییەکان بەشێکن لەرۆح، کەبەردەوام بگۆڕێنو بەس بەشوێن سەرکوتی تەمەنناو چێژە هەوەسییەکانەوەن، بەڵام ئەمە زۆربەی کات لەلایەن هزرو دۆستی هەتاهەتاییەوە واتە تووڕەییو دەمارگرژییەوە سەرکوت دەکرێت.

هەر بەم پێیە دەسەڵاتو شانۆکارو هەستە بزۆزەکانو حەزەکانی بەشی هەرەزۆری کۆمەڵگا سەرکوت دەکەنو یان دەیانبزوێنن. دەسەڵات بەدرێژایی مێژوو بۆ کۆنترۆڵی کۆمەڵگا هەستی بەردەنگ، واتە کۆمەڵگا سەرکوت دەکات، بەڵام لەو بەرییەوە شانۆکار هەستەکان دەبزوێنێت. شانۆ دژ بەدەسەڵات نییە، بەڵام بەچاوخشاندنێک بەرەوتی بەدەسەڵاتبوونی هەردەسەڵاتێک قەد ئامانجەکانی دەسەڵاتو شانۆکار یەکی نەگرتووەتەوە.

کۆمەڵگایەک دەتوانێت بانگەشەی پێشکەوتوییو شارستانییەت بکات کەدەسەڵات دان بەهونەرو شانۆش وەک یەکێک لەهونەرەکاندا بنێت. شانۆ وەک هونەرێک کە لەهونەرەکانی دی گشتگیرتر بووەو بەردەوام هەموو هونەرەکانی لەدەوری خۆ کۆکردووەتەوەو زۆرتر لەهونەرەکانی دی کارتێکردنی لەسەر بەردەنگو یەکە بەیەکەی تاکەکانی کۆمەڵدا بووە.

هەر لەسەرەتای سەرهەڵدانی شانۆوە دەسەڵات زووبەزوو هەستی بەتایبەتمەندیو کارتێکردنی جیاوازو زۆرتری شانۆ کرد، تەنانەت دواتریش لەسەردەمی مەسیحییەتدا، دەسەڵات هێندە ئەو کارتێکردنەی پێ تەحەمول ناکرێتو هەوڵی سڕینەوەی دەدات. بەردەوام تێکۆشینەکانی دەسەڵات بۆ سڕینەوەی شانۆیە، بەڵام ئەگەر ئەوەی بەئەنجام نەگەیاند، هەوڵدەدات شانۆ بخاتە ژێر رکێفی خۆیەوە.

بەدرێژایی مێژوو ئەو ژێررکێفخستنەی شانۆ لەلایەن دەسەڵاتەوە، بەدوو شێوە بووە: یان نێگەتیڤ بووە یان پۆزەتیڤ. لەو کاتەدا کەدەسەڵات ئامانجەکانی نزیکدەبنەوە لەئامانجەکانی شانۆکار، کارتێکردنی لەسەر کۆمەڵ پۆزەتیڤ دەبن. کاتێکیش کەشانۆ بەس جیرەخۆری سیاسەتەکانی دەسەڵات بووە، هیچ کارکردنی لەسەر کۆمەڵ نەبووە یان نێگەتیڤ بووە. زۆرجار شانۆ لەلایەن دەسەڵاتەوە بەوێنەی بڤە چاوی لێکراوە، لەم بڤەیەیدا دەسەڵات تێدەکۆشێ شانۆ بەرەو سەهوڵبەندانێک ببات تاکو بڕستی لێببڕێت.

ئیتر ئەو کات بەهۆی ئەوەی یەکێک لەتاکتیکەکانی بەدەسەڵاتبوونی دەسەڵات، سەرقاڵکردنی خەڵک، واتە بەردەنگ بەژیانی ئاساییەوەیە، ئیدی بەردەنگ نەک ناتوانێت بیر لەشانۆ بکاتەوە، تەنانەت ناتوانێ بیر لەسەر خواردنیش بکاتەوە. لێرەدایە کەشانۆ بەرەورووی قەیرانێک دەبێتەوە، ئەویش نەبوونی بەردەنگە.

لەبەرئەوەی بەردەنگ وەک نیازێک، واتە نەریتو ئایین چاو لەشانۆ ناکات، خاوێنی دەروونیش نییە، بەردەنگ لەو کاتەدا بیر لەپاکژبوونەوەی دەروونی ناکاتەوە. نەبوونی پاکژیی دەروونی وەک کەلێنێک لەئاناتۆمی بەردەنگدا خۆدەنوێنێ. بەردەنگی ناتەواو شانۆکاری ناتەواو دەخولقێنێت، بەم پێیە کۆمەڵگا لەرەوتی بەشارستانیبوونیدا ساواو ئەوق دەمێنێتەوە.

نە بەردەنگ هێزو گوڕ لەشانۆ وەردەگرێتو نە شانۆکاریش بەردەنگێک هەیە تا هێزی لێوەرگرێ. لێرەدایە کەکۆمەڵگایەکی بێهێزو تەوەزەل خۆدەنوێنێت. تەنانەت ئەو کۆمەڵگایە هێزی ئەوە شک نابات لەساوابوون دەربچێت. ئەو کۆمەڵگایە هەرچەند بانگەشەی دیرۆک بکات، چونکە هیچ هێزێک شک نابات، لەوانەیە هێدی هێدی نەریتو ئایینە شانۆییەکانیش لەبیرباتەوە.

> **کەدەسەڵات ئامانجەکانی نزیکدەبنەوە لەئامانجەکانی شانۆکار، کارتێکردنی لەسەر کۆمەڵ پۆزەتیڤ دەبن**

دەستوور
**خاوەنی ئیمتیاز:** کۆمپانیای سولی تێلیگراف
**سەرۆکی ئەنجومەن:** ئیدریس عومەر
info@destur.net - 0533187811
**جێگری سەرنووسەر:** وریا حەمەتاهیر
**سکرتێری نووسین:** شۆڕش خالید
**بەڕێوەبەری هونەریی:** لوقمان عومەر

## دەلاقە

بەیان عەزیزی

# پیـــاوەکـــان زووتـــــر دەکـــوژرێـــن

ڕۆژی یەکشەممە پاش ١٥ساڵ پەرلەمانی وڵاتی سربیا، شەرمەزاریی خۆی دەربڕی لەبەرامبەر کوشتاری هەزاران کەس لەموسوڵمانانی بۆسنە. گۆڕستانێک هەڵدرایەوە کەتەرمی زیاتر لە٨٠٠٠ کوڕو پیاوی بۆسنیایی تێدابوو. بنەماڵەکانو بەتایبەت ژنان لەوپەڕی خەمو گریاندا دەیانڕوانیە ئەو ئێسقانانەی تەنیا پاشماوەی جەستەی ئازیزەکانیان بووە. ساڵی١٩٩٥ لەبۆسنەو هەرزیگۆڤین (ئەوکات یەکپارچە بوو) شەوێک سەربازەکانی بۆسنیایی ڕژانە سێربێنیتساو گەمارۆیان داو پاشان لەپێش چاوی خەڵکدا زیاتر لەهەزاران نێرینەیان کوشت. دەوترێ بەهەموو شتێک لەگوللەوە بگرە هەتا چەقۆو ئاگرو لێدان ئەو پیاوانەیان کوشتووە. هێزەکانی وڵاتی هۆڵەندا لەو کاتەدا لەلایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بەرپرسی پاراستنی گیانو ئاسایشی ئەو ناوچەیە بوونو ئێستا ئەوانیش تاوانبارکراون بەکەمتەرخەمیو خیانەت بەئاسایشی خەڵک. دادگای چاودێری تاوانەکانی شەڕ لەساڵی٢٠٠٥دا ڕێبەری ئەوکاتەی سێربێستان واتە ڕادڤان کاراچیچو یەکێکیتر لەفەرماندەکانی بەتاوانی دژ بەمرۆڤایەتی بەتاوانبار زانیو ساڵی ٢٠٠٧ ئەم کارەساتە بەناوی جینۆساید ناسرا. دەوترێ لەدوای شەڕی دووەمی جیهانیەوە ئەمە گەورەترین تاوانو جینۆسایدە دژ بەمرۆڤایەتی.

**پێشینەی جینۆساید لەمێژوودا**

جینۆساید ناوێکی تازەیە بۆ تاوانێکی زۆر کۆن. مرۆڤ دەمێکە هەموو جۆرە کوشتنێکی لەسەر مرۆڤەکانیتر تاقیکردووەتەوە. ئەسکەندەری مەکدۆنی، نێرۆن، سورۆسی ڕۆمی، جەنگیزخانو تەیموورخانو گەلێک لەحاکمانی سیلسیە ئیسلامییەکان، هەموو جۆرەکانی کۆمەڵکوژیان کردووەو لەسەردەمی مۆدێرنیشدا هیتلەر بەملیۆن جوولەکەی کوشتو هێشتا کوشتاری ئەرمەنییەکان، کۆمەڵکوژی تاتارەکانی کریمە، ئەڵمانییەکانی ناوچەی ڤۆلگا، سورپێستەکانی ئامازۆنو تۆڵەسەندنەوە لەخەڵکی مای لای لەوڵاتی ڤێتنامو کیمیابارانی هەڵەبجەو گرنگتر لەوانە لەباری ژمارەوە، کارەساتی ئەنفال فەرامۆشنەکراوە. دیاردەی کۆمەڵکوژی وەک سێبەر لەگەڵ مرۆڤدا هاتووە، هەتا سەردەمی مۆدێرنو تەنیا شێوەکانو ئامێرەکانی گۆڕاوە. لەشمشێرو خەنجەرو ئاگرەوە بەرەو چەکی کیمیاییو ژوری گازی کوشندەو بۆمب. ئەو بابەتەی کۆمەڵکوژی ئێستا لەدونیا جیادەکاتەوە، ئەمەیە کە لەڕابردوودا ئەو ئامانجانە کوێربوون، واتە بەمەبەستی لەناوبردنی یەکجاری کۆمەڵێک خەڵک کە بەناوی دوژمن دەناسران دەکرا، بەڵام ئەمڕۆ ئامانجەکان کوێرنینو ڕێک دژ بەگروپێکی مرۆیی بەئایین، زمانو نەتەوەو فەرهەنگێکی تایبەتەوە دەکرێن. بیرەوەری ئەو کۆمەڵکوژیەش تا ماوەیەکی زۆر وەک ترسێکی گشتی بەسەر جەماوەردا دەمێنێتەوە.

یەکەمینجار مافپەروەرێکی پۆڵۆنیا بەناوی ڕافائێل لۆمکێن، چەمکی جینۆسایدی بەکارهێنا. ئەو ئەم وشەی بۆ ژمارەیەک لەتاوانەکانی سەردەمی شەڕی دووەمی جیهانی دانا، کەدژ بەکەرامەتو گیانی کۆمەڵێک خەڵک کرابوو. سەرەتا لەپێنجەمین کۆنفرانسی مافو دادی نێونەتەوەییدا دوو جۆرە تاوانی پۆلێنکرد: ئەوانەی دژ بەکەس یان کۆمەڵێک خەڵک دەکرێو گیانیان دەستێنێت بەناوی تاوانی دڵڕەقانەو ئەوانەش کەبۆ لەناوبردنی فەرهەنگو زمانێکو هاوکات گیانی خەڵک دەکرێ، بەتاوانی دڕندانە ناوبرا. پاشان کوشتاری گروپێکی خەڵکو زمانو فەرهەنگەکەیان لەلایەن لۆمکینەوە بەجینۆساید پێناسە کرا. چەمکی جینۆساید وەک تاوانێکی نێونەوەیی یەکەمجار لەکاتی داڕشتنی دادگای میلیتاریی نۆرێنبێرگدا نووسرا.

**جینۆساید لەمافی نێونەتەوەییدا**

ڕێککەوتننامەی ٩ی دیسەمبەری١٩٤٨ باس لەکۆمەڵکوژی دەکاتو بەوردی چەشنی تاوانەکانو سزاکانیان دیاریدەکرێت. بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی شێوەکانی کۆمەڵکوژی دەگۆڕدرێت، ئەم ڕێککەوتننامەش بەرەبەرە خاڵو مادەی نوێی پێ زیادکراوە. مادەی٢ بەم شێوە باسی جینۆساید دەکات:

لەم ڕێککەوتننامەدا کۆمەڵکوژی بەهەرکام لەم کردەوانە دەوترێ کە بەمەبەستی کوشتنی هەموان یان بەشێک لەگروپێکی نەتەوەیی، نەژادی یان ئایینی دەکرێت. ئەوانەش بریتیین لە١- کوشتنی ئەندامانی گروپێک
٢- ئاسیوگەیاندنی توند بەجەستە یان دەروونی ئەندامانی گروپێک
٣- خستنە شوێنێکی نالەبار لەباری ژیانەوە بۆ ئەوەی لەباری فیزیکییەوە هەموو یان بەشێک لەگروپەکە لەناوبچن. ٤- ئەو کردەوانەی بەر بەسکو زاو و منداڵبوونی گروپێک دەگرێت. ٥- بەزۆرەملێ گواستنەوەی منداڵەکانی گروپێک بۆ گروپێکیتر.

هەروەها بەپێی مادەکانی ئەم ڕێککەوتنامەیە بۆ سەلماندنی تاوانی کۆمەڵکوژی سێ مەرجی سەرەکی پێویستە:
١- ئەو کردەوانە دەبێ دژ بەگروپێک لەمرۆڤەکان کرابێت.
٢-کردەوەکان یەکێک لەو٥خاڵەی سەرەوە بێت کەئاماژەی پێدراوە.
٣-کردەوەکان دەبێ بەمەبەستو ئامانجێکی دیاریکراوەوە کرابێت، واتە کردەوەگەلێکی کوێر نەبن.

ئەگەر ئەم سێ مەرجە کۆببێتەوە، ئەوکات دەوترێ کەکۆمەڵکوژی یان جینۆسایید ڕوویداوە.

**لایەنگری لەگروپە تایبەتەکان**

ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لایەنگری تەواو دەکات لە ٤ گروپ لەمرۆڤەکان کە لەژێر هەڕەشەی جینۆسایددان. ئەوانەش بریتیین لەگروپی نەتەوەیی تایبەت، ئیتنیسیتەی تایبەت کەوڵاتی دیاریکراویان نییە، گروپێکی نەژادیو گروپێکی دینی. ئەمانە لەبەر ئەوەی تاوانی جینۆسایید دەیانگرێتەوە، بۆیە مافەکانیان بەرجەستە دەکرێتەوە، بەڵام هاوکات دوو گروپیش هەن کەلایەنگرییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەوانی نەگرتووەتەوە، یان زۆر بەکەمی ئاوڕیان لێداونەتەوە. ئەو دوو گروپە نەیارانی سیاسیینو گروپێک کەناوی بێ توانا یان نەخۆشەکانیان لێنراوە. لەدرێژایی مێژوودا زۆرجار بەناوی نەخۆشیەوە زۆرێک لەمرۆڤەکان کوژراونو ناوی خاوێنکردنی بەرەی لێنراوە.

پاش ئەم باسانە پرسیار ئەمەیە بۆچی کۆمەڵکوژی بۆسنە بەگەورەترین کارەسات دوای شەڕی جیهانی دەناسرێت، ئایا هێشتا کارەساتی ئەنفال نەناسراوەو جیهان ئاگای لەو جینۆسایدە نەبووە؟



# چەخماخە بوو بەدوو بەشەوە

دەشتی ئەنوەر

گروپی چەخماخە بوو بەدوو بەشەوەو ئێستا دوو گروپ لەژێر ناوی چەخماخەدا هەیە، گروپی چەخماخەی کۆنو نوێ، مستەفا ئەحمەد بەڕێوەبەری گروپی چەخماخەی کۆن، دەڵێت هەر گروپێک بەو ناوەوە هەبێت، ئەوە فەلنو وتی "ئێمە چەخماخە ئەسڵییەکەین".

بۆ یەکەمجار گروپی هونەری چەخماخە، لەساڵی ١٩٧٨ دروستبوو، کەمستەفا ئەحمەد تا ئێستا بەڕێوەبەریەتی، بەڵام ئێستا چەخماخەیەکی نوێ دروستبووە، کەعادل حەمە جەلیل بەڕێوەبەریەتی.

بەڕێوەبەری چەخماخەی نوێی هونەرمەندان عادل حەمە جەلیل بەدەستووری وت "ئەم گروپەی ئێمە تەنها بۆ ئەوە دامانناوە کەئەو کاتانەی هەمانە، بەخۆشی ببیبەینە سەرو بەڕێوەبەری تیپەکەش حەمەعەلی خانە".

ئەو بەڕێوەبەرە ئەوەشی ئاشکراکرد کەئەوان کۆمەڵێک یارییانکردووە لەماوەی ئەو دوو ساڵەدا کە بەشێکی لەگەڵ کچاندا دەیکەن".

حەمە عەلی خان بەڕێوەبەری تیپی وەرزشی چەخماخە بەدەستووری ڕاگەیاند کەگروپەکەی ئەوان لە ١٨ کەس پێکهاتووەو ئەندامەکانیان هەموومان وەرزشینو تەنها دەچنە شارەکانی کوردستان یاری لەگەڵ تیپەکانی ئەو شارانەدا دەکەن.

هەروەها دەڵێت "پێویستە تازەگەری دروستبکرێت، چونکە سەردەمی ڕابردوو ڕۆی".

حەمە عەلی خان دەڵێت بۆ پارەو مەنسەبو ئیمتیازات یاری ناکەن، "ئەگەر بۆ ئیمتیازات بێت، بەم ئاخری تەمەنەوە بۆ چیمانە".

مستەفا ئەحمەد بەڕێوەبەری گروپی چەخماخە، دەڵێت "هەر گروپێک یان تیپێک لەژێر ناوی چەخماخە ئیشبکاتو یاریبکات، ئەوا فەلنو ئەسڵی نین".

هەروەها ڕایگەیاند "ئەو کەسانەی کەلێمان جیابوونەوەو ئەو گروپەیان دروستکرد، لەبەر کاری گەندەڵی بوو و هیچی تر نا، چونکە پێش ئەوەی لەئێمە جیابوونەوە جاری وا هەبوو، دەچوون لەم حیزبو لەو پیاو پارەیان وەردەگرت، بەبێ ئاگاداری ئێمە".

مستەفا ئەحمەد ئەوەشی وت "ئەو گروپە تەنها بۆ یاریکردنەو هیچی تر نییە، کەسێکی تر نییە لەژێر ناوی چەخماخە ئیشبکات، تەنها ئێمە نەبین، چونکە ماوەیەکی زۆرە ئێمە ئەم تیپەمان دروستکردووەو ئێستاش هەر بەردەوامین لەبەڕێوەبەردنی، هەموو خەڵکی سلێمانیش من دەناسنو ئەوانیش دەناسن ".


